85
کانوونی یەکەم
2011

# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری



خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**سەباح ئیسماعیل**
ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:
**چنوور نامیق**
chnur.namq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد
هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد



دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری


شیعر بەدوای پرسیارە ناکۆتاکان دەڕوا و لە نهێنیی سیحری لەزەتبردن و چێژوەرگرتن نێزیک دەبێتەوە، جوانی شیعر لە هەڵوەشاندنەوەی مانا و فۆڕم و زماندایە.

شێرکۆ شەریف

---

زانینی زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ کاری وەرگێڕان، بەڵام مەرجیش نییە ئەوەی زمان بزانێت وەرگێڕێکی باش و لێهاتووی لێ دەربچێت، ئەگەر لەگەڵیا عەشقێکی گەورە نەبێت بۆ کاری وەرگێڕان.

بورهان ئەحمەد

---

نووسەری چاک پرۆژەیە و هەر وەکو پرۆژەیەکی بەردەوامیش بیر لە خۆی دەکاتەوە و بەردەوامیش داهێنانەکانی دەبنە دەروازەی پرۆژەکەی، بیرکردنەوەی پرۆژە ئامێزانەی تەشەنە دەکات، پەرە دەستێنێ و لە ڕێگەی نووسینەوە بۆ ناو خودی کۆمەڵگە دزە دەکات.

ئەدیب نادر

## پێڕست


زمانی کوردی و داوی نەزانرێسی .سەروتار. سەرنووسیار ........ 3

ساروت.. و "هەڵچوونەکان" و ڕۆمانی نوێ. لێکۆڵینەوە. لە عەرەبییەوە: لەتیف هەڵمەت ........ 6

نامۆبوون و دۆزینەوەی خود لە شیعری "ژیانێکی ڕامبۆییانە"دا. لێکۆڵینەوە. عەلی شێخ عومەر ........ 22

گەشتێک بەرەو بێهوودەیی. لێکۆڵینەوە. شێرکۆ شەریف ........ 30

مێژوو وەک کەرەستەی ڕۆمان. لێکۆڵینەوە. و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ........ 36

ژن و ڕاو و هەواڵگری لە ژیانی ئەرنست همنگوایدا. باس. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 41

لە وشەوە بۆ وێنەباس. ئارام سدیق ........ 50

جیاوازێک لەناو ئێمەدا. وتار. ئەدیب نادر ........ 57

دەستۆیفسکی ئەستێرەی شەوانی بەفر و کرێوە. وتار. غەمگین بۆڵی ........ 62

لویس تیرنۆدا.. ئەو شاعیرەی خودان هەزاران نامەیە. وتار. کامەران تاهیر ........ 65

لەگەڵ بورهان ئەحمەد. دیمانە. سازدانی: هیمداد شاهین ........ 67

دیمانەیەکی بڵاونەکراوەی عەبدوڕەحمان مونیف. دیمانە. و: عەوف عەبدوڕەحمان ........ 74

نا.. ماچم نەکرد. شیعر. زانا خەلیل ........ 80

ساندرێلا. شیعر. چنار نامیق ........ 83

من و تۆ وەک دوو جەمسەری جیاواز. شیعر. گۆران رەسووڵ ........ 86

پاسی زەمین. شیعر. ڕێبین ئەحمەد خدر ........ 88

شیعری هاوچەرخی "هەورامی" ی. شیعر. نامق هەورامی ........ 91

ئەندێشەی چەند بروسکە شیعرێک. شیعر. غازی رەشید زەنگنە ........ 96

گەشت. شیعری وەرگێڕاو. لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمەشەریف ........ 99

شەش کورتە چیرۆک. چیرۆک. چنوور سەعیدی ........ 106

ئەو گۆشەیەی کەس نایبینێ. چیرۆک. گوڵبەن شەریف ........ 113

کاتێ بۆ ئارانچا گەڕاینەوە. چیرۆکی وەرگێڕاو. و: ئازاد گەرمیانی ........ 118

هەموویان باسی تەنگژەی ئابووری دەکەن .چیرۆکی وەرگێڕاو. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 128

"وێنووسی ڕەش" یا دەردی جیاوازبوون. هەڵسەنگاندن. و: هیوا ئەمانی ........ 132

فاوێست. ڕانان. ئا: زێنەب یووسفی ........ 136

فەرمانێکی بچووک .کۆنەدەفتەر. کاوس قەفتان ........ 139

سەروتار

سەرنووسیار

# زمانی کوردی و داوی نەزانرێسی

هەمووان دەرکمان بەوە کردووە کارکردن لەسەر زمانی کوردی و نوێکردنەوەی و دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو بۆ سەرجەم شێوەزارەکان کارێکی تا بڵێی پێویست و هەنووکەییە. کاتی خۆی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا کاری شیاو و مایەی شانازیی لەم بوارەدا ئەنجام دا، گەلێک زاراوەی شیاویان داتاشی و زمانی کوردییان پێ دەوڵەمەند کرد و ئەو زاراوەیێلە وا بنجیان داکوتیوە دەڵێی هەر لە بنەڕەتدا لەناو زمانی کوردیدا هەر هەبوونە.

کەچی مخابن ئەمڕۆ دەزگایەکی چالاک لە بواری زمانی کوردی و خودان بڕیار بەدەستمان نییە، تاکو بەزەییەکی بەم زمانە ماڵوێرانەدا بێتەوە. سەرجەم هەوڵەکان تاکەکەسین و ئەوانەشی لەم بوارەدا کار دەکەن لە پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕن. لە کاتێکدا بەدەیان پسپۆڕ و شارەزامان لەم بوارەدا هەن و دەیان نامەی ماستەر و دوکتۆرا بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون.

لەم ماوەی ڕابردوودا کاک بەدران ئەحمەد حەبیب بەزنجیرە لە ژمارەکانی بلاڤۆکی "بزاو"دا وتارێکی بەناوی (ماڵی زمانە وێرانەکەمان – بەرەو یەکگرتنەوەی زمانی کوردی) بلاو کردەوە و دواتریش لە ژمارە ١٥ی کۆواری "واتە"دا بلاو بووەوە.

نووسەر لەو وتارەیدا گلە و گازندەی ئەوە دەکات ئەگەر حاڵ وا بڕوات، ئەوا سەدەی بیست و یەک بەخێرێ تەواو ناکەین و مەرگی زمانی شیرینی کوردیمان



دەبینین (باش بزانن، ئەو زمانە بەشێوەی ئێستەی بڕوا و ناوەندێکی نەبێ بۆ بڕیاری زاراوەسازی و چاکسازی، یانەخۆ گوێڕایەڵییەک نەبێ لە بنووسەیلەوە بۆ بیر و بۆچوونی کەسەیلی لە خۆیان شارەزاتر، ئیتر ئەم زمانە کوێر دەبێتەوە و سەتەی بیست و یەکەم تەواو ناکا).

ئەمە پێشبینیی چ کارەسات و ماڵوێرانییەکە بەڕێوەیە و لە بەرابەریدا بێ هەستین و کەس لەسەری نایەتە وەڵام، داخۆ وایە و مەرگی زمانێک دەبینین، کە پێی گۆش کراوین و یەکەمین وشە فێری بووین بەم زمانە دێرینە بووە، کەچی ئێستا بەچاوی خۆمان پووکانەوە و مەرگی دەبینین.

مادامەکی وایە ئەو هەموو زمانەوان و لەشکری پسپۆڕانە لە کوێن؟ ئەی ئەو هەموو خودان ماستەر و دوکتۆرایانە چییان بەسەر هات، کە بڕوانامەکانیان لەسەر زمانی کوردی بەدەست هێناوە؟

ئاخۆ لای ئێمە بڕوانامەکان تەنیا بۆ باوەشی دیوارەکانن؟ ئەگەر وا نییە ئەی بۆ ئەمانەی لە ئێمە شارەزاترن لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە نایەنە وەڵام؟ ئەمە چ هەستکردنێکە بەبەرپرسیاریەتی، لە کاتێکدا نووسەرێک دێت قسان هەمبەر دەیان وشە و زاراوەی کوردی دەکات و وشەیێلێک چەندان ساڵە پێیان گۆش کراوین و بەپێویستیان دەزانین، ئەوەتانێ هەڵدەوەشێنرێنەوە و بەچەوت و چەوێڵ و بەزیوان و کۆزەرەی زمانی کوردی دادەنرێن!

بۆ ڕاستی و دروستیی قسەکانمان باچەند نموونەیەکیان لێ بێنینەوە:

لەوەتی فڕن لە گەڕەکەکاندا داهاتووە و نان بازاڕی داکەوتووە، بۆ "مخبز"ی عەرەبی وشەی نانەواخانە بیستراوە، کەچی لەو وتارەدا دەری دەخات ڕاستییەکەی "نانخانە، یاخۆ نانپێژی"یە.

یا لەگەڵ داهاتنی "مسبح"دا زاراوەی "مەلەوانگە"ی بۆ داتاشرا، کە لە ڕاستیدا ئەوە شوێنی کەسەکەیە نەک شوێنی مەلەوانی. دایەنگەش بەهەمان دەرد چووە، بەپێی زاراوەکە بێت شوێنی خاتوونانە نەک شوێنی کارەکە. کەواتە بۆ حضانە "دایەنی" دروستە.

ئەمە و گەلێک زاراوەی تر، کە لێرەدا بواری ئەوە نییە یەک یەک بیانهێنینەوە.

دوای خوێندنەوەی ئەو وتارە بۆمان دەردەکەوێت دەستی نەزان تەواو زمانەکەمانی شێواندووە و بەردەوام کلیلی دەروازەی قەلای زمانەکەمان بەدەستی نەزانەوە بووە.

با پسپۆڕ و شارەزایانی زمان قۆڵی لێ هەڵماڵن و بەهانای زمانەکەمانەوە بێن و بیسەلمێنن کە بەتەنگ زمانی کوردییەوە هاتوون و دڵسۆزی دەنوێنن.

لەسەر کۆڕی زانیاریی کوردستانە ڕۆڵێکی چالاکانەتر و خەمخۆرانەتر بگێڕێ و ئاوڕ لە زمانی کوردی بداتەوە و خەمێکی بخوات و ببێتە ناوەندی بڕیار و بوێرانەتر و بەرپرسیارانەتر کار بکات، دەتوانێت لیژنەی کۆکردنەوەی وشە و دەستەواژە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا پێک بهێنێ و کاریان کۆکردنەوەی ئەو وشانە بێت، کە تەنانەت لە فەرهەنگەکانیشدا نابینرێنەوە و دنیایەک وشە و زاراوە ڕۆژانە لەژێر هەڕەشەی لەبیرچوونەوەدان.

زۆر پێویستە لیژنەیەکی فراوانی کارا و چەند قۆڵی بۆ گشت ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت بۆ کەرکووک دابنرێت، لەبەرئەوەی هیچ شوێنێکی کوردستان هێندەی دەڤەری کەرکووک شێوەزاری جیا جیای تێدا نییە، بەشێوەیەکە دەڵێی ئەو هەگبەیەی خوا، کە ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ باسی دەکات لای ئێمە کون بووبێت و هەرچی پەیڤ و زاراوە هەن ڕژابێتنە بن بەرد و ناو قڵشتی زەوی و بن دار و دەوەنەکانی کەرکووکەوە. ئەوەتا هەر گوندە و بەتەنیشتی یەکەوە بەشێوەیەکی جیا لەوی تر قسان دەکات.

ئیتر چاوەڕێی هیمەتی مەردانەی خەمخۆرانی زمانە بێکەسەکەمانین، ئەگینا کار وا بڕوا هیچ بەدووری مەزانن جارێ پێشەکی دیالێکتەکان داوای سەربەخۆیی بکەن و لێک جیا ببنەوە و زمانی سەربەخۆ پێک بهێنن.

لێکۆڵینەوە

فەتحی ئەلعوشری

# ساروت .. و "هەڵچوونەکان" و رۆمانی نوێ

لە عەرەبییەوە: لەتیف هەڵمەت

١ لە ٢

## ئاخۆ رۆمان لە تەنگژەدایە؟

### پێشەکی

لە ساڵی ١٨٩٠ وە رەخنەگران و نووسەران باسی تەنگژەی رۆمان دەکەن و لەو بارەیەوە جول هوریە لە ساڵی ١٨٩١ دا رێپۆرتاژێک و ڤیللی لە ساڵی ١٩١٠دا وەرزنامەیەک و لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا ئەندریە بیللی و تیبودیە شاڵاوە نووسینێکی هاوبەش لەبارەی تەنگژەی رۆمانەوە بڵاو دەکەنەوە.

هەروەها لە نێوانی ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٢٨دا رونیە بویلسوف گوتاری "رۆمان لە مەترسیدایە" و ئەدوار ئەستوینیە گوتاری ئاخۆ رۆمان لە تەنگژەدایە و ئەندریە تیریف گوتاری رۆمان لە تەنگژەدایە یان بڵاو کردەوە.

دوا بەدوای ئەوانە کۆمەڵێ کتێبی ئەکادیمیایی دەرکەوتن لەوانە: کتێبی: (تەنگژەی رۆمان)ی فەردیناند سترۆفسکی و (رۆمان دەمرێ)ی (بول جزیل) و (کۆتاییی رۆمان)ی (عەمانویل بیرل) و... هتد. کە هەموویان نوقڵانەی کۆتاییهاتنی رۆمانیان لێ دەدا.

لە جەرگەی ئەم هەراهەرا و توندوتیژییەدا شاتۆبریان رۆمانی رۆمانسی و هۆگو رۆمانی


ناتالی ساروت

مێژوویی و بەلزاک ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و فلۆبیر ڕۆمانی ڕیالیزمی و زۆلا ڕۆمانی سرووشگەری نووسی.

هەروەها لە ئاپوورەی ئەم چەلەحانێیەدا جید ڕۆمانی بە نارۆمان ناوزەدکراو و پاریس ڕۆمانی بە نائاینی تۆمەتبار کراو و برنارنو ڕۆمانی بە (نارەوشتی) بانگەشە بۆ کراوی نووسی و بریتۆن و ئەراگۆن و کۆکتۆ ڕۆمانی سوریالیزمی و مالرۆ ڕۆمانی سایکۆلۆجی و کافکا و سارتەر و کامۆ و... هتد ڕۆمانی بوونگەرییان نووسی.

دوای ئەوانیش ناتالی ساروت و ڕۆب گرییە و سەمۆئیل بیکیت و میشیل بیتۆر و ڕۆبیر بانجیە و کلۆد سیمۆن و کلۆد مۆریاک و مارگرێت دۆرا و فلیب سولیر ڕۆمانی نوێیان نووسی.

## هەموو شتێک دەگۆڕێ

لە سەرەتادا ڕۆمان برێتیبوو لە چیرۆکێک و هەندێ کەسایەتی و کۆمەڵێ ڕووداو. ئەنجا لەسەر

دەستی بروست و جویس و کافکا ڕۆمان گۆڕانکاری تێ کەوت و شێواز و ناوەڕۆکی جۆربەجۆری وەرگرت.. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیشدا سارتەر هات و بۆچوونی تایبەتی خۆی لەبارەی وێژەی پابەندەوە بەسەر نووسەردا سەپاند و بەمەش خواوەندێتی نووسەری تێکشکاند و ئەو دەسەڵاتەی لێ وەرگرتەوە بەئارەزووی تاکەکەسیی خۆی کەسایەتی ناو ڕۆمان دروست بکات و داوای ئەوەی لە نووسەر کرد کە پابەند بێ بە ئایدیایەکەوە و لە ڕوانگەی ئەو ئایدیایەوە پاڵەوانەکانی ڕۆمان بخاتە جەرگەی ململانێ و ناکۆکییەوە بەمەبەستی گۆڕاندنی جیهان و بەرەو باشتربردنی ژیان.

بەڵام لە ناوەندی سەدەی بیستەمدا نیمییە و بلۆندان و لۆرۆن ڕایان گەیاند کە وێژە بەپێچەوانەی بیروڕای سارتەرەوە پێوەندی بە مێژووەوە نییە و مێژوو دەگۆڕێ و وێژە خۆی لە خۆیدا مەبەستێکە و ئەگەر نووسەر بیەوێ پابەند بێ بە شتێکەوە با پابەندبێ بە خودی وێژە خۆیەوە و ئیتر نابێ نووسەر پابەستە و وابەستە و بەیدەستی هیچ ئایدیایەکی دیاریکراو بێ.

پێنج ساڵ دوای بانگەشەی دژی سارتەر گرووپێ لاوی نووسەر دەرکەوتن و ناوی قوتابخانەی نیگایان لە خۆیان نا و دواتر ناوەکە بوو بە ڕۆمانی نوێ.

ڕاستە شەپۆلی ڕۆمانی نوێ بە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکی هەڵچوونەکانی ناتالی ساروت لە ساڵی ١٩٣٨ دەستی پێ کرد بەڵام ساڵی ١٩٥٢ سەرەتای ڕاستەقینەی پەیدابوونیەتی لە مێژووی ئەدەبدا و لەم ساڵە ناوبراوەدا سەت هەزار دانە لە ڕۆمانە نوێکان لە بازارەکاندا فرۆشراون و سیازدە ڕۆمانیشیان وەرگێڕاونەتە سەر چەند زمانێکی تر و لە ساڵی ١٩٥٧دا ڕۆمانی گۆڕانی بیتۆر خەڵاتی گەورەی ڕۆنۆدۆی پێ درا.

بیتۆر جگە لە ڕۆمانی گۆڕان کە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتی دوو ڕۆمانی تری هەیە بەناوی بواری میلانۆ ١٩٥٤و ڕۆمانی خشتەی بەڵێنەکان ١٩٥٦.

بیتۆر ڕوون و ئاسانە و بەباشترین نووسەری ڕۆمانی نوێ ناو دەبرێ و خوێنەری زۆرە و لەبەرئەوەی پردی پێوەندییە لە نێوانی ڕۆمانی باو و ڕۆمانی شەپۆلی نوێدا و هەر لەبەر ئەمەشە یەکەمین ڕۆماننوسی ڕۆمانی نوێیە خەڵاتی وەرگرتووە.

بەڵام دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ وەکو چۆن مۆلێر و ڕاسین و بوالۆ و لاڤنتین هاوچەرخن و بەڵام شێوازی نووسینی جیاجیای خۆیانیان هەیە و هەریەکە و سەر بە قوتابخانە یاخۆ دێژەیەکی وێژەیین بەو جۆرە نووسەرانی ڕۆمانی نوێ هێڵێکی ڕاست نین و بگرە هەریەکەو میتۆد و بەروێنەی جیاوازی خۆی لە نووسیندا هەیە و بەڵام هەر هەموویان لە بنەواو شێوە و ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی بنەڕەتی و قووڵیان لەگەڵ ڕۆمانی کلاسیکی و باودا هەیە.

## چی لە ڕۆمانی نوێدایە؟

لە سەدەی دوازدەی زاینییەوە تاوەکو پەیدابوونی ڕۆمانی نوێ کات بڕبڕەی پشتی ڕۆمان بوو.. واتا لەو سەردەمەوە کە هەردوو شاعیری نۆرماندی (بیرول) و (تۆماس) ڕۆمانی (تریستان و ئایزو وڵت)یان بەشێوەی داستان نووسی و ناوبانگێکی گەورەی بۆیان مسۆگەر کرد. ئەم ڕۆمانە ژیاننامەیەکی میللی بوو سەرچڵێتی و خۆشەویستی لە بارودۆخێکی جادوو ئامێزدا بەرز دەنرخان و دوای ئەوەش لە سەدەی سیازدەمدا ڕۆمانی ڕێوی بڵاو بووەوە کە بەشیعر نووسرابوو پاڵەوانەکانی ئاژەڵ بوون و ڕیتشارد لیزۆن، ئەم ڕۆمانەی نووسیبوو.. دواتر لە سەدەی چواردەمدا ڕۆمانگەلێکی خەیاڵیی بەناوی ڕۆمانی گوڵ لە نووسینی هەردوو شاعیر (جیۆم دۆریس) و (جان کلوبینال) ئەفرێنرا و ئیتر لە سەدەی پازدەمدا هەتاوی ڕۆمان ون و نتکابوو دواتر لە کۆتاییی سەدەی شازدەمدا لە ئیسپانیاوە سەری هەڵدایەوە و سەرڤنتس ڕۆمانی شوانکارەیی نووسی و دواتریش کەوتە نووسینی ڕۆمانی دۆنکیشۆت خۆیشی و ڕۆمانەکەش ناوبانگێکی گەورەیان دەرکرد.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی چاخی زێڕینی فەرەنسادا خاتوو دوولافاییت ڕۆمانێکی کلاسیکیی بەناونیشانی ژنە میرزادە کلیف نووسی لەم ڕۆمانەدا ڕەچاوی (شوێن و کات و ڕووداو) کرابوو کە سێکوچکەی باوی شانۆکارین و ئەم ڕۆمانە یەکەم ڕۆمان بوو کە بەشێوەی پەخشان نووسرابوو نەک شیعر.

لە سەدەی هەژدەدا ڕۆمانی عەشق و سۆزکاری هاتە کایەو ماریفۆ لەو بوارەدا ڕۆمانی ژیانی ماریانەی نووسی و لایبە بریفۆش ڕۆمانی مانۆن لیسکوەی نووسی.

هەروەها لە سەدەی هەژدەدا ڕۆمانی فەلسەفی هاتە کایەو لەو بوارەدا ڤۆلتیر ڕۆمانی ڕاستگۆی نووسی کە مۆرکێکی ڕۆهەڵاتیی هەبوو کاندیدیش کە خەسڵەتێکی مرۆڤایەتی هەبوو.. هەر لە سەدەی هەژدەدا دیدرۆ کچە ڕاهیبەکەی نووسی و جان جاک ڕۆسۆ (ئیلویزی نوێ) و بەناردان دۆسان بییریش ڕۆمانی بۆل و فرجینی هەموو ئەم ڕۆمانانە بە شێوازی نامەی ئاڵوگۆڕکراو نووسرابوون.

لە سەدەی نۆزدەدا جۆرج ساند و شاتۆبریان و ڤیکتۆر هۆگۆ و تۆلستۆی لە بواری ڕۆماندا هەڵکەوتن و هۆگۆ و تۆلستۆی لە نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا شوێنکەوتووی (والتەرسکۆت)ی ڕۆماننووسی ئینگلیزی بوون..

لە چەند ماوەیەکی لێکەوە نێزیکدا هەر چوار ڕۆماننووسی بەناوبانگ (ستاندال و بەلزاک و فلۆبێر و زۆلا) هەڵکەوتن و ستاندال بایەخی بە (ڕۆمانی شیکاریی)دا و لەو بوارەدا ڕۆمانی سوور و ڕەشی ئەفراند و بەلزاک بایەخی بە ڕۆمانی (کۆمەڵایەتی) دا و باوکە جۆریۆی نووسی و فلۆبێر گرینگی بە ڕۆمانی (ڕیالزمی) دا و مەدام بۆڤاری نووسی و زۆلا لای لە ڕۆمانی (سروشتگەری)

کردەوە و زەوی نووسی.

شایانی باسە ئەم چوار ڕۆماننووسە بە ترۆپکی ڕۆماننووسانی ڕۆمانی باو و ئاسایی ناو دەبرێن و یەکەمیان لە دەرە باجەی باری دەروونی پاڵەوانەکانەوە بایەخی بە وێناکردنی کۆمەڵگە داوە و دووەمیان لە بازنەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی پاڵەوانەکانەوە وێنای کۆمەڵگەی کردووە و سێیەمیان گرینگی بە هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکان داوە لەبارەی کۆمەڵگە و چوارەمیشیان وێنەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی لەبارەی پاڵەوانەکان بەرجەستە کردووە و هەرچواریان کارا و کارامە بوون لە پەسن و وەسفدا و تا سەر یەسقان ڕیالزمی بوون و ستاندال و فلۆبێر باسی ڕیالیزمیی مرۆڤیان کردووە و بەلزاک و زۆلا مرۆڤ و هەر هەموو شتەکانی گەردوون.

لە سەدەی بیستەمدا دژە و ڕێبازی سوریالیزمی و سایکۆلۆجی و بوونگەری و سۆشیالیزمی سەریان هەڵدا و ڕۆمانەکانی (فورنییە و بریتۆن و ئەراگۆن و کۆکتۆ و برۆست و فرجینیا و وڵف و جیمس جوێس و دۆستۆیفسکی و کافکا و سارتەر و کامۆ و جید و جیرۆدۆ و شتاینبک بڵاو بوونەوە و شۆڕشی خۆیان بەسەر کاتدا ڕاگەیاند و ناوەڕۆکی ڕۆمانی لاسایی و باویان تێکشکاند و شوێنیان لە ڕۆماندا لەبری کات جێگیر کرد.

لە ڕاستیشدا ڕۆمانی نوێ سەر بەدوو ڕێبازی بێ ململانێن و یەکەمیان ڕێبازی نیگایە و ئەم ڕێبازە بایەخ بە شتەکان دەدات نەک مرۆڤ و ڕۆماننووسانی وەکو: (ڕۆب جرییە و میشیل بیتۆر و مارجریت دۆراو... هتد، نوێنەری ئەم ڕێبازەن...).

ڕێبازی دووەمیان دەکرێ ناو بنرێ ناوەکی، لەبەرئەوەی نووسەرانی ئەم ڕێبازە کە بیکیت و ناتالی ساروت نوێنەرایەتی دەکەن بایەخی زۆر بە مەنەلۆجی ناوەوە دەدەن.

هەندێ لە نووسەران دەڵێن ڕۆمانی نوێ ڕەنگدانەوەیەکی شارستانییە لەبارەی بارودۆخێکی شارستانی و هەندێکیش دەڵێن ڕۆمانی نوێ دەربرینێکی ناماقووڵ و بێ ڕێسایە لەبارەی بارودۆخی نامۆیی دەروونی و ونبوون و بێهوودەیی مرۆڤی دوای شەڕی دووەمی جیهان.

سارتەر ڕۆمانی نوێ بە (دژە ڕۆمان) ناودێر دەکات و نووسەرانی وەکو ئیڤلین فۆج و نابۆ کۆف و ماکس فریش و گۆنتەر گراسیش دەخاتە خانەی نووسەرانی (ڕۆمانی نوێ) و شایانی باسە ئەم تەرزە ڕۆمانە بە (ڕۆمانگەلێکی خەیاڵی لە قەڵەم دەدات کە کەسایەتیگەلێکی بە خەیاڵ دروستکراومان پێ دەناسێنێ و دیرۆکی ئەوانمان بۆ دەگێڕێتەوە) و لەم بارەیەشەوە (ڕۆب جرییە) دەڵێ: کلیلی ڕۆمانی نوێ کەسایەتییەکە نە ڕابردووی هەیە و نەچارەنووس و نە قووڵایی و بەبێ ئەو کلیلە خوێنەر ناتوانێ لە جیهانی ڕۆمانی نوێ تێ بگات ئەگەر هەر پێویست بێ بە بیری کۆنەوە و وا بزانێ ڕۆمان دەبێ هەر بابەتێک بێ سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەبێ گرێیەکیشی تیابێ و کە دەگاتە ترۆپک ڕوون بێتەوە و ناسنامەی کەسایەتییەکانمان بۆ ئاشکرا بکات وەکو ڕۆمانەکانی بەلزاک و سارتەر و مالرۆ و برۆست) لە ڕاستیدا ڕۆمانی نوێ (زمانی بێدەنگییە) و

ئەوەی ئاشنای پیتەکانی نەبێ ناتوانێ بیخوێنێتەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ڕۆمانی نوێ بەها بەرزەکان و بیروباوەڕ و داب و ڕەوشتی تووڕ دابێتە لاوە هەر وەکو چۆن شێوازی کۆنی ڕۆمانی تووڕ داوە و دەستبەرداری بووە... کەسایەتییەکان لە ڕۆمانی نوێدا هەن بەڵام لە شوێنێکدا جێگیر دەکرێن نووسەر شرۆڤەیان ناکات و شتەکانیش هەن بەڵام ڕۆماننووس جۆری پێوەندیی نێوانی شتەکان و مرۆڤ ڕووماڵ ناکات.. و ڕووداویش لە ڕۆمانی نوێدا هەیە بەڵام بە جۆرێکە خوێنەر نازانێ بۆچی و چۆن ڕووی داوە و وەکو سارتەر دەڵێ: هەموو ئەم شتانە لەودیو دیواری ناحەقیقەتدا شاراوەتەوە.

## ڕەنگ و ڕووی گشتی و جیاوازیی تاکەکەسی

ڕۆمانی نوێ کارێکی هەستەکی و دیدەیی و بیستەکییە و وشە ڕەزمی هەیە و لاپەڕە بۆشایی و کتێب بینینێکی پانورامایی وێنەدار و ئەمەش وا لە ڕۆمانی نوێ دەکات لە سینەماوە نێزیک بێ و هەر ئەمەشە وای لە ڕۆب جرییە کردووە بایەخ بە شتەکان بدات و دواتریش گرینگی بە جموجووڵی جموجووڵەکان بدات نەک جموجووڵەکان خۆی.. واتا بە جموجووڵی خەیاڵ نەک خودی خەیاڵ و ڕۆب جرییە لای وایە ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە ئەوەی کە حەقیقەتی مرۆڤە خەیاڵکردنەکەیەتی و مرۆڤ بە خەیاڵ ژیان و جیهانی خۆی دەئەفرێنێ و خۆشەویستی دروست دەکات، لەبەرئەوەی خۆشەویستی شتێکی بینراو نییە و تەنیا لە خەیاڵدا بەدی دەکرێ و خەیاڵ چالاکییەکی کەلەلاو تەریک نییە بگرە هۆکارێکی پێوەندی و پێوەستییە.

هەروەها ڕۆب جرییە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو هەوڵی دوورخستنەوەی ڕووداو و سەرچڵێتی و هەست و سۆزی مرۆیی لە ڕۆماندا نادات بەڵام سوورە لە سەر ئەوەی داماڵینکاری تێدا بکات و لە بۆتەیەکی داماڵگەریدا ڕووماڵی بکات و ئەو دەڵێ بەهای حەقیقی و ڕاستەقینەی هەموو کتێبێک لە شێوازی نووسینەکەیدایە.. و لەبەرئەوە ڕۆب غرییە زمانێکی شێواو و ڕووداوگەلێکی ئاڵۆز بەکار دێنێ و دەخاتە ڕوو، لەبەرئەوەی بەڕای ئەو ڕێچکە و لۆجیک و ناوەڕۆکی شتەکان لە بارودۆخی ژیانێکی ونبوودان و.. ئەوانیش ونبوون و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکانی ڕۆب غرییە ڕەنگوڕوویەکی دیاریکراویان نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤی تاک لەم سەردەمەدا لە ڕوویەک زیاتر و لە حەقیقەتێک زیاتر و لە کەسایەتییەک زیاتری هەیە ئەویش لەبەرئەوەیە ساختەکاری و خۆپەرستی بوون بە ویژدانی سەردەمەکە..

بەڵام مارگرێت دۆرا لە ڕۆب غرییە جیایە و هەوڵی دۆزینەوەی شتە شاراوەکان لە ڕۆماندا دەدات، لەبەرئەوەی شتە دیارەکان پێویستیان بە دۆزینەوە نییە و هەوڵی ڕووماڵکردنی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان مرۆڤ و ژیانیش دەدات.. لەبەرئەوە زۆرجار دەبینین کەسایەتی ناو ڕۆمانەکانی دەدوێن بەڵام هیچ ناڵێن و بەلای مارگرێت دۆراوە بەتەنیا زمان گەیەنەری تاقانە و ڕەها نییە.. بگرە سەیرکردنەکان و ئاماژەکان و تەنانەت کڕوکپیش هۆکاری گەیاندنن.

بەڵام ناتالی ساروت بەپێچەوانەی (ڕۆب جرییە)وە کە بارودۆخی دەرەوە لە ڕۆماندا دەخاتە ڕوو.. ناتالی ساروت بە قووڵاییی ناوەوەی شتەکاندا ڕۆ دەچێت و خڵتە و قەوزەی ڕابردوو و ئێستا و پاشەڕۆژ لە هەناوی نەست و بیرۆیی دەردەهێنێ و دەیخاتە سەر کاغەز.. و بایەخی زۆریش بە نوقتە و بۆشاییی سەر لاپەڕەکە دەدات..

لە کاتێکدا بیتۆر و ڕۆب جرییە ڕستەی درێژ و تیکچڕژاو بەکار دێنن.. ناتالی ساروت هەرگیز ڕستە بەکار ناهێنێ...

هەندێ جار وشەی کورت و هەندێ جاریش وشەی پچڕپچڕ لە کاغەز دەپرژێنێ و ئەگەر بیتۆر ڕەنگکاری بکات و ڕۆب غرییە وێنە بکێشێ.. ئەوا ناتالی ساروت بە قاژی هەردووکیان کەلێن و لۆکانی دەروون دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەرچییەک لەناویاندایە دەری بدەن و بەپێچەوانەی گفتوگۆ ئاسایی و لە جەرەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکانی و جموجووڵە باوە ڕۆژانەکانیان بیخەنە ڕوو، دیواری ناحەقیقەت کە ساروت دروستی دەکات نەهامەتیگەلێکی ڕاستەقینەی شاردووەتەوە کە خودی حەقیقەت خۆیەتی. جگە لەوەش خاتوو (ناتالی ساروت) دەتوانێ بەهەستە بەهێزەکەی شانە زیندووەکانی مرۆڤ بسمێ و لەبەر ئەم هۆکارە کتێبەکانی سەخت و لە هەمان کاتدا سەرنجڕاکێشن و جوانترین لایەنی ساروت شێوازی نووسینەکەیەتی و شانبەشانی ئەوەش پەرەی بەسایکۆلۆجیاکەی دوستۆیفسکی داوە و لە بەرهەمەکانیدا گەیاندوویەتێ ئاستێکی وا کە بتوانرێ بە (لە دوای شیکاری دەروونی) ناودێر بکرێ.

## ناتالی ساروت کێیە؟

ناتالی ساروت ساڵی ١٩٠٢ لە شارۆکەی ئیفانۆفۆی ڕووسیا لە دایک بووە و دوای تەمەنی دوو ساڵی ڕۆیشتووە بۆ فەرەنسا و لەوێ جێگیر بووە و جگە لە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکی (هەڵچوونەکان) ڕۆمانی (وێنەی نادیارێک) و (هەسارەی گەڕۆک) و (میوەی زێڕین) و (مارتیرۆ) و... هتد و چەندان بەرهەمی تر لە بواری نواندن و لێکۆڵینەوەدا نووسیوە و جان پۆل سارتەر پێشەکیی بۆ ڕۆمانی وێنەی نادیارێک نووسیوە کە ساڵی ١٩٤٨ بڵاوی کردووەتەوە. شایانی باسە هەموو خانەی پەخش و بڵاوکراوەکانی پاریس تەنانەت خانەی غالیمار قایل نەبوون هیچ ڕۆمانێکی ناتالی ساروت بڵاو بکەنەوە.. بەڵام دواتر خانەی ناوبراو هەموو بەرهەمەکانی ساروتی بڵاو کردەوە. شایانی باسە بەرهەمەکانی ناتالی ساروت وەرگێڕدراونەتە سەر گەلێ لە زمانەکانی جیهان.. بەتایبەتی هەڵچوونەکان کە ئەگەرچی چیرۆکەکانی نامرۆڤانە و وەکو دەنگێکی خنکاو وان کە لە دوورەوە پێمان بگەن بەڵام بە هەموو مەترسییەکانیانەوە چیرۆک و سەرگوزشتەی ژیانی ئێمە و مێژووی ئێمەن و هەموو کردارەکان کردارگەلێکی ڕابردوون و پڕاوپڕن لە ڕاستگۆیی.

هەموو چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی هەڵچوونەکان جیهانێکی جیاوازن و لە ناوەڕۆکدا پێوەندییان بەیەکەوە نییە و تەنیا کشتەکی پێوەستیی ئەو چیرۆکانە شوێنە ... بۆ نموونە: ژووری نانخواردن و

ژووری قاوش و ڕێگە و شەقام و چایخانە و باخچە و پێشانگە و شانۆ و... هتد. کاروانسەرای چیرۆکەکانە و وەسپ و پەسنکردنی ورد و کارای شوێنەکان لە چیرۆکەکاندا بەسەر وەسپ و پەسنکردنی مرۆڤدا زاڵە و سەیریش ئەوەیە چ شوێن و چ مرۆڤ لە چیرۆکەکاندا نەناسنامەیان هەیە و نەڕەگەزنامەی وڵاتێک و نەناوێکیش.. شوێن ڕەهایە لەبەرئەوەی کات ڕەهایە و مرۆڤ ڕەهایە، لەبەرئەوەی خوا ڕەهایە.

وەکو چۆن ڕۆمانی (ئۆلیس) کلیلی ئەدەبی جێمس جۆیس بوو بەو جۆرە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکی هەڵچوونەکان کلیلی بەرهەمەکانی ناتالی ساروتە و ئەم هەڵچوونانەی کەسایەتییەکان لە ماڵ و ڕێگە و شەقامەکاندا بەدی دەکرێ و لەو وشانەدا دەبینرێن کە دێن و دەڕۆن و زۆر دەبن و کەم دەبنەوە و هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە و ڕوون دەبنەوە و ئاڵۆز دەبن و دەبنە هەڵچوون و بێ مانایی دروست دەکەن و ونبوون و بۆشایی و ورێنە بەرجەستە دەکەن و مەبەستی بنەڕەتی ساروتیش لە نووسینی ئەم هەڵچوونانە ئەم بارودۆخەیە کە خستمانە ڕوو.

شایانی باسەو بە کورتی و بە گشتی لە ڕۆمانی نوێدا دەقی ئەدەبی لەلای نووسەران دووناو دوون دەکات و دەبێ بە شتێکی تر.. هەر بۆ نموونە لەلای ڕۆب و جرییە و مارگرێت دۆرا دەبێ بەبارودۆخێکی شانۆکاری و لەلای بیکیت و ڕۆبیر دەبێ بە کەشێکی شانۆیی و لەلای میشیل بیتۆر دەبێ بە جۆرێک لە پێشانگەی شێوەکاری و لەلای کلۆد سیمۆن و ناتالی ساروت دەبێ بە (ڕۆمانی ڕۆمان) و لەلای هەندێکی تر لە نووسەرانی ڕۆمانی نوێ: دەبێتە بالیە و ئۆپێراو... هتد کەسایەتیی دەقەکەش چ لە ڕۆمان و چ لە کورتیلە چیرۆکی لەم جۆرەی هەڵچوونەکانی (ناتالی ساروت)دا وەکو پارچە دارێک.. یاخۆ بەبێ ئاگا و بەبێ خواست و ویستی خۆی دەبزوێ و دەجووڵێتەوە و دەدوێ و هەڵسوکەوت دەکات.

نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ کە ڕۆمانی نوێ کەش و هەوا و بارودۆخی خۆی لە ڕوانینێکی بوونگەرییەوە وەرگرتووە و بۆ ئەوە هاتە کایە لەبارەی بێ هوودەیی بوونەوە بدوێ دوای ئەوەی مرۆڤایەتی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا تێک و پێکشکاو هەموو بەها و سۆزو داوونەریت و ڕێوڕەسم و مەرتاڵێکی پیرۆزی دۆڕاند و پێشێلی کرد.

## چیرۆکی ژمارە ١

وەها دەردەکەوتن دەتگوت لە هەموو شوێنێکەوە هەڵدەقوڵێن، دەتگوت لە سەرمای شێداری هەوادا دەپشکوێن و لەسەرخۆ دادەچۆڕان وەکو ئەوەی لە دیوارەکەوە بدڵۆپێن و لە درەختە پەرژینەکان و لە شوێنی دانیشتنەکان و لە شۆستە بۆگەنەکان و لە باخچەکانی ناوەندی گۆڕەپانەکانیشەوە..

لە قەبارەی هێشووی درێژۆکەی تاریکدا لە نێوانی ڕووی دەرەوەی خانووە لە ژیان تەهییەکاندا خۆیان دەنواند.. لە نێوانی ماوەیەک و ماوەیەکی تردا لە بەردەمی کۆگا و دووکانەکاندا کۆ دەبوونەوە... گورزەگەلێکی چڕوپڕ بوون نەدەجووڵانەوە... شتی شپرزەییان لە شێوەی

لێکگیرانێکی سووکەڵەدا لێ دەهاتە ئەنجام.

هێورییەکی دەروونیی نامۆیان لێ هەڵدەقولا و جۆرێکیش لە ڕەزامەندیی نابەدڵ، بە ئاگادارییەوە سەیری شارای کۆتاڵەکانیان دەکرد لە پێشانگەی سپییەکاندا کە دەتگوت کێوگەلی بەفرن... یا سەرنجی بوو کەوالآیەکیان دەدا کە ددانەکانی و چاوەکانی دەدرەوشانەوە و دوایی دەکوژانەوە.

بۆ چەند ماوەیەکی ڕێک و پێک دەدرەوشانەوە و دوایی دەکوژانەوە، سەرلەنوێ دەدرەوشانەوە و دیسانەوە دەکوژانەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ جموجووڵ سەیریان دەکرد و وابەستەی بەردەمی جامخانەکان دەبوون، هەردەم کاتی کۆچکردنی خۆیان بۆ چرکەساتی دواتر دوا دەخست و ئەو منداڵە بچووکە هێورانەش کە دەستی خۆیان بەوان سپاردبوو و درێژدادڕی سەیرکردن ماندووی کردبوون و زەینی پەرت و بڵاو کردبوون، بە ئارامگرییەوە لە نێزیک ئەواندا چاوەڕوان بوون.

## چیرۆکی ژمارە ٢

خۆیان لە بەردەمی دۆڵابە ئاوێنە بەندەکانیان هەڵکەند کە تێدا سەرنجی ڕووی خۆیانیان دەدا و لەسەر نوێنەکانیان ڕاپەڕین کاتێ پێی گوتن: " سفرەم ئامادە کردووە.. ئامادەم کردووە" خێزانەکە لە دەوری سفرەکە کۆ بوونەوە، هەریەکەو بە تەنیا و ڕووگرژی و شەکەتی لە کونی خۆیدا بەنادیاری دانیشت، ڕووی قسەی کردە چێشتلێنەرەکە و پێی گوت: " بەڵام چییانە تەنانەت هەموو کات ماندوو دیارن".

ئەو بە درێژاییی چەند کاتژمێرێک قسەی بۆ چێشتلێنەرەکە دەکرد، و بە دەوری مێزی خوانەکەدا بەبێ وەستان دەجووڵایەوە، داو و دەرمان یاخۆ خواردنی بۆ ئامادە دەکردن و ڕەخنەی لەو هاوڕێیانە دەگرت کە دەهاتن بۆ ئەو ماڵە و دەیگوت: " ڕەنگی قژی فلآنە کچ تاقی دەکەمەوە، وەکو قژی دایکی لووس دەبێ.. بەڕاستی ئەو کەسانە چەند بەختەوەرن کە پێویستییان بەوە نییە قژیان لوول بکەن" .

ژنە چێشتلێنەرەکە دەڵێ: " خانمەکەم قژی جوانە، چرووپر ئەگەرچی لوول ناکرێ".

کچەکە دەڵێ: " ئەی فلآن، من دڵنیام کە ئەو هیچی بۆ بە جێ نەهێشتووی ئەوان قرچۆکن، و پارەشیان هەیە، پارەیان هەیە، ئەمە شتێکی قێزەونە، ئەنجا ئەوان خۆیان لە هەموو شتێ بێبەش دەکەن... من هۆی ئەمە نازانم".

چێشتلێنەرەکە دەڵێ: " ئای ! نا، نا لەگەڵ خۆیاندا نایبەن و ئەم کچەشیان تاکو ئێستا شووی نەکردووە خۆ ناشیرینیش نییە، قژەکەی جوانە و لووتێکی باریکەڵە و دوو لاقی زۆر شیکیش".

کچەکە دەڵێ: " بەڵێ، بەڕاستی قژێکی جوان، بەڵام کەس خۆشی ناوێ، خۆت دەزانی بەدڵی کەس نییە، بەڵێ بەڕاستی ئەمە کارێکی سەیرە".

بۆنی بیرکردنەوەی خەست و بۆگەن لە مووبەقەکەوە پێدزکێی دەکرد بۆ لای، بیرکردنەوەیەکی بێ بایەخ هەموو کات لە زەویی دەدا و ئەو هەر لە جێگەی خۆیدا بوو.. هەردەم لە جێگەی خۆیدا بە دەوری خۆیدا سوورِ دەخوا، دەخولێتەوە، وەکو ئەوەی سەرەخولێیەکیان هەبێ و نەتوانن ڕاوەستن، یاخۆ تووشی نەخۆشیی دڵ بووبن و نەتوانن ڕاوەستن، وەکو چۆن مرۆڤ نینۆکی دەبڕێ یاخۆ چەرمی خۆی پارچە پارچە ڕابکێشێ و لە خۆی بکاتەوە، وەکو چۆن مرۆڤ جەستەی خۆی دەخورێنێ کاتێ تووشی بالار تیکاریا دەبن، یاخۆ لە کاتی ڕاکشاندا لە نوێنەکەیدا ئەمدیو و ئەودیو دەکات، تاوەکو چەژی لەزەت یا هەست بەخەم بکات، تاوەکو توانای نامێنێ و هەناسەی لێ دەبڕێ.

بەڵام دەشێ ئەوە بۆ ئەوان شتێکی تر بگەیەنێ، ئەو کە گوێی گرتبوو لەسەر نوێنەکەی ڕاکشابوو وای بیر دەکردەوە، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەی ئەوان وەکو لیکێکی لینج پێدزکێی دەکردە دەروونییەوە بۆ ئەوەی پێوە بلکێ و لە ناوەوە دای پۆشێ.

شتێک لەوێ نەبوو ئەو بتوانێ ئەنجامی بدات. هیچ شتێک. ئاخۆ ڕابکات؟ مەحاڵە. لە هەموو شوێنێک و لە شێوەیەکی هەمەجۆر ناپاکێک هەیە خانمی دەرگەوان دەیگوت (هەتاو ئەمڕۆ ناپاکە، ئامانی نییە، لە سزاکەی دەترسێ، بەم جۆرە هاوسەرە داماوەکەم ئەگەرچی خەمخۆری بایەخپێدانی تەندروستی خۆیەتی..) لە هەر کوێ بم، لەژێر هەمان ڕووالەتەکانی ژیاندا، ئەوە سەرنجی ڕادەکێشای لە کاتی تێپەڕبووننتدا، کاتێ تێ دەپەڕیت و بەبەردەمی ماڵی خانمی دەرگەواندا دەڕۆیشتی و کاتێ وەڵامی تەلەفۆنت دەدایەوە و کاتێ لەگەڵ خێزانەکەتدا نیوەڕۆ خوانت دەخوارد و کاتێ هاوڕێکانت بانگ دەکەیت یا قسە ئاراستەی هەر کەسێک دەکەی.

هەر دەبوو وەڵامیان بدرێتەوە و بە میهرەبانییەوە هان بدرێن. بەتایبەتی، بە تایبەتی ئاگەدارنەکردنەوەیان، ئاگەدارنەکردنەوەیان تەنیا یەک چرکەش بە جیاوازی لەگەڵیاندا. بەڵکو دەچەمێتەوە و دەچەمێتەوە و لە چاو ون دەبێ: " بەڵێ، بەڵی، بەڕاستی، بەدڵنیاییەوە" ئەمەیە کە دەبێ پێیان بگوترێ، دوایی نەختێ بە سۆز و نەرمونۆڵییەوە سەرنجیان بدرێ ئەگینا ونجڕبوونێک ڕوو دەدات ونجڕبوونی شتێکی چاوەڕوان نەکراو، شتێکی توندوتیژ، شتێک پێشتر ڕووی نەداوە، نابێ ترسناک بێ .

وای وێنا دەکرد کە لەژێر کاریگەریی کردە و توانایەکی شاراوەدا بەهێز و تینێکی زەبەلاحەوە لەپڕ دەگوژمێ و دەیان هەژێنێ وەکو ئەوەی پەڕۆ و پاتاڵێکی کۆن و چڵکن بهەژێنێ و دەیانگوشێ و لەتوپەتیان دەکات و بە تەواوەتی لەناویان دەبات.

بەڵام ئەو دیسانەوە دەیزانی لەوانەیە بۆچوونەکەی هەڵەبێت و ئەوان، بەر لەوەی ئەم بیر لەوە بکاتەوە بیزاریان بکات و لەناویان ببات، بە سرووشی ئەم وارسکە ڕاستییەوە، وارسکی بەرگری لەخۆکردن، شالاوی دەکەنە سەر و بەم چوستی و چالاکییە سانایەوە کە سەرچاوەی بەهێزییە دەردۆنگی ورووژێنەکەیانە، بەیەک زەبر کە نازانێ چۆن دەبێ لەناوی دەبەن.

## چیرۆکی ژمارە ٣

ئەوان هاتن لە شەقامگەلێکی بچکۆلە و هێوردا نیشتەجێ بوون، لە پشت ئەپارتمانی (ئەلبانتیون) لە نێزیک شەقامی جای - لۆساک یا شەقامی سان - جاک، لە باڵەخانەگەلێکدا کە دەڕواننە سەر حەوشەگەلێکی تاریکدا بەڵام تەواو دڵگیرە و هەموو ئامێرێکی خۆشگوزەرانیی تێدایە.

لێرە هەموو ئەوانەیان بۆ دابین کردوون، هەموو ئەمانە، جگە لەو کارەی کە دەیانەوێ بیکەن، ڕۆیشتنیش بە ئارەزووی خۆیان، لە هەر جلوبەرگێکی سەیروسەمەرەداو بەهەر کلۆجێ، لە شەقامە بچکۆلە ساکارەکاندا. هیچ ڕواڵەتێکیان بەسەردا نەسەپێنراوە و هیچ چالاکییەکی هاوبەشیش لەگەڵ کەسانی تردا، و هیچ سۆزێک و هەر هیچ یادەوەرییەکیش.

بوونێکی تەواو و متمانەداریان لە هەمان کاتدا پێ بەخشراوە، بوونێک لە هۆڵی چاوەڕوانی دەچێ لە وێستگەیەکی چەپەکی تەهیدا... هۆڵێکی ڕوتەڵە، بەسام و فێنک، کوانوویەکی ڕەش لە ناوەندیدایە و بەدرێژاییی دیوارەکانی کورسیی دارین ڕیز کراوە.

ئەوان بە ژیانی ئێرە دڵخۆش و بەختەوەر بوون، وایان هەست دەکرد کە لە ماڵی خۆیاندان و بە تەواوی لەگەڵ خانمی دەرگەواندا تەبابوون، و لەگەڵ ژنە پەنیر فرۆشەکەشدا، جل و سیپاڵەکانیان دەنارد بۆ هەرزانترین و جێی متمانەترین خومچی لە ناوچەکەدا.

هەرگیز بیریان لە ورووژاندنی یادەوەری لادێ نەکردەوە کە لە ڕابردوودا یارییان کردبوو، ببڕای ببڕیش هەوڵی هێنانەوە یادی ڕەنگ و بۆنی ئەو شارە بچکۆلەیەیان نەکردەوە کە تێیدا پەروەردە بوون، ئەوان کە بە شەقامەکانی گەڕەکەکەدا پیاسەیان دەکرد تەماشای ڕواڵەتی جێگەکانیان نەکرد و نەیاندەبینی، کە بە بەرماڵی ژنە دەرگەوانەکەدا گوزەریان دەکرد بە نەوازشێکی زۆرەوە سڵاویان لێ دەکرد، هەرگیز دیمەنی لادیوارێکیان بەدی نەکرد ژیانی تێدا ببزوێ و وێنابێی و دەربکەوێ لە یادگەیاندا، یاخۆ حەوشەیەکی چڕ و سفت یا پەیژەیەکی وردیلەی بەرهەیوانێک کە بە منداڵی لەسەری دادەنیشتن.

ئەوان جاربەجار لەسەر پەیژەی ماڵەکەیان تووشی پیاوە دراوسێکەی نهۆمی خوارەوە دەبوون، کە لە باللیسیە مامۆستا بوو.. لەو کاتەدا کە لە کاتژمێر چواردا لەگەڵ دوو منداڵدا لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، هەرسێکیان سەر درێژ و چاویان زەردباو و بریسکەدار و سفت و سۆڵ بوو وەکو هێلکەیەکی لە عاج دروستکراو، دەرگەی ماڵەکەیان یەک چرکە دەکرایەوە و دەچوونە ژوورەوە. و دەبینران کە پێیان دەخستە سەر چوار گۆشەگەلێکی لە لباد دروستکراوی بچووک بچووک کە لەسەر زەوینەی ڕاڕەوەکە بوون و ئیتر بەبێدەنگی دوور دەکەوتنەوە و دەخزانە ناو قاوشە تاریکەکەوە.

## چیرۆکی ژمارە ٤

کچەکان هەندێ وشەی ئاڵۆزیان دەمنجان، تەماشاکانیان شپرزە و پەرت بوو دەتگوت لە ناخی خۆیاندا دوای هەستێکی ناسک و ورد کەوتوون و وا دیاربوو ناتوانن بەڕوونی دەری بڕن.

ئەو دەیوروروژاندن و دەیگوت: (جا بۆچی؟ جا بۆچی؟ کەواتا بۆچی من خۆپەرستم؟ بۆچی من دوژمنی مرۆڤم؟ ئەمە بۆچی؟ بڵێن، بڵێن)؟

ئەوان لە ناخی خۆیاندا هۆکارەکەیان دەزانی و دەوریکیان دەبینی، پابەستەی شتێک بوون. ئەوان وایان مەزەنە دەکرد هەندێ جار کە ئەوان هێشتا وەکو داردەستێکی ئەون و بەدرێژاییی کات بەکاری دێنێ و دەڵێی ئەوانی پێ لێ دەخورێ، بەهێوری ڕای دەوشێنێ بۆ ئەوەی ئەوان ملکەچی خواستەکانی خۆی بکات وەکو مامۆستایەکی بالیە. بەو جۆرە! ئاوا! و سەما دەکەن و دەخولێنەوە و دەسوڕێنەوە، نەختێ ڕوحسووکی و نەختێ ژیری دەردەبڕن بەڵام بەبێ تێپەڕاندن و دەرچوون لە ئاستی دیاریکراو کە لەوانەیە تووڕەیی بوروژێنێ.

" ئێ بۆچی؟ ئێ بۆچی" خێراکە، خێراکە! بۆ پێشەوە! ئای، نا، بەم جۆرە نا! بۆ دواوە! بۆ دواوە.. بۆ دواوە! ئای بەڵی، بە زمانێکی خۆش، بەڵێ، دیسانەوە، بەنەرمی لەسەر پەنجەکانتان، دەسبازی و گاڵتەجاڕی. بەڵێ، بەڵێ، توانای هەوڵدان هەیە، ئەمە فریو دەدات. لێرەدا ساکار دێتە بەرچاو بۆ ئەوەی بوێرن حەقیقەتگەلێک بەڕوویدا بدەن دەشێ سەخت بێ بەڵام ئەوانی بەوەوە پێخەریک دەکەن، چونکە ئەو زۆر تامەزرۆی ئەوە بوو ئەو کچگەلە بەرپەرچی بدەنەوە، ئەو بەم گەمەیە شێت دەبوو... ئادەی! ئاگاداربن، بەهێواشی بەهێواشی ، نا کارەکە بوو بە شتێکی ترسناک، بەڵام توانای هەوڵدان هەیە، دەشێ ئەوەی لەلا سوتێنەر و دڵخۆشکەر و گەمەئامێز بێ، ئێستا بوو بە دیرۆکێک، دیرۆکێکی ئابڕووبەر، پێوەندی هەیە بە ژیانی تایبەتیی خەڵکانێکەوە دەیانناسێ، لە ماڵی خۆیاندا پێشوازیی لێ دەکەن و ڕێزی لێ دەنێن، ئەم کارە بایەخی دەوروژێنێ، ئەو بە خۆڕسک حەزی لەم بەزمەیە.

بەڵام نا! ئای! ئەمە کارێکی شێتانە بوو، ئەو بایەخ بەم کارە نادا و لەلای خۆش نییە. لە پڕ گرژ و مۆن دەبێ، چ شێوەیەکی ترسناکی هەیە، کچەکان بە توندوتیژی و تووڕەیی و قەڵسییەوە ئازار دەدات و قسەگەلێکی وایان پێ دەڵێ سووک و ڕسوایان دەکات و وایان لێ دەکات (نازانێ چۆن) هەست بە بوودەڵەیی خۆیان بکەن، ئەگەر ئێستاش بەلای کەمەوە لە هەر هەلێکدا هەڵکەوێ، بەبێ ئەوەی بتوانن بەرپەرچی بدەنەوە، بەشێوازە پێچاوپێچە پیسەکەی خۆی، زۆر پیسەکەی.

چ شەکەتییەکە، ئەی خوایە! چ شەکەتییەک لەم ماندووبوونەدا، و لەم جمووجووڵە بەردەوامەدا لە بەردەمیدا: بۆ دواوە، بۆ پێشەوە، و بۆ پێشەوە و جارێکی تر بۆ دواوە، دوای ئەوە خولانەوەیە بەدەوریدا و دواییش ڕۆیشتن لەسەر نووکی پەنجە سەرلەنوێ، بەبێ ئەوەی چاوی لێ بتروکێنن، و لابەلا و بۆ پێشەوە و بۆ پشتەوە بۆ ئەوەی ئەم لەزەتەی بۆ دەستەبەر ببێ.

## چیرۆکی ژماره ٥

له ڕۆژانی مانگی یۆلیۆی زۆر گەرمدا، دیوارەکەی بەرامبەر تیشکێکی مەشخەڵان و بە زەبری دەشکاندە ناو حەوشە بچووکەکەوە. لەژێر ئەم گەرماییەدا بۆشاییەکی سەخت هەبوو بێدەنگییەکیش، دەتگوت هەموو شتێک لە جووڵە کەوتووە، هیچ شتێک نەبوو لە چاوقایمی و ڕووبەڕووبوونەوەدا گوێت لێ بێ جگە لە خرەی کورسییەک کە لەسەر کاشیی زەوینەکە ڕادەکێشرا و لێکدانی دەرگەیەکیش کە لە ناوەندی ئەم گەرما و ئەم بێدەنگییەدا لە گۆڕمە سەرمایەکی کوتوپڕ دەچوو یا ناڵەی مووشەکێک.

ژنەکە بەبێ جووڵە لەسەر قەراغی نوێنەکەی گرمۆڵە بوو، کەمترین جێگای پێویستی پڕ کردبووەوە، چاوەچاوی بوو وەکو بڵێی چاوەڕوانی شتێک بکات کە دەتەقێتەوە و لەم بێدەنگییە ترسناکەدا بەسەریدا دەکەوێ.

دەنگی توندوتیژی سیسرکەکان لەو مێرگانەدا کە هەتاو وشکەڵەی کردبوون نیوە مردووی کردبوو، جارناجارێ ئەم هەست بەسەرماکردن و تەنیایی و دوورکەوتنەوەیە دەورووژا لە جیهانێکی کینە لە دڵدا کە کارگەلێکی تێدا ڕێک دەخرێ کە دەبێتە مایەی دەردۆنگی و ترس.

مرۆڤ لەژێر هەتاوە سووتێنەرەکەدا لەسەر گژوگیاکە ڕادەکشێ، بەبێ جووڵە چاودێری و چاوەڕوانی دەکات. لە ناوەندی کپییەکەوە گوێی لە دەنگێکی نزم بوو بەسەر کاغەزی کۆنی دیوارەکەدا کە میل میلی شین بوو پێدزکێی دەکرد و بەدرێژایی وێنە و نیگارە چڵکنەکانی ناو قاوشەکە گوێی لێ دەبوو، دەنگی کلیلی ناو کێلوونی دەرگەی چوونە ژوورەوەکە، دوایی گوێی لە دەنگی دەرگەی نووسینگەکە دەبوو کە دادەخرا.

ژنەکە هەموو کات لێرە دەمایەوە و پیشی لە خۆی دەخواردەوە، چاوەڕوانی دەکرد و هیچی ئەنجام نەدەدا.. وەک بچووکترین ئیش بڵێین بچێ بۆ سەرشۆرکەکە و دەستی بشوات و ئاوی بۆڕییەکە بەرەڵا بکات ئەمانە بەلایەوە مایەی قەڵسبوونە و بازدانێکی کوتوپڕە لە بۆشاییدا و کارێکی پڕ لە ئازایەتییە. ئەم دەنگە لە ناکاوەی کە ئاو لەم بێدەنگییە داخراوەدا دەیدەنگێنێ... دەشێ ئەمە ئاماژەیەک بێ لەبری هاوارێک بۆ ئەوان، لەوانەشە لەبری مۆتەکەیەکی سامناک بێ، وەک ئەوەی کە داردەستێک بە پشتی حەزیای دەریادا بهێنێ و بە قێزەونییەوە چاوەڕوانی بکات تاوەکو لە پڕ ڕادەپەڕێ و دوایی هەڵکشێ و دواتر لوول بخوات.

کچەکە ئاوا هەستی پێ دەکردن، ڕاکشاون، لە پشت دیوارەکاندا دەژین، و ئامادەی ڕاپەڕین و بزاوتن.

جووڵەی نەدەکرد و هەموو ماڵەکە بەدەوری داو شەقامەکانیش وەک ئەوە وابوون هانی بدەن و ئەم بێدەنگییەیان بەلاوە شتێکی سروشتی بێ.

کارەکە وەکو ڕاستی خۆی دەنواند، لە کاتی کردنەوەی دەرگەکە و بینینی پەیژەکاندا کە نوقمی

کپییەکی داخراو و داگر بوو، نە کەسایەتی هەیە و نە ڕەنگ، پەیژەگەلێک وا دەرناکەوێ کە کەمترین هەتەری ئەوانەی گرتبێتە خۆی کە بەکاریان هێناوە یا کەمترین یادگاریی ئەو کاتانەی بەلایدا تێپەڕیون و لە کاتی ڕاوەستاندا لە پشت پەنجەرەی ژووری نانخواردنەوە و تەماشاکردنی ڕووی دەرەوەی ماڵ و کۆگاکان و سەرنجدان لە ژیانی بە ساڵداچوو و منداڵانی وردیلە کاتێ بە شەقامەکەدا دەڕۆن، کارەکە وا دیاربوو دڵنیابوونێکە لە پێویستی چاوەڕوانی گەورەترین کاتی گونجاو و بەو جۆرە درێژەدان بە بێدەنگی و بەبێ ئەوەی هیچ کردارێک و ئاماژەیەک بکرێ و هەستکردنی بڵند و ژیریی ڕاستەقینە لەم کارەدا شاراوەیە: دەستنەکردن بە هیچ شتێک و کەمترین ڕێژەی جمووجووڵ و پارێزکردن لە هەموو کارێک، و بەدوورترین بۆچوون لە تواناندا هەبوو لەگەڵ ڕەچاوکردنی لە خەو هەڵنەساندنی هیچ کەسێکدا لە پەیژەگەلە تاریکە مردووەکانەوە بەبێ ئەوەی سەیریان بکەی بچیتە خوارەوە و بە پارێزەوە بە درێژاییی شۆستەکە و شانبەشانی دیوارەکان بە جۆرێکی وا بواری نەختێ هەناسەدان و جۆرێک لە جووڵانەوە بڕەخسێ بەبێ چوون بۆ ئاراستەیەکی دیاریکراو و بەبێ ئارەزووی ڕۆیشتن بۆ جێگایەکی مەبەست، دوایی گەڕانەوە بۆ ماڵ و دانیشتن لە سەر لێواری جێگەی نووستنەکە و سەرلەنوێ چاوەڕوانیکردن بە گۆشەگیری و بێ جووڵەیییەوە.

## چیرۆکی ژمارە ٦

ئافرەتەکە بەرەبەیان لە نوێنەکەیەوە بازی دەدا، بەسەرانسەری ماڵەکەدا بە دەردۆنگی و دڵتەنگییەوە دەگەڕا، بڕێک هاوار و جمووجووڵ و هەناسەبڕکێی تووڕەیی و (دەمە دەمەی) لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت.

لە ژوورێکەوە دەچوو بۆ ژوورێکی تر. لە مووبەقەکە چینەی دەکرد و بە تین و تاو و تووڕەیییەوە لە دەرگەی سەرشۆرکەکەی دەدا کە کەسێکی تێدا بوو..

هەستی بە ئارەزوویەکی هەڵقوڵاو دەکرد بۆ خۆهەڵقوڕتاندن لە کاروباریان، و ئاراستەکردنیان و وروووژاندنیان، و لە پرسیار لێکردنیان لەو بارەیەوە کە ئایە کاتژمێرێکی تر لێرە دەمێننەوە، یان بیهێنێتەوە یادیان کە کات زۆر درەنگە، ئۆتۆمۆبێلەکە یاخۆ شەمەندەفەرەکە بە جێیان دێڵێ و کات زۆر دێرە و بەهۆی خاوەخاو و کەمتەرخەمییانەوە شتێکیان کەمە یاخۆ خواردنەکان ئامادە کرابوو بەڵام سارد بووەتەوە، دوو کاتژمێر بوو چاوەڕوانی دەکردن بەڵام ئێستا بووە بە شەختە، ئەو ئافرەتە وای دەڕوانی کە بەجێهێشتنی خواردن تاکو لە چاوەڕوانیماندا سارد دەبێتەوە، ئەوە ئەوپەڕی خوێڕێتی و ئەوپەڕی ڕسوایی و ئەوپەڕی ناپەسەندی و ئەوپەڕی ناشرینییە، و بەڵگەیەکی تەواوە بۆ سەلماندنی بوودەڵەیی و لاوازی، هەموو ئەوانەشی کە ئاگەداری کاکڵەی کاروبارەکان بوون، منداڵان بوون، بە پەلە دەڕۆیشتن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانی تر هیچ بایەخێک و هیچ گرینگییەکیان بەم شتانە نەدەدا، لەبەرئەوەی نەیاندەزانی ئەم شتانە چ هێزێک دەنوێنێ لەم ماڵەدا، هەردەم بەڕێزەوە و بە زمانێکی ئاساییی ڕێک و پێک و ناسکەوە، وەڵامیان دەدایەوە: " زۆر

سوپاس، خۆت سەرقاڵ مەکە، من زۆر بە دڵخۆشییەوە فنجانێک قاوەی نەختێ سارد فڕ دەکەم" لەگەڵ ئەو خەڵکە نامۆیەدا نەیدەوێرا هیچ قسەیەک بکات، و لە پێناوی تەنیا ئەم وشەیەدا، لە پێناوی ئەم ڕستە کورتە ڕێک و پێکەدا کە ئەوان بە کپی و بەبێ گوێپێدان ئەو ئافرەتەیان بە ئاماژەی دەست دوور دەخستەوە بەبێ ئەوەی تەنانەت سەرنجی بدەن یاخۆ چرکەیەک لە بەردەمیدا ڕابوەستن جا تەنیا لەبەرئەوە ئافرەتەکە ڕقی لێیان بوو.

شتەکان! شتەکان! هێز و تینی بوون و چاوگەی توانا و ئەو ئامێرانەی بوون کە بە شێوازی وارسکی بە تین و تاو و متمانە پێکراوی، لە پێناوی سەرکەوتندا.. لە پێناوی هەژموونکاریدا پشتی پێ دەبەستن. هەر کەسێ لە نێزیکی ئەو ئافرەتە ژیان بەسەربەرێ دەبێتە بەندکراوێکی شتەکان، دەبێتە کۆیلەیەکی ملکەچ و سوخرەکار بۆی و بارقورسی دەکات و خەمبار، هەموو کات ئەو ئافرەتە خۆی لێی مەڵاس دەدا و ڕاوی دەنێ.

شتەکان. کەرەستەکان. زرنگانەوەی زەنگەکان. ئەو شتانەی کە نابێ پشتگوێ بخرێن. ئەو کەسانەی کە نابێ ناچاری چاوەڕوانکردنیان بکەی. ئافرەتەکە شتەکانی وەکو رەوە تانجییەکی ڕاوی بەکار دەهێنا و هەموو چرکەیەک لێی دەوروژاندن: «زەنگ! زەنگ! ئادەی خێراکەن. بەپەلە، بەپەلە، ئەوان چاوەڕوانتان دەکەن».

تەنانەت کاتێ کە ون دەبوون و دەرگەی هۆدەکەیان لە خۆیان کلۆم دەدا، ئافرەتەکە وای لێ دەکردن باز بدەن: (ئەوان بانگتان دەکەن. ئاخۆ ناژنەون؟ تەلەفۆنە. دەرگەیە. لەوێ تەوژمێکی با هەیە. دەرگەکەتان دانەخستووە، دەرگەی هاتنە ژوورەوەکە. دەرگەیەک پێکدا دەدات. پەنجەرەیەک تەپەتەپی دێ. و بایەک بە ژوورەکەدا تێ دەپەڕێ. پێویستە بە خێرایی هەڵسی، بە خێرایی، لەژێر زەبری سەرزەنشت و پاڵنان و دڵەڕاوکێدا، لەگەڵ بەجێهێشتنی هەموو شتێکدا لە جێگەی خۆیدا و پەلەی کرد بۆ ئامادەبوونی پێشکێشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەک.

## چیرۆکی ژمارە ٧

لە بەردەمیدا نییە بەجۆرێکی تایبەتی، نا لە بەردەمیدا نییە. دواتر کاتێ کە لێرە نابێ. ئێستا نا، قسەکردن لە بەردەمیدا لەبارەی ئەوە زۆر ترسناکە و نابەجێیە بە ڕەهایی.

ئافرەتەکە لەبارەی خۆیەوە بەبێ وچان دەدوا و بۆ ئەوە دەگەڕا پیاوەکە خەریک و سەرقاڵ بکات: (تەنگژەکە... و ئەم بێکارییەی کە هەر پەرە دەسێنێ. بە دڵنیاییەوە ئەمە بەلایەوە ڕوون دیاربوو، ئەو ئەم شتانەی دەزانی، زانینێکی تەواو.. بەڵام ئافرەتەکە نەیدەزانی... ئەگەرچی ئەوان باسیشیان بۆ کردبوو... پیاوەکە لەسەر هەق بوو) کاتێ مرۆڤ بیر دەکاتەوە هەموو شتێک بەوپەڕی ڕوونی و ساناییەوە خۆی دەنوێنێ... ئەو گێلێتییەی لە زۆربەی خێرخوازاندا دەبیندرێ شتێکی نامۆ و خەماوییە.

هەموو شتێک بەپێی پێویست بوو. پیاوەکە بەختەوەر دیاربوو زۆر بەدڵفراوانییەوە قسەی دەکرد و چایی دەخواردەوە و باوەڕی بەخۆی بوو. هەندێ جار ڕوومەتی خۆی لوول دەدا و زمانی لەملاولای ددانەکانی وەردەدا بۆ ئەوەی پرووشە خواردنیان لێ دەربێنێ، دەنگێکی تایبەتی وەکو فیکەکێشان دروست دەبوو کە لەلای ئەو بەردەوام ئاماژەکردنە بۆ هەموو شتێک لە ئاسوودەیی و گوێ بەهیچ نەدان.

بەڵام هەندێ جار بەپێچەوانەی هەموو ئەو تەقەلایانەی کە دەیدا ماوەیەک لە بێدەنگی ڕووی دەدا، کەسێک ڕووی بەلای ئافرەتەکەدا دەکرد و لێی دەپرسی ئاخۆ چووە بۆ بینیی تابلۆکانی ڤان کۆخ.

بەڵێ، بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، چووی پێشانگەکە ببینی (کاروبارەکە ترسناکە، دیارە ئەو ئاگای لێ نییە، کاروبارەکە ترسناکە، دەتوانێ هەموو ئەمانە بە پشتی دەستی ڕابماڵێ) چووم بۆ ئەوێ دوای نیوەڕۆی ڕۆژێک لە ڕۆژانی یەکشەمە کە مرۆڤ نازانێ چ کارێکی دیاریکراو بکات. بە دڵنیاییەوە زۆر باش بوو.

بەسە، بەسە ئێستا، دەبێ بوەستی، کە واتا ئەم خەڵکانە هەست بە هیچ شتێک ناکەن، کە واتا سەرنجیان نەدابوو ئەم لێرەیە و دەژنەوێ، ئافرەتەکە دەترسا... بەڵام ئەوان گوێیان بەوە نەدەدا و بەردەوام بوون.

باشە، چونکە ئەوان مکوڕ و سوورن لەسەر ئەوە، لەبەرئەوەی ئافرەتەکە نەیدەتوانی ڕێگرییان لێ بکات، با لێیان گەڕێ بێنە ژوورەوە و. هەش بۆ ئەوان با بۆ چرکەیەک بێنە ژوورەوە، ڤان کۆخ، ئۆتریلۆ یا کەسانی تر. ئەم ئافرەتە کە لە بەردەمیاندا دەوەستێ بۆ ئەوەی نەختێ دڵنەواییان بکات تاوەکو زۆر نەچنە پێشەوە، کەمترین شت بە خاو و خلیسکی لێرەدا بکرێ، بۆ ئەوەی بە کەنارگیری بڕۆن لە هاوشانی دیوارەکەدا نیشتەجێ بن. لێرە، لێرە، کاروبارەکە ترسناک نییە، پیاوەکە دەتوانێ لەسەرخۆ تەماشایان بکات... ئۆتریلۆ مەستبوو، تازە لە سانتەوە هاتبوو ئان و ڤان کۆخ، ئای کەس بەوە نازانێ ڤان کۆخ لەم پارچە کاغەزەدا چی هەڵگرتووە... بە گوێچکە براوەکەی! (پیاوە گوێچکە براوەکە) بەهەموو دڵنیاییەکەوە ئەوەی دەزانی! کارەکە ئێستا لە هەموو شوێنێک ئاشکرایە. ئەمەش هەموو کاروبارەکەیە. ئایا تووڕە نابێ؟ ئاخۆ ڕاناپەڕێتە سەر پێ و بە توندی پاڵ بە ئافرەتەکەوە بنێ و بە زەین پەرت و بڵاوی و شەرمەوە، بە لێوی بێزار و کرژ و شێوە دزێوەوە لێیان بچێتە پێشەوە؟

نا، نا، ژنەکە لە واهیمەکردنەکەیدا بە هەڵەدا چووبوو. پیاوەکە باش دەیزانی و بەخشندە و لێبووردە بوو لە کاتێکدا ڕوومەتی خۆی لوول دەکرد فیکە بچکۆلەکەی دەکێشا و تاکو ئێستاش لە قووڵایی چاوەکانیدا ئەم خۆشییە و ئەم ژیلەمۆیە دیارە کە نیشانەی هەستێکی هێورە بە باوەڕ بەخۆبوون و ئاسایش و ڕەزامەندی.

عەلی شێخ عومەر

# نامۆبوون و دۆزینەوەی خود لە شیعری "ژیانێکی رامبۆییانە"دا

۲ لە ۲

هێڵی ئاسنینی بێکۆتایی، تونێڵە تاریکەکانی یۆنان کۆڵ بە پشت و کیسە خەو و پێڵاوی

سێ حەرفەکە، فیقەی شەمەندەفەری سەدەی بیست:

کالیمێرا ئەسینا:

**ئەچمە سەر گۆڕستانی خواوەندە دێرینەکان، لە پاڵ دینگەکانی ئەکرۆپۆڵس دا، لەگەڵ**

**پەیکەری فەیلەسووفەکان سەمای زۆربایانە ئەکەین**

**شەوان خۆم بە باڕێکی هەرزان یاخۆ ماڵێکی گڵۆپ سووردا ئەکەم، لە پارکێکی**

**ساردوسڕدا کارتۆنێ مقەبا بە خۆما ئەدەم. ئەم ئەسینایە**

**نە چاخانەی مەچکۆی لێیە**

**نە گەڕەلاوژەکەی شێخەلا** ..........(۱۸)

شاعیر رەهەندەکانی زەمەن دەستەمۆ دەکات لە هەناسەیەکی قووڵتردا خەستیان دەکاتەوە، جەستەی هۆنراوەکەی بە دوو سەردەمی جیاواز بارگاوی دەکات و هێز و توانای مانەوە فەراهەم دەکات، سەردەمی یادوەرییەکانی نیشتمان لە ساڵەکانی حەفتای سەدەی رابردوو بە سەدەکانی رابردووەوە تێهەڵکێش دەکات، هەوڵی هاوشێوەبوونێک دەدات، تەرزەکانی چەوساندنەوەی مرۆ بە

درێژاییی مێژوو ئاشکرا دەکات، لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا لە خاڵە دروستکراوەکانی گرتن و سەرنگومکردندا چۆن تەکنیکی شاردنەوەی ئامرازەکانی مانەوە و بەردەوامبوون گرێ دەدات بە رەوتێکی مێژووییەوە کاتێ دۆگمای راستییەکان خود رەنگرێژ دەکەن، خود لە خاوەنەکەی جیا دەبێتەوە و نامۆبوونەکەی فەراهەم دەکات، بۆ رزگارکردنی خۆی لەو تەنگژەیە ناچار دەبێ وەک پەرچەکردارێک هاوسەنگییەک ئامادە بکات لە نێوان داکەوتەی خاڵی پشکنین کە باڵادەستە و ئەم بندەستە، ئەوان دەسەڵاتن... ئەم بەرانبەریان پێڵاوەکانی دەکاتە سەنگی مەحک، بۆ شکاندنی رێساکانیان رێگە دێرینەکەی ئەفسانە و قەدیسە کۆنەکان دەکاتە ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئێستای ئامادە، بە هەمان شێوە بە گەمەی شاردنەوە بوێریی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ترس، ترس لە شکستە یەک لە دوا یەکەکانی، و دەرککردن بە نەخوێندنەوەی شوناسی کورد و تاکی کورد ئەگەر لە دیدەیەکی ئەنترپۆلۆجییەوە سەیر بکەین دەبینین هەر هێزی ترسە وەک پێداویستییەکی هیراریشیە بۆ پڕکردنەوەی نادیار و نەزانراو، تێرمی ئەفسانە و قەدیسە کۆنەکانی بەرهەم هێناوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە خاڵێکی سەرەکی لە زانستی ئەفسانە کە (بە پێی هەندێ لە توێژەران لە دێرزەمانێکی دووردا مێژوو نەبووە بە نووسین، رووداوەکانیش بە سەرزارەکی لەناو نەوەکاندا گوێزراونەتەوە بە هۆگەلی جیاواز و ئاڵۆزەوە نەتوانراوە هەواڵەکان راستەوخۆ بگوێزێتەوە، بۆیە پەنایان بردووەتە بەر سیمبوڵ و نواندن).....(١٩)



ئازاد ئەحمەد ئەسوەد

بەم پێیەش بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە مەبەستەکانی شاعیر ئاشکرا دەبێ، پێش ئاگایی دەکەوێت و بە نەلکاندنی رووداوەکان بە مێژووی نەتەوایەتیمان دیاری دەکات، یان بە دابڕانی تاکی کورد لە مێژوو لە سۆنگەی نەنووسینەوە و بە دۆکیمێت نەکردنی مێژوو لەبەر هۆکاری جیاواز و ئاڵۆز کە ئەمەش رەنگدانەوەی خۆی هەیە چ لەسەر تاکی کورد، چ لە دید و بۆچوونی شاعیردا، دەرککردن بەم نەهامەتییەی کە درێژەی هەیە و دەبێتە بەشێک لە ناسنامە و شوناس و بە رادەیەک پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر کەسایەتییەکەی تا لە تاراوگەشدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە و بڕانەوەی نییە، خەسڵەتی تاریکیی هەیە، بەکارهێنانی هێڵی ئاسنین دەکرێ ئامرازێک بێ بۆ دەربازبوون، رێگەیەک بێ بۆ پێداچوون و رۆچوون و رامکردنی رێگەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەی تاک مانایی و بوون و دەرچوون بێ لە گۆشەگیری، شکاندنی دوورەپەرێزییە بە هەموو رێساکانییەوە، جێکەوتی داپچرانێک بێ لە ئەفسانە و خەیاڵ، کوژانەوەیە، دوورخستنەوەی یوتوبیایە، ئاشکراکردنی نادیارە کە شاعیر بە بڕینی تونێلە تاریکەکان وێنای دەکات جا با شوێن لە یۆنانیش بێ گرینگ نییە، بە نامۆبوونی شاعیر شوێن کاڵ بووەتەوە و ناتوانێ بەرهەڵستی گۆڕانکارییەکانی ناو خودی بکات لە ئاست هەستی تەنیایی و نیگەرانی بەرابەر بە روانگەکانی کرانەوە کاتێ پابەند دەبێ بە فرە

بۆچوون و فـره ڕەهەند ئەگـەر وێناکردنی تـونێل کۆتاییی دالەیەک بێ، وریابوونەوە و تێپەڕکـردنی مـاکی نامـۆبوونەکەی، هەرەسـهێنانی نەهامـەتییەکـەی لە ئەوروپا و یۆناندا، ئەوا مـەدلوولەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا بە ستایلێکی تر دادەڕێژێ و روخسـار و سیمـای لە کەسایەتییەکەیدا بە (پشت کۆڵ و کیس و خەو و پێڵاوی هەرسێ حەرفەکە) شـوناس دەکرێن، دەشێ مەبەست لە پێڵاوی سێ حەرفەکە ئەو پێڵاوە شاخاوییە بێ کە لە کوردستـانی باکوردا بەناوبانگە و گەریلاکانی پەکەکە بەکاری دەهێنن ، هەروەها زۆربەی کات بەکار دێت لەلایەن ئەو کوردانەی کە بە ڕێگەی قاچاخەوە لە تورکـیـاوە دەچنە نـاو خـاکی یۆنان، یان دەشێ مـەبەست و دروشـمـێکی سیـاسی بە دواوە بێ هەرکامیان بێ لێرەوە لە قـاڵبێکی شپرزەدا، لە وەستانێکدا کە سینبـوڵە لەسەر ئاستی هۆشهاتنەوە بۆ بەرجەستەکردنی گوتەزای (ئیدی بەسـە) کە لە فیـــکەی شەمـەندەفەرەکەدا خۆی دەنوێنێ زەنگی کرانەوە بە دیوێکی جیـاوازدا دێتە بیستن، بە مـانای گەیشتن و سـەلماندن و دۆزینەوەی بنەڕەتی/ چییەتی بوون بەوەی چیدی پێداویستییەکانی دۆزی مرۆ بە دروشم و ئەفسانە چارەسەر ناکرێت.

ڕۆچوون و هەڵوەشـاندنەوەی دینامیکی پێوەندییە مرۆییـیـەکانی هەردوو ڕەگەز تا ئەو ئاسـتـەی سێکس پەرۆشی و جـوانی لەدەست دەدات، ئیدی ئەو کارە چ تین و گەرمـییەکی تێدا نامێنێ، ئەو ئامرازە بـاوانەی کە نێر و مێ لە جێگەی نووسـتندا کۆ دەکاتـەوە بایەخ و مـاناکـانی دەدۆڕێنێ و ڕەنگدانـەوەی بێنرخ و سـووککردن بـە سـەریدا زاڵ دەبێ بۆیە لە بری بەتانی و لێـفـە وەک تۆڵە و سـووککردنی خۆی کارتۆن و مەقـەبا بەکار دەهێنێ و بە خـۆیدا دەدات. لەناو ئەم دووڕییـانەدا، لەم زیندەخـەوەدا جارێکی تر شاعیر وریا دەبێتەوە لە گڵۆپە سوورەکانی ئەسینای پایتەختەوە ئاوات دەخـوازێ بێـتـەوە کـوردسـتـان مـۆڵگەی ئەوینی دێرین بێـتـەوە بۆ بنەوا، بۆ ڕەگـوریشـە، لە بری دینگەکانـی ئەکرۆپولیس و پەیکەری فەیلەسووفەکان بچێتە چایخانەکەی مچکۆ کە زیاتر شوێن و دیدگای ڕۆشنبیرانە، چایخانەکەی مچکۆی پێ باشترە لە دینگەکانی ئەکرۆپولیس یان حەز دەکات بچێتە بازاڕی شێخەڵا، شوێنی ونبوونی دەنگەکان ، کە بازاڕێکی میللیی هەمەڕەنگ و هەمەدەنگە، لەناو ئەو هەرا و زەنا و دەنگەدەنگە جارێکی تر شـاعیر لە مۆڵگا و نیشـتمـانی خـۆیدا هەوڵی خۆ دۆزینەوەی وا بـەباشـتـر دەزانێ وەک ژیان بەسـەربـردن و ونبـوون لە ئـەوروپا و لە یۆنان. ئـەمـەش پارادۆکسێکە لە هەڵوێستی شـاعیر لە گواسـتنەوەی چەمکی ونبـوونەوە بۆ خـۆدۆزینەوە لە چەمکی ڕۆمانسیی ڕۆژانی ڕابردوودا.

**ئەگەڕێمەوە حەفتاکان،**

**لە بەردەم ئامادەییدا، لاوێکی ڕەشتاڵە و کچە هاورێکەی، بۆرد و حەرف تییەکەیان**

**بە سینگەوە نووساندووە و چاوەڕێی پاس ئەکەن، لێیان نزیک ئەبمەوە و دەمەتەقێ**

**ڕۆمانسییەکەیان لێ ئەبرم**

**– ئەمناسیتەوە؟** .......................(٢٢).

کرانەوەی هەستی جوانیی دڵداری شتگەلێک نییە بە ئاسانی لە نەستی شاعیردا کاڵ بنەوە، رەهەندەکانی ئەو پێوەندییە ئینسانییە بەتین و وردەکارییەکانییەوە ئامادەبوونێکی زیندووی هەیە بە ئەندێشە و خەیاڵی تازەوە بەردەوام لەگەڵ رەوتە جیاوەزەکانی سەردەمدا لە نوێبوونەوەدان، کاتێ خودی شاعیر لە جەستە جیا دەبێتەوە لە ئەندێشە و زیندەخەونەکانیدا خود بەرجەستەی کەسایەتیی شاعیر دەبێت و وێنای درامیی خۆی لەناو تراجیدیای ئەو پێوەندییەدا دەکێشێت، چەند بەناسکی و شاعیرانە مامڵەی لە تەکدا دەکات، ساتێ دەبینێت چۆن خود لەناو پرۆسەی دڵدارییدا هەست بە نامۆبوونی خاوەنەکەی دەکات، وەک ئەوەی کەسێکی تر بێ، تێرامان لە وێنەگرتنی تاسە و حەزی لاوێکی رەشتاڵە کە شاعیر خۆیەتی لەگەڵ دولبەرەکەیدا، گەواهی خود جێکەوتی یەکەم کەوتنی شاعیرە لە بنیاتی یەکەم ژوانی دڵدارییدا، سەرەتای ئاوێتەکردنی رەنگەکانی نامۆبوونە لە تەک دەرککردن بە تام و کام و بۆن و بەرامی رەگەزەکەی تر، بڕوا ناکات ساتەکانی چاوەڕوانی و بارستاییی سەردەم چۆن خود لە خۆی جیا دەکاتەوە، پیرۆزکردنی ساتەکانی رۆمانسییەت و راڤەکردنیان چۆن رەهەندی ئەو هەستە قووڵانەی نەست بە لە یەک نێزیکبوونەوە و بە چەند وشەیەکی کەم و لەیەکپچڕاو تێک دەشکێت، دەستەواژەی (دەمناسیتەوە) ئاماژەیە بۆ شکاندنی رەگەزی نێرینە بەو هەستە خەفەکراوەی رەگەزی مێینە کە لە ئەویندا بەرجەستە بووە، لە هەمان کاتدا بە سەرسامییەوە پرسیارێک بەجێ دەهێڵێ، بۆ کرانەوە لە تەنگژییەکان و خۆدۆزینەوە یارمەتیی لە بەرامبەر دەوێت تا تێزی ئەو دیالۆگە ئەنجام بدا کە نەهاتە بەر و لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی ژیانیدا هەروا مایەوە، و یادەوەریی پێداچوونەوەی تام و بۆی مەستبوونی لە ساڵانی هەنووکەدا رادەگەیەنێت، پێوەندیی شاعیر بە ئەوینەوە پتر پێوەندییەکی بوونگەراییی تاکڕەوە و لە نەستیدا جێگیرە، دابڕاوە لە پیادەکردنی فاکتەرە زیندووەکانی، پەرچڤەکردنی ئەو نەست و هەستە و بە وشە گوزارشت لێکردن و بەیان بۆ لەدەستدان و بەتاڵکردنی خەم و ئازاری عەشقی عوزری کە ئەمی شاعیر حەز لە پاراستنیان دەکات، بە مانایەکی تر حەزکردن لای ئەم حەزکردنێکی پاکیزەیە و پەرۆش و تینووە، کراوەیە و ساڕێژ نابێ، سەردەم نایسڕێتەوە، پێوەندییەکی ئاسۆییی رەهایە، هەڵگری خەمێکی قووڵی خنکاوە لەژێر پاڵەپەستۆی ئەتمۆسفیری یادەوەری و رۆمانسییەتدایە، بنبەستبوونی حەسرەتەکانی گەنجێنیی دێرین لە هەنووکەدا، هەستکردن بە تەنیایی لە غوربەتدا کەفیلە بە ئامادەبوون و جوانکردنی وێنای ئەو نەفیکردنەی کە هەرگیز شاعیر نایەوێت کاڵ بێتەوە، پێداچوونەوەی مەستییەک، حەوانەوەیەک دەبەخشێ کە تافێکی ژیانی شاعیر ئاشکرا دەکات کە کاتێ لە کۆتاییی حەفتاکاندا قوتابی بووە.

**ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛**

**لە چایخانەیەکی خوار قەڵادا دەنگی هابە**

**له تۆپ قاپی، حیلەی ئەسپەکەی ئاشوور پانیپاڵ......**
**ئێوارەیەکی یەسینینی بوو، چرووت بە دەستێ لە مارکیز ئەچوو، لە بەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا وەستابوو، وتیان ئەوە شێرکۆ بێکەسە، تەمێ ڕژایە ئەو ناوە، پەڕ و توکی فریشتە بارییە سەر شان و ملمان........**[٢٣].

دووپاتکردنەوەی ساڵەکان دەرنەچوونە لە خوولگەی ئەو بیرەوەرییانەی کە بەشێکن لە پێکهاتەی کەسایەتیی شاعیر، شکۆفەیەکە بۆ خوێندنەوەی ئێستایی، تاسەیەکی پڕ حەسرەتە بۆ رۆژانی بەسەرچووی تافی بێگوناهی کە هەوێنی خەمێکی رۆمانسیی خەست دەگرێتەوە، خەمێکی هەرزەکارانەی شیرین لە رابردوودا، دەکرێ ریشەی ئەم خەمە بکەینە بەشێکی گشتی لە پێکهاتەی خەمی بنەڕەتی لە کەسایەتیی کورددا، بەم پێیە دەتوانین لە چەند ئاستێکی جیاوازەوە لە مەبەستی شاعیر بکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەین؛ لەبەرئەوەی تۆبۆگرافیایی کەرکووک پێدەشتە و ئەو تەختاییە دەبینین چۆن ڕوحی مێژوو لەسەر جەستەی جوگرافیادا شوێن پێ جێ دەهێڵێ و برینداری دەکات و تا ئێستا خوێنی لێ دەتکێ و سارێژ نەبووەتەوە، چۆن هەستی نامۆبوون مووتوربە دەکرێ و دەسەپێنرێتە سەر رووە راستەقینەکەی شاری کەرکووک، کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی شێواندنی دراوە، بۆ برینی پارچەیەک لە جەستەی جوگرافیا، چۆن چاوبەستی دەکرێ لە ڕوحی مێژوو، لە رووی شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەر لە حیلەی ئەسپەکەی (ئاشور پانیپاڵ)ەوە هەوڵی گۆڕین و سڕینەوەی سیمای شارەکە کە لە دەروازەی تۆپ قاپی قەڵاوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە چەند سەدەیەک حوکمی کرد و کاری راستەوخۆی کردە سەر هزر و کەڵچەری گشتی، دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخەی شاری کەرکووک ئاوێتەی خەمێکی کوردی کە دەنگێکی تورکمانی بەرهەم هێنا کە لە لاوانەوە و مەقاماتی (هابە)ی..[٢٤].

سترانبێژدارەنگ دەداتەوە، پووکانەوەی کایەی مێژووی کەرکووک لەوەوە دەست پێ دەکات کاتێ شار لە بەرزیی قەڵاوە کە هۆرییەکانی باو و باپیرانی کورد دایان مەزراندووە، دێتە خوارەوە و دەبێتە چایخانە. سەرەتا قەڵا شار بووە .. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا شار دەبێتە چایخانەیەکی پەرپووت، لە مێژووی تۆکمەوە بۆ جوگرافیای چایخانەی هەمەڕەنگ و هەمەدەنگی و فرە نەتەوەی بێ سەروبەرە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شاعیر نارەحەت دەکات و ماکی نامۆبوونەکەی قورستر دەکات تووشی شۆک و پەشێوی دەکات، تەنگژەی شاعیر ژیارییە و لە پێناویدا شەڕ دەکات، شەڕی کەڵچەر و شەڕی کەلەپوور دەکات، داکۆکی لە دەنگی مانەوە دەکات، وەستاندنی لێشاوێکە لە شێواندن کە دەیەوێت سیمای رەسەنی شارەکە بگۆڕێت، بە دەڤەری گەرمیانیشەوە، سەدای هاوارێکە بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێم، (هەر وەک لە سەرەتای نووسینەکەماندا ئاماژەمان بۆ کردووە) ، بۆ دەروونی خۆی، شاعیر هەر زوو پێش وەخت جڵەو بۆ

یادوەرییەکانی خۆش دەکات تا بە هێمنی پەردە لەسەر ئومێدێک هەڵگرێ و تۆزێ داساکێت، کاتێ خەمێکی هەستیار دەڵەمەی خەونێک دەکاتە سینبوڵی ئێوارەیەکی نامۆ، دەیەوێت خۆی لەناویدا بەدی بکات، دابڕانی ناوی شاعیرێکی گەورەی رووسیی وەک یەسینین بە ساتە وەختی ئێوارەیەکی کەرکووکەوە رەهەندێکی ئینسانیی زیندووی پێ دەبەخشێ، هەروەها ئاماژەیەک دیاری دەکات بە خەسڵەتەکانی نامۆبوون و کایەکانی ونبوون، چونکە سێرگی یەسینین ناسراوە بەوەی (نامۆیە بە جیهان بە خێرایی وا کە بە بیری کەسدا ناچێت و دەچێتە قۆناخی ونبوون)[٢٥]. کەرکووکێ تەنیا و ئێوارەیەکی یەسینینی بەرخوازی شاعیرێکی نامۆ لە ئێستای هەندەران و لە رابردووی نیشتمان، شاعیر گێڕانەوەی یادەوەری دەکاتە ڤیزای داهێنان، لەبەرئەوەی (گێڕانەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و خوڵقاندنی ماناناسانە)[٢٦]. کات ساڵی حەفتاکانە... سەرەتای چاوکردنەوەی شاعیرە لە دنیای شیعردا، چەکەرەکردنی هەستەکانی گەنجێنییە، فراوانییە دنیای خەیاڵە بە ناودێرکردن و دیاریکردنی ئێوارە بە ناوی یەسینین ئەوە دەگەیەنێ کە تا چ رادەیەک شاعیر سەرسامە و خودی خۆی لە نامۆبوون و ونبوونەکەی یەسینیندا دەدۆزێتەوە، چۆن کایەی نامۆبوونەکی خۆی دەگوازێتە دەرەوە و دەیلکێنێ بە ئێوارەیەکەوە، سکاڵای دەروونی ناشارێتەوە، هەوڵی خۆدۆزینەوە دەدات. چۆن یەسینین سەرسام بووە بە (پۆشکین، لیرمنتۆڤ، بلۆک) ئەمیش بە هەمان رادە سەرسامە بە (شێرکۆ بێکەس)ی[٢٧].

شاعیر، چۆن بۆ خۆدۆزینەوە و هێزی مانەوە شیرکۆ دەکاتە ئەلتەرناتیڤی یەسینین چۆن نایچوێنێ بە گابرێل گاریسیا مارکیز نووسەری (خۆشەویستی لە سەردەمی کولێرە) پتر پێی لێ داگرین خاوەن کەسایەتی (فلۆرینتینۆ ئەریتا) کە پێشتر سەلماندمان کە چۆن شاعیر خودی خۆی لەو کەسایەتییەدا بەدی دەکات، ئەگینا چی ناوی رۆماننووس دەهێنێتە ناو شاعیران، ناوهێنانی مارکیز هەروا گۆترە نییە، لێکدانەوەی فراوانتر دەسەپێنێتە سەر بۆچوونەکانمان. ئەو پنت و پێگانە چین کە دیدگای شاعیریان دروست کرد لە وێناکردن و لێکچواندنی شێرکۆ و مارکیز، وەلی دێوانە و ئازاد ئەحمەد (فلۆرینتینۆ ئەریتا)، نالی و شیرکۆ (مارکیز)، نیگاکانی (ئۆرهان وەلی) و ئێوارەی (یەسینین)ی. چی وای کرد کە شاعیر هەڵوێستە بکات و لە هاوکێشەیەکی وادا خۆی رەچاو بکات، چی ئەمانە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دەرهاویشتەی چ خاڵێکی هاوبەش لای شاعیر دەخولقێنێ؟ . ئازاد ئەحمەد بە نهێنی و بە هاوکێشەیەکی شاراوە لە رێگەی ئەم ناوانەوە لەگەڵ گوتاری هۆنراوەکەدا گەمەی خۆی دەکات ژێر بەژێر هێزی مانەوە فەراهەم دەکات و لە دۆزینەوەی خودیشدا سازش ناکات، بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەیەش زیرەکانە توانیویەتی سەرەتای هۆنراوەکە پێوەست بکات بە کۆتاییی هۆنراوەکەوە و قفڵی بکات، ئەویش بە پۆلینکردن و گواستنەوەی پاژەکانی هزر و گەورەکردنی دیدەی بەهاکان و قۆرخکردنی نامۆبوونەکەی لە رەهەند و مەبەستێکی پیرۆزدا، ئەویش چەمکی مانەوەیە بەرابەر بە چەمکی گواستنەوە، پێشتر گوتمان کە چۆن شاعیر خودی خۆی لە (فلۆرینتینۆ ئەریتا)دا دەدۆزێتەوە لە هەستیدا لێکچواندنی فەراهەم

دەکات، هەوێنی ئەو هەستکردنە چۆن لە نەستی شاعیردا ماوەتەوە و دوا جاریش دەبێتە داینەمۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیدا کە لەسەر بنەوای نامۆبوون و عەشقەکەی بەندە، بەم پێیەش لە ئیستادا مارکیز (فلۆرینتینۆ ئەریتا) هەڵدەبژێرێت، وەلێ ئەو عەشقەی (فلۆرینتینۆ ئەریتا) لە رووی نامۆبوونەکەیەوە ئەلتەرناتیڤی عەشقەکەی وەلی دێوانە نییە لە رابردوودا کە لە سەرەتای هۆنراوەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە، کەواتە وەلی دێوانە سەرەتایە و (فلۆرینتینۆ ئەریتا) ئەنجامە، بۆیە رێکەوت نییە ئەگەر لە هزری هەناوەکی شاعیردا پێگەیەکی نەبێ بۆ بەراورد ناڵێت مارکیز لە (شێرکۆ) دەچێت، ئەی ئەوە ئازاد ئەحمەد نەبوو کە خۆی لە (فلۆرینتینۆ ئەریتا) مارکیزدا بینی، هەر هێزی ئەو سیحرە نەبوو کە ناوی مارکیزی هێنا و چووندی بە شێرکۆ ، ئەی ئەوە خۆی نییە لە دەرگەی مارکیزەوە دەچێت لە پشتی شێرکۆوە دەوەستێت، لێرەوە بۆ ئێمە دژوار نییە ئەوە ئاشکرا بکەین کە (شێرکۆ)یش ئەلتەرناتیڤی (نالی)یە بەوەی هەردووکیان لە رووی نەتەوایەتییەوە هەڵوێستی دیاریان هەیە یەک لە ئێستای کوردستاندا ئەوی تریش لە ئیمارەتی بابان، بۆ پێداگرتنێکی زیاتر لە روونکردنەوەی مەبەست لە گوتاری هۆنراوەکە، دەکرێ بڵێین شاعیر بۆ بەدەستهێنانی چەمکی مانەوە کردەی گواستنەوە بەکار دەهێنێ، هەر لە سەرەتای هۆنراوەکەوە کاتێ دڵدارییەکەی وەلی دێوانە دەکاتە نموونە و لە خودی خۆیدا بەرجەستەی دەکات، بەوەی باس لە شیمانەی ئەوە دەکات ئەگەر کەسێک لە پێناو نسکۆی ئەوینی ئافرەتێکدا نیشتمان جێ بهێڵێ، ئەوا نەک نیشتمان بگرە ئاسەوار و گۆڕیشی نابێ، ئەگەر کەسەکە لەناو دوو کەوان ئازاد ئەحمەد نەبێ، بگرە وەلی دێوانەی شاعیریش بێ هەر بە هەمان شێوە و هەمان چارەنووس نە بە جوگرافیا گۆڕی دەبێ نە بە مێژوو شوێنەواری دەبێ.

ئەی ئەوە لای شاعیر چەمکی گواستنەوە نییە کە لە ئەوینێکی هەرزەکارانەوە پەل دەهاوێت بۆ ئەوینێکی کامڵ و هەراش و تۆکمەتر، بۆ ئەوینی نەتەوە کە (نالی)ی شاعیر دەبێتە نوێنەری. ئەی رەهەندی ئەم تێزە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێمان ناڵێت کە ئەشق لە ئافرەتەوە سەرچاوە دەگرێ و لە نەتەوە یاخۆ لە نیشتماندا کۆتایی پێ دێ، ئەی پشتکردن لە جوگرافیا شکستی مێژوو بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەی ئەوە برینی قۆناخێک نییە لە دید و بۆچوونی شاعیر کاتێ نالی هەنگاوێک دەخاتە پێش و دەبێتە ئەلتەرناتیڤی وەلی دێوانە و بەوەی ئەوین لە بەشەوە دەگوازێتەوە بۆ گشت، لە ئافرەتەوە بۆ نەتەوە و بۆ نیشتمان، لە سەرەتاوە بۆ ئاکام، بەڵام سەرهەڵگرتنەکەی نالی بۆ دەرەوەی کوردستان، ئیشنەکردنی لەسەر چەمکی مانەوە و گەڕانەوە نالی دەخاتە خانەیەکی نەگەتیڤەوە بۆیە لە هەندەرانیشدا بۆنی جامانەکەی نایە. ئەی ئەوە ئازاد ئەحمەد نییە کە هەڵوێست وەردەگرێ و ڕاستەوخۆ دەچێتە بەرەی پۆزەتیڤەوە و شێرکۆ دەکاتە ڕێناس بە دەستەواژەی (وتیان ئەوە خۆیەتی) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەش شتێکی شاراوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر هەر لە سەرەتای شیعر نووسینیەوە لە رێگەی بیرەوەرییەکەوە بەهەستی نامۆبوونەکەیەوە سەرسامبوونی خۆی بۆ شێرکۆ و بۆ شیعرەکانی دەردەبڕێت.. گوتاری مانەوە

هەڵدەبژێرێت، شێرکۆ لە شێوەی مارکیزدا، نامۆبوون و ونبوونەکەی یەسینین لە ئێوارەیەکی کەرکووکدا بەرجەستە دەکات، لە بەردەم کتێبخانەکەی (ئاسۆی کاک جەبار)دا[٢٨].

خودی خۆی و نامۆبوونەکەی لەناو ئەواندا دەدۆزێتەوە. ئەی ئەمە چەمکی ئامادەبوونی ئەوان فەراهەم ناکات بۆ ئیشکردن لەسەر چەمکی لابردن و مردنی بیری رۆمانسی دێرینی (وەلی دێوانە، نالی، ئورهان وەلی و یەسینین) کاتێ مەرگی ئەوان دەبێتە تەم ودنیای رۆشنبیری و کتێب و جیهانی شیعر دەگرێتەوە و ئەوان بە فریشتە ناودێر دەکات، پەرتووکەکانیان دێتە سەر شان و ملی خۆی و شێرکۆ، مانەوەی ئاساری ئەوان لەسەر شان و ملی ئەمان هێمایەکە بۆ سەرکەوتنی ئەوان بە (سەرکەوتنێکی داخراو)[٢٩]. بەمەش ئەرکی مانەوە و بەردەوامبوون چووە ئەستۆی ئەمان، گەیشتن بەم ئاکامە بێ بنەوا نەهاتووە، لەبەرئەوەی شاعیر لە پێش ئەم گواستنەوەیە ئاماژەی بۆ کردووە کاتێ بەرەی قەدیسە کۆنەکان چۆڵ دەکات و دەچێتە پاڵ فەیلەسووفەکان و لەوێوە دەرک بە دۆزینەوەی خودی خۆی دەکات، خۆشییەک دەیگرێ و بە سەمایەکی زۆرباوییانە گوزارشت لە خۆی دەکات و پەیامەکەی بە جیهان رادەگەیەنێ.

ماوەتەوە بڵێم ئەم هۆنراوەیە بە یەک نەفەس نووسراوە، ئەوەی جێی سەرنج و تێرامانە ئەم هۆنراوەیە بەبێ ناو و نیشانەکی ١٣٧ دێرە بێ هیچ وەستان و ناوبڕێک، ژیان ئاسا خەسڵەتی مانەوە و بەردەوامی بۆ خۆی هەڵگرتووە و هەڵی دەگرێت، لەبەرئەوەی (هەموو گەرانێک بە دوای شیعردا، گەرانە بەدوای خۆڵەمێشا نەک ئاگر)[٣٠].

ژێدەرەکان:

١٩- عدد٥٤ سنة ١٩٧٩، الاسطورة - د نبيلة ابراهيم - الموسوعة الصغيرة. ص ٩.

٢٠- حب في زمن الكوليرا - غابريل غ . ماركيز- رواية - ت عن الاسپانية صالح علماني ١٩٨٦.

٢١- انثى ضد الانوثة - جورج طرابيشي (لامارتين )- دار الطليعة بيروت ١٩٨٤، ص ١٣١.

٢٤- سترانبێژێکی میللیی تورکمانە بە ڕەگەز کوردە، خەڵکی کەرکووکە ناوی عەبدولوەهابە ناسراوە بە هابە.

٢٥- يسينين قصائد مختارة ، نقلها عن الروسية حسيب الشيخ جعفر- دار الرشيد للنشر، ص ١٥.

٢٦- پۆل ریکۆر، لە( کتێبی زمانی گێڕانەوە) ، هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٠.

٢٧- لە ساڵی ١٩٤٠دا لە شاری سلێمانی لەدایک بووە یەکەم هۆنراوەی لە ساڵی ١٩٥٧ لە رۆژنامەی ژین دا بڵاو کردووەتەوە یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی ڕوانگە کە پێک هاتبوون لە (ئەنوەر شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا پەشێو، جەمال شارباژێری).

٢٨- کتێبخانەی ئاسۆ لە شەقامی جمهوری کە کاک جەبار خاوەنی بوو، مۆڵگەی رۆشنبیران بوو لە کەرکووک، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لەلایەن رێژیمەوە دەسگیر کرا لە دواییدا چوو بۆ وڵاتی سوێد.

٢٩- هەمان سەرچاوەی ژمارە٢٥ سەرکەوتنی داخراو واتا(مردنی خاوەنەکەی ونەمری بیروباوڕەکەی) ل ٩.

٣٠- موسوعة مصطلح نقدي: تصوير و خيال، ت عبدالواحد لؤلؤة بغداد ١٩٧٩. ص ١٣.

شێرکۆ شەریف

# گەشتێک بەرەو بێهوودەیی

## لە شیعری (هاوینت باش کچی پایز)ی هیمداد شاهیندا



بیرمان نەچێت قسەکردن لەسەر شیعر قسەکردنە لەسەر جیهانێک کە پڕاوپڕە لە هەست و نەست و خەیاڵ و فەنتازیا و زمانی مەجاز و وێنەی خوازراو و خواستراو، قسەکردنە لەسەر هەندێک لەو دەنگانەی کە نابیستریێن، لەو حەز و ئارەزووانەی کە رام ناکرێن، شیعر گەلێک جار لە شوێنێکی نادیارەوە خۆی خۆی دەکات بە ماڵە کز و تەنیا و خامۆشەکاندا، زۆر وەخت لەناو قەدەری مانا و بێ ماناییدا ڕێمان لێ بزر دەکات و دەماندات دەست ڕەشەبای شتە نەزانراو و نەبیستراوەکان، پەلکێشی دوای ئەو ڕوداوانەمان دەکات کە ناچنەوە سەر یەک سەرچاوەی حەقیقەتی دیاریکراو، دوایی زۆر بە نهێنی دێت دەمانکاتە کانگای جوانی و پەنهانی و حیکایەتی سەیروسەمەرە، کەریم دەشتیی شاعیر دەڵێت: شیعر زیاتر

گەمەیەکی ئیستاتیکییە و شاعیر لەناو دەقدا یاری بە زمان و مانا و ڕستە دەکات بۆ ئەوەی دەقێکی سیحراوی پێشکێش بکات، لێرەوە بۆ ئێمە شیعر ڕووداوێکە لەو ڕووداوانەی کە مێژوو ناتوانێت کۆتی بکات، دەکەوێتە دەرەوەی هەر پێوانەیەکی مێژووییش بۆ هەڵسەنگاندن، واتا شیعر ناکۆکە بە ڕووداوە مێژووییەکان و بە ئەگەرە سیاسییەکان، ناکۆکیشە بەو دیدە ئایدیۆلۆجییانەی کە دەیانەوێت لەو چوارچێوەیەدا بیخوێننەوە، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە بەدەوری گوتاری حەماسی و بەرگری و سۆزداریدا دەسوورێتەوە، لەم سۆنگەیەوە سیفەتی شیعر سیفەتێکی ناجێگیرە و نمایشی ڕوحێکی سەرکێش دەکات لەناو زمان و مانا و مەدلوولەکاندا، دەشێت بڵێین شیعر بۆیە شیعرە بۆ ئەوەی ناخی مرۆڤەکان بدوێنێ و بۆ ئەوەی چرایەکی داگیرساو بە دەوری وجودی مرۆڤ هەڵبکات، بۆ ئەوەی ببێت بە سیمبولێک بۆ هۆشیاری و ئازادیی مرۆڤ، شیعر بەدوای پرسیارە ناکۆتاکان دەڕوا و لە نهێنیی سیحری لەزەتبردن و چێژوەرگرتن نێزیک دەبێتەوە، جوانی شیعر لە هەڵوەشاندنەوەی مانا و فۆڕم و زماندایە، لەو میلۆدییە شیعرییانەیە کە بەڕیتم و ئیقاعێکی خاو لەناو دەقدا دەچن بەڕێوە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام کە بڵێم پێوەندییەکی توند و پتەو لە نێوان شیعر و شاعیردا هەیە، زۆرجار تێکست دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی شاعیر لە ڕووە دەروونی و هەڵچوونە دەرونییەکەوە، کەم نین ئەو شاعیرانەی واقیعی ژیانیان تێکەڵ بە بەهرەی شیعری کردووە، واتا چرکەساتی لەدایکبوونی شیعر چرکەساتی بێداربوونەوەی هەست و جۆش و ویژدانی مرۆڤە، شیعر بۆ خۆی دەبێتە نووسینەوەی ژیانی تراجیدیی شاعیر لە پێکهاتە و فۆرمە ئیستاتیکییەکەیدا، من وای بۆ دەچم زۆرجار شاعیر وێڵی دوای سێبەرە تاریک و ڕووناکییەکانێتی، وێڵی دوای ئەوەیە دەستی بە حەقیقەت بگات و لە حزوری ڕاستگۆییدا بەیەکجاری ڕووت ببێتەوە، هەر هیچ نەبێت بە ڕوحێکی برینداری ناو ژیانێکی تاریک و لێکترازاو ساتێکی سۆفییانە بژی، لێرەوە ئەوەی زیاتر بەلای منەوە گرینگە دانەبڕانی شیعرە لە شیعرییەت، کردنەوەی دەرگەیە بە ڕووی زیاد لە دەنگ و ڕەنگ و شێوازێک بۆ گێڕانەوەی یادەوەری پڕ لە ئازار و نائومێدانەی خود، بۆ بەرجەستەکردنی بەشێک لە زام و برینە سارێژنەکراوەکان لە کەشێکی جوان وجیاوازدا، واتا شیعر لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا بنەوایەکی تر دادەڕێژێت بۆ بوون و ژیان و کۆمەڵگەی مرۆیی، شوناسی شیعر زۆر ئاڵۆزە، ڕەنگە بڵێین تەنیا



ئەو شـاعـیرانە دەرەقـەتی دێن کـە لە ڕووبەری دەقدا گومـانی گەورە دەخـەنەوە و مـرۆڤ ناچار بە دۆخـێکی گـومـاناوی و جـاویدانی دەکـەن، بیـرمـان نـەچێت شـیـعـرییـەت دەنگێکە لە پرۆسـێـسی بیرکردنەوە و تێڕاماندا، تا دەگاتە ئاستێکی بەرز لە بەرجەستەکردنی مانا و مەدلوولی جیاوازدا، لەم پێشەکییەوە دەخوازم ئاوڕێکی خێرا لە چەند بەش و بڕگەیەکی شیعری (هاوینت باش کچی پایز)ی هیمداد شـاهـین بدەمـەوە، بە هیوای ئەوەی بتوانم ڕاڤە و شیکاریی بۆ بکەم، سـەرەتا من هەوڵ دەدەم لە دنیابینیی شاعیرەوە هەوڵی تێگەیشتنی بەشێک لەو تێکستە بدەم، ئەم تێکستە لە ناوەڕۆکدا زۆر هێمـای سـۆفییـانەی تێدایە و هەڵگری گەلێک مـانای قـووڵی ڕەشـبینیشـە، ئەویش بەوەی شـاعـیـر دەیەوێت سـەرنجی ئێمـە وەکو سـۆفـیـیـەکی دڵشکاو بەلای خـۆیدا ڕابکێشـێت و پەیامێکی عاشقانە و سۆفییانە بە ئەویدی مەعشوق بگەیەنێت، لەوە دەچێت شاعیر لەگەڵ خۆیدا بڕیاری ئەوەی دابێت ئیدی ژیانێکی سۆفییانە بژی بـۆ گەیشتن بە سەختترین ئازار و شیرینترین مەراقی عیشقێکی ئەبەدی، دڵنیـام شاعیر دەیەوێت لەم ڕێگەیەدا قووڵتـر خۆی بناسێنێ و جوانتر وەسـفی ئەو ژیانە بکات کە ئـەو تێیدا تـەنیا و خـەمگین و دڵشکاوە، ژیان لای شـاعـیر بریتییـە لەو شەرابە تاڵەی کە تەنیا سۆفییەکان هەست بە شیرینی دەکەن، هەست بە لێدانی ترپەی دڵی پڕ لە ئولفەت بکەن

جوانیی شیعریش لەو هەستە شاعیرانەیەدایە کە شاعیر تێیدا دەتوانێ شێتانە بەدوای پارچە ونبـووەکانـی خـۆیدا بگەڕێ و سـاتـە پڕ لە گـۆشـەگـیـرییـەکـانی تێدا بنووسـێـتـەوە، دیارە فـەزای شـیـعریش پێویستـی بە سـەلیقـە و کـارامـەیی و هونەری گەمـەکردنی زمـان هەیە لە ئاست فـۆڕم و بابەت و ڕەگەزە شیعرییەکان،

**لەگەڵ نیوەشەوی ئەم ژیانە تاڵەدا شەرابێکی شیرین بنۆشە**

**ئەی سەنتورە شکاوەکەی ماڵی دڵم ....**

شیعر لە توانایدایە ژیانی ئینسان لەناو وێنە و مەجاز و خواستراودا پڕ بکات لە خەون و ئومێد و یۆتۆپیـای گەڕانەوە بـۆ منداڵی، لە هەمـان کاتدا دەتوانێت مرۆڤێکی نائومـێد لە پێـچی ژیان و چەقی ڕێگەدا تا دوا سنوور ڕاستگۆیانە بەدەر بخات لەگەڵ خودی خـۆی و ئەوی تردا، بەڵگەش بۆ ئەمـە ئەوەیە ئەو ناتوانێت بە ئاسـانی لەگەڵ دنیـادا ئاشت ببێتـەوە، لەبەرئەوەی دەزانێ ناکۆکی و ململانێی زۆری ڕووی نـاشیـرین و قێزەونی ئەم دنیا بە ڕوونـی نیشـان دەدەن، دوا جـار دەمـەوێت بڵـێم ئەگـەر ئەم شـیـعرە بە دیوێکدا لەسـەر تۆخکردنەوەی لایەنی تـاڵ و ڕەشـبـینی کـار دەکـات و هەوڵی بـەرجـەسـتـەکـردنی مـانا بێـهـودەییـیـەکـانی ژیان دەدات، ئەوا بە دیوەکـەی تریدا هـەڵگری شـوناسـێکی ترە، ئەویش مـوخـاتەبەکردنی یـار و کردنەوەی کۆدە پڕ لە ڕاز و نهێنیـیـەکانی یار و بوون بە بەشێک لە عیشقی یارە، ئەو یارەی لە وەسفی ئەوی شـاعیردا سنوورەکانی هەمـوو مەحاڵ و جیاوازییەک دەبڕێ، دەبێتە سیمبولی تاڵی و شیرینی و ئومێد و ڕەشبینی، حیکایەتی ئەم یارە

شـاعـيـر پەرێشـان دەكـات و نازانێت چ ڕێگەیەک بگرێتـە بەر بۆ تەفـسـیـركـردن و دوا جـار ستاییشكردنی، چۆن یەكسانی بكاتەوە بە گەورەیی عیشق لەناو وجوددا،

**تەماشاكە و ببینە، منیش هەر لەو مەملەكەتەی تۆم بزانە چەنێك لە یەكتر ئەچین ئەی ژاڵە كچ!!**
**ڕقەكانی تۆ لەگەڵ عیشقە تاقانەكەی مندا پێكەوە هێندە جوانن تا ئاستی تۆ ...**
**هێڵەكانی ناو لەپت، هێڵەكانی ناو لەپم**
**وەكو من و تۆ لەیەک ئەچن ..**
**پێكەنینەكانی تۆ، گریانەكانی من**
**گیتارەكەت، سەنتورەكەم**
**نەفامییەكەت، بەدبەختییەكەم**
**ئازادییەكانت، كۆتەكانم**
**هاوار عەیارە كچ هاوار**
**بیر بكەوە لەوەی من و تۆ**
**هێندەی من و تۆ نزیكین لە یەكدییەوە ....**

دیارە هەمووو شاعیرە سۆفییەكان دیانەوێت بە ڕوح و مەعنەوییەت عاشق بن، نەوەک بە جەستە، دەیانەوێت لە دۆزەخی ژیان بسـووتێن و نـەوەک لە بەهەشـتـێكی درۆزنانـە و ڕیاكـارانە بە خـۆشی بژین، ئـیـدی دەبینـین جـوانیی ڕوح ئـەو جـوانیـیـەیە كـە هـەمـوو جـوانـیـیـەكـانی تر لەناو خـۆیدا دەتوێنێـتـەوە، دەبێـتـە ئاوێنەی ڕاسـتـەقینەی مـرۆڤ بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و تێگەیشـتـنیش لە ئێسـتا، تەوەرێكی كە من دەمـەوێت لەم سـیاقەدا بیهێنمـە بەر باس و سـەرنجێكی خێرای لەسـەر دەربڕم، ئەویش ئەوەیە بڵێم، هیچ شاعیرێک ناتوانێت لە ڕوحی سەردەمەكەی خۆی تێ بگات ئەگەر قووڵ بەناو خـەونە شاعیرانەكەی گوزەر نەكات، ئەگەر كەشێكی فـەنتازیایی نەهێنێتە ئاراوە لە بۆ خـزمەتكردنـی شاعیـر و بنیاتی شـیعری، ئـەگەر توانا زمـانییەكان بەكار نەهێنێت بۆ ئازادكردنی شـیعر و مـانای شـیعری، جا لەبەرئەوەی شـیعر بە سروشتی خـۆی ناتەبایە بـە نۆرمە سـیاسـی و كۆمەڵایـەتی و ئایدیۆلۆجیاكان، ناتەبایە لەگەڵ بە سـیاسیكردن و بە كۆمـەڵایەتیكردنی كایەكانی ژیان و كەینونەی مرۆڤ، دەبێت بڵێین شیعر لە سێبەری جوانی لەدایک دەبێت و ڕیتم و ئیقاعێكی هارمۆنییـانە و مۆسیـقییـانەی هـەیە، جوگرافیای شـیعریش یەكسـانە بە جوگرافیـای شـاعیر، لە زەمەن و شوێندا و بەپێچەوانەشەوە.

لەلایەكی ترەوە بۆ ئەوەی لە ڕوحی شـیـعر نێزیک بینەوە، ئەوا دەبێت سـۆفییـانە بە باڵای ياردا هـەڵبدەین، یاخـۆ وەكو شاعیـر ببین بە موریدی شـاعیرێكی سۆفـیی گـەورە، لەلای هـیـمـداد شیـعر تێكەڵ بە تەسـەوف و عیرفـان دەبێت، زمـانیش لە بەردەم هـەمـوو ئەگەرەكاندا كراوەیە بۆ دەربڕینی جـوانتـرین هـەسـت و بێ سنوورترین خـەیاڵ، خـەیاڵ بە دوای نـائاسـایی و نادیار و ناشـوێن و ناكەسدا دەگەڕێت نەک بە دوای ئاسایی و دیار و شوێن و كەس و .... هتد.

لێرەوە من وای بۆ دەچم کە کاریگەریی مەحوی لەسەر شاعیر کاریگەرییەکی گەورەیە و ئینتیمای شاعیریش بۆ مەحوی ئینتیمایەکی ڕوحییە، بەوەی شاعیر لە هەر هەنگاو و بیرکردنەوەیەکدا هەست بە تارماییی بۆن و بەرامی دەکات، لە یۆتۆپیای خۆشیدا شوێنێکی بۆ پیرۆزییەکانی دادەنێت، بۆیە دەبینین مەحویی شاعیر دیوی ئەودیوە نادیارەیە کە شاعیر هەموو کات بۆی دەگەڕێتەوە و لە جیهانبینیی خۆیی و سیاقی ئەم شیعرەدا دەیکاتە سیمبولێکی ئاشکرا و ڕاستەقینە بۆ نیشتمان و دین و خواپەرستی، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت، نیشتمانی ڕاستەقینە ئەو کەسایەتییانە لە پشتیەوەن کە تەمەنێکیان لە عیشقێکی سۆفییانە و دنیابینییەکی عاریفانە بردووەتە سەر، هەڵبەت دینداری و خواپەرستیش دەچێتە ناو هەمان بازنەی تێگەیشتن و لێک حاڵیبوونەوە، بەوەی لە ڕێگەی خواپەرستییەوە باوەڕ بە فەلسەفەی بوون دەهێنێت و نێزیک دەبێتەوە لە جەوهەری حەقیقەتە شاردراوەکان،

**ئەم جارەیان لەلای تۆم و لەلای مەحویم..**
**لەلای پیاوە ڕاستەقینەی نیشتمانم**
**لەلای پیاوە ڕاستەقینەکەی خوام**
**لە تەنیشت مێزەر و ڕیشەکەی مەولاناوەم..**
**من لە خوناوی بەر گەردەن و لە عارەقەی سینە تەواو بێتاقەتم ئیتر..**
**من دەروێشی حەزرەتی یارم من ..**
**من نیگارکێشی وێنەی کچێکم کە بۆ یەکجاری نیشتمانی جێ هێشتووە بەسەر**
**ئەم دڵە ساردوسڕەی ئێمەدا ...**

ئینجا دەکرێت هەر یەکێک لە ئێمە سەرسام بێت بە شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی شاعیر و ئاو لە کانی سازگاری ئەو بخواتەوە، بەڵام بە چ هەست و ڕوح و مۆڕاڵ و ویژدانێک؟ ئەمە پرسیارە جەوهەرییەکەیە، ئاخۆ ژیانی ئێمە بایی ئەوەی تێدا ماوە لەسەر ڕێبازێکی سۆفییانە و ڕوحمەندییانە ڕێکی بخەینەوە؟ ئاخۆ ئێمە نین جگە لە دەسکەوتی مادی بیر لە هیچ دەسکەوتێکی تر دەکەینەوە؟ (هەڵبەت بە ڕێژەی جیاواز)، مرۆڤی سەردەمی ئێمە لەناو جەنگەڵستانێکدایە وێنەی خۆی لێ ون بووە و ژیان لە سێبەری کۆمەڵێک وێنەی درۆزنانەی تر دەباتە سەر، دوا جار مرۆڤی سەردەمی تەکنەلۆجیا لە مرۆڤبوونی خۆی بێزارە و هیچ وردەکارییەکی ستراتیجی پابەندی ناکات بە ئامانجە ئینسانی و ئەخلاقییەکان، بەڕاستی سەردەمێکی ترسناکە، حیکایەتە کۆنەکان لە بیر بچنەوە و شتێک نەمێنێتەوە بۆ دڵنەواییی مرۆڤ، مرۆڤەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پارچە پارچە دەبن و خۆیانیان لێ دەبێتە دێو و درنج، ئاستی بێزاریش لە هەموو کاتێکدا یەکسان بێت بە مانەوە لەناو مێگەلدا، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە فەلسەفەیەک نەمێنێت ئینسان ئاشق بکات بە ژیان و بە زەردەخەنەی کیژێکی جوان و نازدار، بەڵام ئاخۆ بەختی ئەوەمان دەبێت هێزێکی ئەفسوناوی بێت

و سەرلەبەری ئەم هاوكێشە دۆزەخییەمان لە بنەوەڕا بۆ بگۆڕێت و بەرەو دنیایەكی جاویدانی سۆفێتیمان بەرێت، دەمەوێت لەسەر دوو خاڵی ئەم تێكستە شیعرییە بوەستم، ئەویش پێوەندیی نێوان بەخشین و وەرگرتنە، ئەم پێوەندییە دوالیزمییە لە ئاستە مادییەكەیدا ئاڵۆزە و لە پشتیەوە میراتێكی كولتووری مێژوویی لە بكەر و كردار ئامادەیە، بۆیە كاركردن لەسەر نهێنییەكانی ئەم پێوەندییە كاركردنە لەسەر دیوە ناكۆكەكانی و تا ئەندازەیەك نێزیكبوونەوەیە لە هاوكێشەی جەلاد و قوربانی، یاخۆ ئاغا و كۆیلە، لێرەوە ئەم تێكستە پێمان دەڵێت هەندێ جار عیشق و خۆشەویستی پاكیزەیی مرۆڤ دەبەنە سەر زەوینێك ئامادەبێت هەموو شتێك ببەخشێت بۆ مەعشوقەكەی و بە مەعشوقەكەی، لە چاوی ئەوەوە لە جوانییەكانی ناو ئەم دنیایە ڕابمێنێت و ئاسودەگی بچێژێت و لە ڕێگەی میهرەبانییەكەیەوە بگاتە سۆزی ئەوی مەعشوق، ئامادەبێت قووڵ بێتەوە بۆ ناو عەشقێكی سۆفییانە و عاریفانە و جاویدانی، بێگوێدانە هیچ شكستێكی دەروونی و روحی، لەبەرامبەریشدا شاعیر نایەوێت یار سۆزبارانی بكات و فرمێسك بۆ دووریی بڕێژێت، بە تەمای ئەوە نییە ئازارە سەختەكانی لەگەڵدا بەش بكات و تۆزێك ئەركی سەرشانی سووك بكات، بگرە ئەو دەیەوێت بە وردی لە عاشقبوونی ئەو و قوربانیدانی ئەو تێ بگات، لەوە بگات كە ئەم چەند پەریشانە لە بەردەم فەرامۆشكردنیدا، بە جۆرێكی تر لێكی بدەینەوە دەكرێت بڵێین شاعیر لە بەدگومانی و بێ متمانەییی خۆیدا دەژیت، لە ناوەوەی ئەم تێكستەدا هەست دەكەیت بوونێكی نامۆیینە گوزارشت دەكات و هیچ چاوەڕێیەك لە دنیاش نییە تا بتگەیەنێتە كەناری دڵنیایی، بگرە زۆر بە قووڵی ڕۆدەچێت و دەیبات بەرەو دنیای دڵشكان و گەشتێك بەرەو بێهودەیی و بێ ئاسۆیی لەم ژیانە بێ مانا و لێكترازاوەدا:

**وەی چۆن بووین بە ڕیسوای ئەو كیژە بێ دڵانەی**
**كە ئاسمانی عیشقیان نەبینیبوو ..**
**یەكپارچە لە مینا شكاوەكانی گۆشەی تەنیایی،،**
**من بە شەیداییم سپاردی ئەی یار و**
**تۆ بە دڵڕەقیت سپاردم،،**
**ژیانم پێ سپاردی و مردنت پێ سپاردم،،**
**كەسمان لە دیوانەیی نەگەیشتین ئەی ئێستام و**
**ئەی داهاتووم .......**

سەرچاوەكان:

ڕۆژنامەی ڕووبەر/داهێنان، ژمارە ٧١ ی ساڵی ٢٠١١
ئەریستۆ / پۆیەتیكا، د. محەمەد كەمال وەری گێڕاوە لە ئینگلیزییەوە، ئاراس ٢٠١.
عەبدولخالق یەعقوبی، شیعر لە نێوان ناواقیعی دیار و نادیاردا، كۆواری نەوشەفەق، ٥٧، ساڵی ٢٠٠٨.
كەریم دەشتی، سازدانی گفتوگۆ، كۆواری گەلاوێژ (٥٠) ٢٠١١

لێکۆڵینەوە

عەبدولڕەحمان مونیف

# مێژوو وەک کەرەستەی ڕۆمان

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە



مێژوو لە هەموو بوار و بابەتەکانی تر زیاتر ساختەی تێدا دەکرێت، ئەوەی دەینووسێتەوە ناتوانێت بێلایەن بێت هەرچەندە ئەو نیازەیشی هەبێت، لەبەرئەوەی نووسینەکەی لە کولتوور، یان لە قەناعەتێکی پێشوەختەوە دەبێت و بەو پێیەش بە شێوەیەک دەڕوانێتە ڕووداوەکان کە لە خزمەتی دید و بۆچوونەکانی خۆیدا بێت و پاساو بۆ ڕاستیی بیر و بۆچوونەکانی دێنێتەوە.. ئەمە یەکەم؛ دووەمیش: ئەو کەسەی مێژوو تۆمار دەکات و دەنووسێتەوە و لە زۆرینەی بارەکاندا ئاراستە و سیمای دیاریکراوی دەداتێ، کەسی سەرکەوتوو، یان براوەیە. براوەیش بەردەوام دەیەوێت لەسەر حسێبی دۆڕاو بەجۆرێک ڕۆڵ و ئازایەتی و گرینگیی خۆی دەربخات کە ئیتر هەر ئیشارەت و جووڵەیەکی ئەو گرینگییەکی زۆری هەیە و بەڵگەیشە بۆ بلیمەتی و دووربینیی، کەچی هاوکات قوربانیدانی دۆڕاو دەشاردرێتەوە و سیفەتی نەرێنیی دەدرێتێ.

جا لەبەرئەوەی مێژوو هەر تۆمارکردنی واقیع و

رووداوەکان نییە، بگرە بە پلەی یەکەم یادەوەریی داهاتووە، هەر کەس بینووسێتەوە هۆشیارانە و لە پێناوی ئامانجێکدا دەینووسێتەوە و تۆماری دەکات و بەو جۆرەیش مێژوو دەبێتە پیشە. تەنانەت دۆڕاوەکانیش کە مێژووی خۆیان تۆمار دەکەن بە ئامانجی ناردنی ئەگەرەکانی بردنەوە و سەرکەوتن بۆ داهاتوو مامەڵە لەگەڵ رابردوودا دەکەن.

پرسی سێیەمیش کە شیاوی باسکردنە، ئەوەیە مێژووی تۆمارکراو کە براوەکان دەینووسن، سەرکەوتن و بردنەوەکە بە دەرەنجامی بلیمەتیی تاکەکەسێک دادەنێن کە فەرماندە یان سەرکردەیە. لەبەرئەوەی بە نەخشە و پلانەکانی ئەو، بەو جورئەت و شێوازەی کە پێی دەناسرێتەوە سەرکەوتن بەدەست هێنراوە، ئەگەر فەرماندەیەکی تر لە هەمان شوێندا بووایە، رەوتی رووداوەکان جیاواز و رەنگە پێچەوانەیش بوونایە!

وتراوە کە سەرکەوتن یەک باوکی هەیە و شکستیش دەیان باوک! بەو جۆرەیش مێژوو، بە تایبەتی مێژووی فەرمی، بایەخ بە بەرەنجام و ئەو تاکە دەدات کە ئەو مێژووەی دروست کردووە. ئیتر لەو نێورەوتە و لەو دیدەوە واقیع و رووداوەکان ون و تێکەڵ بەیەک دەبن، یان پانتایی و راڤە و لێکدانەوەی جیاواز و زۆرجاریش نادروست دەدەن، بەجۆرێک کە ئیتر گەیشتن بە راستییە بابەتییەکان زۆر ئەستەم و دژوار دەبن. لێرەیشدا ئامرازی تر دێنە مەیدان بۆ سۆراخکردن و لێکۆڵینەوە لە راستیی واقیع و رووداوەکان، رۆمانی مێژوویی یەکێکە لەو ئامرازانە.

رۆمانی مێژوویی پشت بە بابەتێکی مێژوویی دەبەستێت، بەڵام نە خودی مێژووەکەیە و نە ئەلتەرناتیڤیش و هێندەی پشتبەستنەکەیشی بە مێژوو، خودی مێژووەکە وەک رەوتی زەمەنی بێت یان واقیع و رووداوەکان دووبارە ناکاتەوە، بگرە هاوتەریبی مێژوو دەڕوات، لێی جیا دەبێتەوە، بەڵام بەرەنجام ئەو مێژووە نییە کە زانراوە، یان دەویسترێت.

رۆمانی مێژوویی، لە لایەنێکیەوە، لەگەڵ رووداو، کەسە واقیعییەکان، شوێنەکاندا بە دیدێکی نوێ و جیاواز مامەڵە دەکات، بەڵام بێ ئەوەی گۆڕینی رووداو و واقیعە کردەییەکان بگەیەنێت. واتە ئیشی رۆمانی مێژوویی باسکردنی هەموو وردەکارییەکانی هاودەمی رووداوێک لە رووداوەکان نییە بەپێی ریزبەندییەکی دیاریکراو، بگرە لە مێژوو تەنیا ئەو واقیع و رووداوانە هەڵدەبژێرێت کە بەلایەوە گرینگە و ئامانجی دیاریکراویان لێ بەدی دێنێت و دەیانکات بە بنچینەی هەنگاوی پەیبردن بە ژیانی سەردەمێک لە سەردەمەکان. رۆمانی مێژوویی لە رێی مرۆڤەوە ئەو کارانە دەکات نەک لەکاتی رووداوەکانەوە، واتە لە رەنگدانەوەی رووداوەکانەوە لەسەر ئەو مرۆڤانەی لەو سەردەمانەدا ژیاون خودی رووداوەکان دەخوێنێتەوە.. ئاخۆ کردار و پەرچەکردارەکانیان دەرهەق بەوەی رووی داوە چۆن بووە.. ئەو پاڵنەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتییانە چی بوون وای لێ کردوون بەو جۆرە بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بنوێنن. هەر ئەوەیش نا، رۆمانی مێژوویی بە پلەی سەرەکی پشت بە وێنەگرتنی ژیانی میللی دەبەستێت نەک وێنەگرتنی کەسێتییە گەورە و گرینگەکان.. تەنانەت ئەگەر وێنەی ئەو کەسێتییانەیش بگرێت لەوەدا دوودڵ نابێت لە دەرخستنی مۆرکی جیاواز لە

نێوان ژیانی رۆژانە و گرینگی و بایەخ، یان کۆتاییی ئەو کەسێتییانە، واتە دەرخستنی دژایەتی و نەگونجان و ناتەبایی نێوان واقیع و ئایدیا.

کەسێتیە لاوەکییەکانیش لەو جۆرە رۆمانانەدا، زیاتر جێی بایەخی رۆماننووسان بوون، بۆیە تێبینی دەکەین زۆرینەی رۆمانە مێژووییەکان بایەخی تایبەت بە ژیانی میللی کەسانی سادە و ئاسایی دەدەن، لەبەرئەوەی لەو ژینگە و کەسانەوە دەکرێت ئەو ژیانە بهێنرێتەوە پێش چاو کە وەک بیرۆکە و خەون و کێشە و ململانێ بووە، هەروەک لە میانەیەوە هەلومەرجی رووداوەکان و ئاکاری خەڵکی ئەو سەردەمانە و جۆری ژیان و پێوەندییە بالادەستەکان دەردەکەوێت. ئەگەر لەو رەوتەیشدا کەسێتیی گەورەیش دەربکەوێت، لە پێناوی دەرخستنی بایەخ و گرینگیی رووداوێک لە رووداوەکان و گواستنەوەیەتی لە باری ئاساییەوە بۆ باری ئاوێتەیی.

کەواتە کەسە لاوەکییەکان لە رۆمانی مێژوویدا ژیان دەگێڕنەوە بە هەموو دەوڵەمەندی و فرەییەکانیەوە و لە رێی ئەوانەوە لە کۆشکەکان دێینە دەرەوە و دەچینە شەقامەکانی پشتەوە و لەو شوێنانەشدا ئەو ژیانەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەبووە، بەبێ ساختەیی و سەپاندن. لەوەیش زیاتر، دەکرێت هەر تراجیدیایەکی مێژوویی لە چارەنووسی مرۆڤێکی سادەی میللەتەوە وێنا بکرێت وەک مەکسیم گۆرگی دەڵێت. ئەمەیشە وامان لێ دەکات لە پەنجەرە لاوەکییەکانەوە بڕوانینە مێژوو و لەو پەنجەرانەوە دەرفەتی رۆمانێکمان بۆ بڕەخسێت کە بەبێ چاودێری و کۆت و بەند و ساختەکاری پانتاییەکی گەورەتری هەقیقەتی ژیانمان بۆ دابین بووبووایە.

ئەگەر کەسێک هەبێت لەبارەی رووداو و کەسێتییە گەورەکانەوە بنووسێت، ئەوا دروستکەری راستەقینەی مێژوو لە زۆرینەی بارەکاندا ئامادە نین و رۆمانی مێژوویش دەیەوێت باس لەوە بکات، تا ئێمەیش لەوێوە ململانێ و دوژمنایەتییەکانی مێژوو ببینین. بێگومان ئەمەیش ئەوە دەخوازێت جارێکی تر بە شێوەیەکی رەخنەییانە رابردوو بخوێنینەوە و بە ئێستای هاوبەند بکەینەوە، لەبەرئەوەی مێژوو، سەرباری ئەوەی هەمەکییەکی پێکەوە گرێخواردووە، بەڵام ناتوانین لە رووداو و واقیعەکانی تێ بگەین ئەگەر بە رووداو و واقیعەکانی پێشووتری و هۆکارەکانی هاتنە ئارایەوە نەبەستینەوە. بەم مانایەش رۆمانی مێژوویی بە هەموو مۆدێلە رژدییەکانیەوە، چەندە رووداو، کەسێتی، واقیع و دیاردەکانیش لە رابردووەوە وەردەگرێت، لە پێناوی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و کێشەکانی ئێستادا ئەو کارە دەکات. بە چەند وشەیەکی تر: رۆمانی مێژوویی بە مانا رژدییەکەی، کاتێک پەنا بۆ رابردوو دەبات، لەو رابردووە تەنیا ئەو شتانە وەردەگرێت کە لەگەڵ ئێستادا دەگونجێن و وەڵامیان بۆی دەبێت. بەڵام ئەگەر بۆ خۆشی و وروژاندن بابەتی لاوەکی و پەراوێزخراوی لە رابردوو وەرگرت، کەواتە سێبەر و تارماییەکانی رابردووی خواستووە و لە زۆر باریشدا ئەو جۆرە رۆمانانە بەرلەوەی مەرەکەبی نووسەرەکەی وشک بێتەوە کۆتاییان پێ دێت، لەبەرئەوەی ئەسڵەن بە شێواوی و ناتۆکمەیی خوڵقێنراون.

راستە مێژوو دەرگەکانی بۆ رۆماننووس واڵا دەکات، بەڵام بە تەگبیرێکی زۆر گەورە ئەو کارە

دەکات، لەبەرئەوەی هێندەی بابەتی مێژوویی دەبێتە کەرەستەی بەردەست کە ڕۆماننووس چۆنی بوێت وا بەگەڕی بخات، بەڵام گرینگی و دواتر بەرەنجامیش دەکەوێتە سەر ئەو شێوازەی ڕۆماننووس لەگەڵ ئەو کەرەستەیەدا مامەڵەی پێ دەکات. وەک چۆن داری دارستانەکان زۆرن، بەڵام زۆرینەیان دەکرێنە سووتەمەنی و کەمێکیان دەکرێنە کاری هونەر تا لە مێژوودا گەشتێکی درێژخایەن بکات و نەوە بە نەوە بۆ یەکتری بگوازنەوە و ببێتە بەڵگەیەکی نەمر لەسەر بلیمەتی مرۆڤ. کەواتە بابەتی مێژوویی هاوکات لەگەڵ لەبەردەستابوونی، دەشبێتە داوێک بۆ ڕۆماننووس.



ئەگەر ئەو ڕۆمانانەیش بخەینە ڕوو کە پشتیان بە مێژوو بەستووە، یان پەنایی بۆ هەندێ لە ڕووداوەکانی بردووە، دەبینین لە ڕووی ژمارەوە گەلێ زۆرن، بەڵام زۆر کەمیان ماونەتەوە، لەبەرئەوەی مێژوو خۆی تەواو و ئامادەیە و ئەو زیادەیەش ڕۆماننووس دەیەوێت لە گۆشەنیگایەکی نوێوە بیخاتە سەری، تەنیا مامەڵەکردنێکی جیاوازە لەگەڵ مادە مێژووییەکە و خوێندنەوەیەکی نافەرمی و بێوێنەیە لە تەک ڕووداوەکان. یان بە وشەیەکی تر، شکاندنی خوێندنەوەی پێشووترە بۆ ئەو مێژووەوە، نەک بە مەبەستی پێچەوانەبوون بگرە بە مەبەستی دووبارە پەیپێبردنەوە و دۆزینەوەی.

ڕاستە هەقیقەتی ڕەها بوونی نییە و کەسیش نابێتە خاوەنی، بەڵام لە کۆ سیفەتە نووسراوەکانی مێژوو، بەتایبەتی مێژووی فەرمی، ئەوەیە کە دەیەوێت هەقیقەتێکی ڕەها بۆ خۆی بەگەڕ بخات، گشتگیری بکات، بەڵام ڕۆماننووس لێرەدا بۆ ئەوە دێت شتێکی جیاواز بڵێت، شتێک خۆی دۆزیویەتەوە، کەسی تر پێشتر بەو شێوەیەی ئەو نەیوتووە، ئەمەیش شایستەیی بە کۆششەکانی دەدات کە بمێننەوە و شتێکی نوێیش بە مێژوو ببەخشێت.

ڕۆماننوس کاتێک کارێکی وا دەکات، بە مێژوونووس دانانرێت بە مانا باوەکەی، یان ببێتە ئەلتەرناتیڤی مێژوو، بگرە دەبێتە شێوازێک لە خوێنەری قۆناخێکی مێژوویی، بابەتێکی مێژوویی، بەڵام بە دیدێکی تایبەت و نوێ.

لەوانەوە کە باس کران، ئەو ڕۆمانانەی بە مەبەستی خۆشیی وروژاندن یان بۆ نامۆیی و سەرسامکردنی بەرانبەر لە مێژووەوە هەندێ لە کەرەستەکانیان وەردەگرن، هیچ شتێک لە ڕووی جۆرێتییەوە نە بۆ مێژوو نە بۆ خودی ڕۆمانیش زیاد دەکەن.. لەبەرئەوەی لە هەقیقەت دابڕاون و هاوکات لەو سەردەمەیش دوورن کە تێیدا دەژین و هەر زیادکردنێکیش بە دروستکراو و کاتی

دادەنرێت. بۆیە دەبێ زۆر بە وریایی و بە ئاگاییـیـەوە مـامـەڵە لە تەک مـێـژوودا بکەین و ئەوەیش یەکێکە لەو داوانەی مـێـژوو بۆ ئەو کەسـانەی دادەنێت کە دەیەوێت گـەمـەی لەگەڵدا بکات. دەبێ هـەمـوو ئەو دەسـتکەوتە گـرینگ و گـەورانەی مـێـژوو بە درێژایی ڕەوتی خـۆی بەدیی هێناوە لە ڕۆمـانی مـێـژووییـدا ئـامـادەیی هـەبێت و جـێی بۆ کـرابێـتـەوە، یان وەک لۆکـاچ دەڵێت: دەبێ دەستکەوتەکانی ڕۆمانی واقیعی و هەموو ئەو بەرەنجامانەی بۆ ڕۆمانی مێژوویی بەدی هێناون بەگەڕ بخرێن.

گـەورە ڕۆمـاننووسـە مـێـژووییـیـەکـان دانیـان بـە گـەورەیی ژیاندا ناوە، بۆیە ئەوان وەک ئەو ڕۆمـاننووسـانە نین کـە تەنیـا ویسـتـوویانە دەوڵەمـەندان دڵخـۆش بکەن و مـێـژوو بکەنە شـتـێکی سـەیروسـەمەرە. دەبێ لەم بوارەدا دوو شتی بنچینەیی زیاد بکەین: یەکەمیـان پێوەندە بە ئاست، یان چەمکی ڕاستگۆیی لە ڕۆمانی مێژوویی و دووەمیش بە زمانی ئەو ڕۆمـانەوە. ڕاسـتگۆیی لە ڕۆمـانی مـێـژووییـدا پێـوەندە بە ژانرە سـەرەکی و گـەوهـەرییـەکـانی ڕووداوەوە و ناچنە سـەر وردەکارییەکانی تاکەکان.. بۆیە لە پێناوی وێنەگرتنی ڕووداوێکی مێژوویی دیاریکراودا پێویست بەوە ناکات خەسڵەت و سیما کەسێتییەکان و وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی پێوەند بەتاکەوە هـەمـان ئەوانە بێت کە مـێژوونووسـان باسی دەکەن.. دەکـرێت سـوود لە هـەندێکیـان وەربگـیـرێت. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت بۆ پێدانی هەندێ سیفەت بەو کەسێتییە گرینگانە دەست بەپێچەوانەکەی ئەم بۆچوونەوە بگیرێت. ئەوەی لەم بوارەدا زۆرترین گرینگیی هەیە، سیفەتە بنچینەیی و زۆر قووڵ و گەوهەرییـەکانە کە لە پێکهێنانی ڕووداوەکاندا بەشـدار دەبن. ئەرکی ڕۆمـاننووس دەرخسـتنی هـەمـوو ئەو کەسـێتییە ناودار و گرنگانەیە بەبێ ماکیاجکردن، هاوکات وێنەگرتنیـان لە هـەمـوو بارودۆخ و هەلومەرج و کاتەکاندا تا بەتەواوی بناسرێن.

زمـانی ڕۆمـانی مـێژوویی جـێی قسـە لەسـەرکـردنە.. گەڕانەوە بۆ زمـانێکی کـۆن کە قسـەی پێ ناکرێت بە مـەبەسـتی ئـامـاژەدان بەوەی ڕۆمـانەکـە ڕاستگۆیانە و وردەکـارانە ئیشی تێدا کـراوە، خـودی ڕۆمان دەخـاتە بەر تەڵزگە. ئەگەر ڕۆمـاننووسـانی ئاسایش بۆ هـەمـان مـەبەست پەنایان بۆ لاسـاییکردنەوەی زمانی کۆن و تەقلیدی و هێنانەوەی بڕێکی زۆر لەو وردەکارییانە بردبێت کە هـی ئەو قـۆناخـەن، ئەوا ئەو دوو ژانرە ڕۆمـانیـان قـورس کـردووە لە بریی بەرزکردنەوەی بۆ ئـاسـۆیەکی نوێ، بێگـومـان بەم هـۆیەوە دەبێ ڕۆمـاننووس زمـانی گـونجـاو بۆ ڕۆمـانەکـەی هـەڵبـژێرێت. گـۆرگی لەبارەی زمـانی ڕۆمـانەوە دەڵێت: ئەو نووسـەرەی دەیەوێت باس لە سـەردەمی منداڵیی بکات نابێت بە پاسـاوی ڕاسـتگۆیی بە زمـانی منداڵ قسـە بکات، بگـرە دەبێ بە هـەسـتی منداڵی، بـەو شـێـوەیەی منداڵ بیر دەکاتەوە قسە بکات و هەر بەم جۆرەیش منداڵی ڕاستگۆیانە بەرجەستە دەکرێت.

سەرچاوە: کتێبی (رحلة ضوء)، عبدالرحمن منیف، (المؤسسة العربیة للدراسات والنشر)، چاپی دووەم ٢٠٠٢

باس

# ژن و ڕاو و هەواڵگری
# لە ژیانی ئەرنست همنگوایدا

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

ڕۆژی ٢ی مانگی یولیۆ، یادی پەنجا ساڵەی خۆکوشتنی ڕۆماننووس ئەرنست همنگوایە، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا و لە ساڵۆنە ئەدەبییەکاندا، ئەو بۆنەیە یادی کراوەتەوە، زۆریش لە خانەی پەخشەکانی کتێب، کتێبەکانی ئەویان چاپ کردووەتەوە، وێنەکانی ئەویان لەناو ئەلبومدا داناوە و بایەخیان بە دەستنووس و ئەرشیفەکانی زۆرتر داوە.

پێش پەنجا ساڵ و پاش دەرچوونی هەشت ڕۆمان و چوار پرۆسەی هاوسەرگیری و وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب، بەیانییەکەی ئەو ڕۆژە، ئەو بەنەرمییەوە لەناو جێگەکەی دەردەچێت و نایەوێت ژنەکەی لە شیرینە خەودا بەئاگا بهێنێت، لە ژوورەکەی دەردەچێت، وەک خۆی ناوی نابوو عەبای ئیمپراتۆریەتییەکەی لەبەر دەکات و تفەنگەکەی بە دوو گوللەوە هەڵدەگرێت وەک چۆن دەچێتە ڕاوە کۆتر، دەگاتە دەروازەی ماڵەکەی و لەوێ لوولەی تفەنگەکەی لەسەر نێوچەوان دادەنێت و پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە شەست و دوو ساڵ، ئەو پیاوە نێرانییە و عاشقە مەشرووب و ژن و ڕاو و ترساو لە لاپەڕە سپییەکانی بەردەمی و ئەندام لەو خێزانەی ئاشنا بە خۆکوشتن بە تفەنگەکەی خۆی دەکوژێت. خۆکوشتنەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە بوو کە تژی بووە لە تراجیدیای مردن بە هەموو ئاکارێکەوە، وەک شەیدابوونی ئەو بە زۆرانبازی گا و کە لە ڕۆژانەی ژیانی ئەودا زۆر نێزیک بوو، ئەو گەمەیە، ئەو نالەبارییە نموونەیەک بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ مەترسییەکان و وەستان بەڕووی مردن، زۆر لە ڕەخنەگرەکان وتوویانە کەس وەک همنگوای نەیتوانیوە بەباشی تراجیدیای زۆرانبازییەکە بەرجەستە بکات، ئەو ڕۆژانە نامەیەکی بۆ پەسنی گاییەکان نووسیوە، باسی کردوون، وەک ئەوەی گاکان باڵاتر بن لە وزەی مرۆڤ، ئەو وتویەتی:

گا هەرگیز پارەت لێ قەرز ناکات، گاش داوات لێ ناکات پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت و بیکەیتە ژنێکی کابان، گاش پێش ئەوەی بکوژرێت هیچ داوایەکی نییە. لە هەمان نامەدا کە بۆ ئەزرا پاوەندی لە ساڵی ١٩٢٥ نووسیویەتی:

گایەکان لە رەخنەگرە ئەدەبییەکان باشترن، لەبەرئەوەی ئەوان کتێبەکان پێشکێش ناکەن.

زۆرتر لەوە همنگوای کتێبێکی لەسەر زۆرانبازییەکە بەشێوە و مانا و مەبەستەکەی بە ناوی ژیانی پاش نیوەڕۆ نووسیوە. لەو کتێبەدا ئەو باسی ژیانی پاڵەوانەکان دەکات، ئەوانە چەند پێوەندییان بە ئیسپانیاوە گەرمە، تا لەو زۆرانبازییە دەگەنە ئاستی مردنیش. ئیتر تا دەگەنە ئەو مەبەستە گەمەکەیان دەگاتە پلەیەکی سادەی خۆش. ئەو لەو کتێبەدا نووسیویەتی و رووداوەکانی هەتا حاڵەتی مردن کۆ کردووەتەوە و مانای داوەتە هەموو رۆڵەکانی زۆرانبازییەکە، پاڵەوانەکە تەنیا رۆڵەکە بەرجەستە دەکات، چونکە ئەو ساتی مردنەکەی لەناو دەستدایە، لە ئاکامەکەش نێزیک دەبێتەوە و کۆتاییەکەش لەبن دەستی خۆیەتی، هەستەکانی مردنەکە بە بینەرەکان دەگەیەنێت، ئەگەر مەرجەکانی ئەو هەستەش لە نێوان پاڵەوانەکە و بینەرەکان زۆریش بوون، ئەو بە شیرەکەی گوریسەکە بۆ مورتاحی لە ساتە سۆزدارییەکە دەبڕێت، ئەوەش لەلایەن ئەرستۆوە ناونراوە پاککردنەوە.

## بیکاسۆ

بۆچوونی رەخنەگری لوبنانی ئیبراهیم ئەلعریس سەبارەت بە هونەرەکانی همنگوای بەم شێوە بووە، هیچ لە هونەرەکان بۆ ئەو بایەخدار نەبووە، نە نیگارکێشان و نە موزیک و نە سینەما، لووتکەی داهێنانەکانیشی نە لە نووسینی رۆمان و نە شیعر و نە شانۆش بووە، لووتکەی داهێنان و هونەرەکەی ئەو وەک چۆن بیکاسۆش وابوو، هەتا رادەیەک لەیەک نێزیک بوون زۆرانبازیی گا بووە، ئەو زۆرانبازییە بۆ همنگوای هەموو ئیسپانیا بووە، هیچ کەس ناتوانێت ئەو زۆرانبازییە لە دەرەوەی ئیسپانیا بەرجەستە بکات، ئیتر لێرەوە همنگوای هەر کە دەگاتە ئیسپانیا یەکسەر بیری بەرەو زۆرانبازییەکە دەڕوات، لێرەوە هەڵوەستەیەک لەسەر بۆچوون و رامانەکانی بیکاسۆ و همنگوای لەو بوارەدا دەکات، لەبەرئەوەی هەردووکیان شەیدای زۆرانبازییەکە بوون و لەگەڵ ژنیش زۆر هاوسۆزبوون و ئەوەشیان بە شێوە بلیمەتییانەکەی خۆیانەوە بەرجەستە کردووە.

بیکاسۆ زۆرانبازییەکەی بە شێوازەکەی خۆیەوە دروست کردووە، لە ساڵی ١٩٣٥ تابلۆیەکی بۆ دۆستەکەی (دورا مور) کردووە، کە برێتی بووە لە مینوتۆرێکی گچکە لە شێوەی ژنێکی فرە شێوە، ئەوەش لەناو پاڵەوانانی گابازیدا وەک سمبولێکی دەسەڵاتی سێکسی ناو دەردەکات، دیارە کەوا بیکاسۆ خۆشی شەیدای ئەو زۆرانبازییە بووە. ولدو فرانک لە کتێبەکەی خۆیدا (ئیسپانیای پاکیزە) دا نووسیویەتی کەوا زۆرانبازیی گا، کە لە وڵاتی ئیسپانیا باو بووە بۆ سۆزی سێکس

هاندەر بووە، کە پاڵەوانەکە لەو حاڵەتەی گایەکە دەکوژێت زەوقی سێکسی زۆرتر دەبێت. بەڵام همنگوای هاوسۆزی ئەو بۆچوونە نەبووە و خۆی تەسلیمی رەمزەکانی فرویدیی نەکردووە، ئەگەرچی ئەو دانی بە هەموو جۆرەکانی ئەو قومارە نابوو، بەڵام کە ئیدانەی کردووە بۆ ئەوەیان شرۆڤەی تایبەتی هەبووە کە وتوویەتی:

کە مرۆڤ دژ بە مردن هەڵدەچێت و تام لەو خەسڵەتە دەبینێت کە ئەو رۆڵە دەگێڕێت، بەوەی مردن بخوازێت بۆ کەسانی تر و مافە ئیلاهییەکەی مردن لە خەڵکەکە بستێنێتەوە، لە راستیی بەرجەستەکراوی پراکتیکدا ئەوەیان مافێکی داگیرکراو و دوژمنایەتی و بەدکارییە، بەوەش ئەو مافە لەناو بازنەی ئاژەڵ دەردەهێنین و دەیکەینە ناو بازنەی مرۆڤ.

همنگوای باس لە هەردوو هۆکاری ئارەزووکردن و رقبوونەوە لە زۆرانبازییەکە دەکات، بەڵام ئەو مەسەلەکە بە وەرزش دەزانێت کە تێدا دوو تیم دەکەونە بەرامبەر یەکتر. لە یەکەم نامەدا همنگوای کە بۆ دەزگای پەخشی کتێبەکانیدا لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٥ نووسیوە لەوێ دەڵێ:

من ئارەزوومە رۆژانە لەسەر ئەو زۆرانبازییە بنووسم وەک کتێبە گەورەکەی دوتی لەسەر بیابانی عەرەبی کە پڕە لە وێنەی سەرسوڕهێنەر.

لە رۆژی ١٢ی مانگی یونیۆدا دووەم نامەی بۆ نووسیوە، لەوێ نووسیویەتی:

ئەو زۆرانبازییە دوا مووی ئیسپانییە کە وڵاتەکەی بە رابردوو بەستاوەتەوە، دیارە ئەوەش پاش رێوڕەسمەکانی کڵێسەییەکانە، ئەگەرچی مەسەلەکە پێوەندیی بە ژیان و مردن هەیە، بەڵام ماناکەشی لە کارەساتێکی دڵتەزێن خۆی دەنوێنێت، بۆیەش نووسین لەسەر ئەو کایەش خۆشییەکی تێدایە، بەتایبەتی خەڵکی دەرەوەی ئەو ناوچەیە، واتە دەرەوەی ئیسپانیا کە زانیارییان لەسەر ئەو هونەرەدا نییە. ئەو یارییەش داهاتی زۆری بۆ کەسێکی جووتیار یان بۆیاخچییەک زۆرە. رەخنەگری ئەمەریکایی کارلۆس بیکر لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (ئەرنست همنگوای)دا نووسیویەتی:

همنگوای بە نووسینی پەخشانی وێنەیی باسی ئەو پێشبڕکێیەی کردووە و گویاش بە تابلۆی زۆرانبازیی گاییەکان وێنەی کردووە. بەڵام لە سەرەتاوە همنگوای ئەو زۆرانبازییەی بە گەمە نەزانیوە، بگرە بە کارەساتی جەرگبڕ باسی کردووە، چونکە زۆریش لە نێزیک پاڵەوانەکان ژیاوە، لەو کاتانە کۆواری لایڤی ئەمەریکایی داوا لە همنگوای دەکات وتارێکیان بە قەبارەی تەنیا پێنج هەزار وشە لەسەر پێشبڕکێی گاییەکان بۆ بنووسێت، بەڵام ئەو کە بابەتەکە دەنووسێت قەبارەکەی دەگاتە ١٢٥ هەزار وشە، ئەگەرچی دەستەی نووسەرانی کۆوارەکە لە بڵاوکردنەوەی کورتەی بابەتەکە دوودڵ بوون، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٩٦٠ گۆڤارەکە تەواوی بابەتەکە و لەسەر داوای خوێنەران دووبارە بڵاو دەکەنەوە، ئەویش هەمان ساڵ لە نووسینی رۆمانەکەی بە ناوی (جەژنە کۆچبارەکە) دەبێتەوە، بەڵام تا لە ژیاندا بوو چاپ ناکرێت، ئەوەشیان دوا بەرهەمی

**من هەرگیز بابەتم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بەردەوام بابەت منیان هەڵبژاردووە**



ئەو بووە. همنگوای لەو یارییەدا بەڕاستی بە دەرفەت دەزانێت بۆ دۆزینەوەی مردن. ئەو وای دەزانی مردن سادەترین بابەتە کە هەموو کەس ئازادە لەوێ لەسەری بنووسێت، هەروەها زۆریش بایەخدارە.

ئەو بەوە ناسراوە کە سیمایەکی نێرینەی توندکاری بە نێرینەکان دەدا، زۆر لە رەخنەگر و نووسەران بەوە تاوانباریان کردووە، کەوا ئەو دژایەتیی ژنانی کردووە و بە کەمی باسی کردوون، ئینجا چ لەو ژنانەی هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردبوون، یان ئەوانەی دۆستی بوون، یان ئەوانەی پاڵەوانی ناو رۆمانەکانی بوون، بەتایبەتی لەو بەرهەمانەی پاش مردنی بڵاو بوونەتەوە، کەسیش نازانێت بۆچی ئەو جۆرە نووسینانەی بڵاو نەکردوونەتەوە. ئەو بە نیگا و رامانی دایک و باوکییەوە و لەو شێوازەوە سەیری مێینەی کردووە، گریسی دایکی وەک داوونەریتی سەدەی نۆزدەم جلی کیژانەی لەبەر کردووە و قژی داهێناوە، بۆیەش ناوی بە بووکەشووشە هۆڵەندییەکە و بە نازناوی کیژە نازدارەکەم ناوی بردووە، ئەو لە تەمەنی دوو ساڵییەوە لە دایکی یاخی بووە و حەزی بە

دەسـەڵاتی نەکردووە، کە کوڕەکەی ناچار کردووە ئامێری چیلوو بژەنێت، کە دایکی ویسـتوویەتی ئاکاری مێینەی بداتێ، باوکی دارکاریی کردووە و چەند جارێک لێی داوە. دەڵێن خۆکوشتنەکەی ئەو لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، باوکی لە ساڵی ١٩٢٨ خۆی کوشتووە، ئەویش بەردەوام سەرقاڵ و شـەیدای ئاژەڵی کـێوی بـووە و ڕاوەماسـیی کـردووە. کە زۆر بیـری لە مـردن کـردووەتەوە بووە بە شـوفێری ئۆتومۆبێلی ئەمبلاس. کە همنگوای پەرسـتیارێکی لە نـەخۆشـخانەیەکی ئیتاڵی خۆش ویسـتووە، کە خۆبەختـانە کاری کردووە و تەمەنیشی حەوت سـاڵ لەو گەورەتر بووە، دەوترا ژنـەکە ئەمـەریکایی بووە، یان دەوترا بریتانـی بووە، ئاگنس فـۆن کوروسکی تـێ دەگات همنگوای لەو بە تەمەنترە، بۆیە یەکێکی تری خۆش ویستوە، ئەوەش بـوویتە ئەندێشەی نووسینی رۆمـانی ماڵئاوایی لە چەک بۆ همنگوای.

همنگوای لـە سـاڵی ١٩٢١ هادلی ریتشـاردسنی هێناوە و لەگەڵ ئەودا لە پـاریس ژیاوە، ئەو لەو شارەدا چەشـەی ئەدەبی و وزەی نووسینی بە ئامرازی هونەرییـەوە گەشـە دەکات، بەڵام ئەو کوڕەی کـە لەو ژنـە بووە وتوویەتـی کـەوا باوکم لـەگـەڵ دایکم زۆر تـوند بووە و ئازاری زۆری داوە، بۆیەش ژنەکە مردووە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٧ لەو جیا دەبێتەوە، ژنێک بە ناوی پۆلین بڤایڤر دەناسێت و لەو مـاوەیەدا یەکێک لە جـوانترین چیرۆکـەکانی بە ناوی (پیـاوە بێ ژنەکـان) دەنووسـێت، کـە دەگەڕێتەوە لە شـوقەیەکی گچکە لەگەڵ ئەو ژنەدا دەژیت، بەڵام دیارە کەوا رۆژانەکەی وشک بووە و هیچ جۆرە خۆشـەویستـییـەکی تێدا نەبوو، کە شـەڕە ناوخـۆییـەکەی ئیسـپانیـا هەڵدەگیرسـێت بەیەکەوە بۆ رووماڵکردنی شـەڕەکە دەچنە ئیسـپانیا، بەڵام ئەوەیان زۆر نـاخایەنێت و لـەویش جیـا دەبێتەوە و ژنی سێیەم دەدۆزێتەوە بە ناوی مارسا گلهۆرن و رۆمانی (بۆ کێ زەنگەکان لێ دەدەین) دەنووسێت، ئەوەشیان ئاماژە و داهێنانێکی مەزن بووە لە بواری هونەری نووسینەکانی ئەو.

همنگوای وەک پەیامنێرێکی بەرەکانی شـەڕەکە پێنج سـاڵ لەگەڵ ئەو ژنە دەمـێنێتـەوە. کە لە لەندەن هاوڕێیـەتی ژنە پەیامنێرێکی تر دەکات بە ناوی مـاری وڵش تـا ئەو رۆژەی لە سـاڵی ١٩٦١ خۆی دەکوژێت بەیەکەوە دەبن و زۆریش بەختیار ژیاون.

لە سـاڵانـی نێـوان ١٩٥٣ و ١٩٥٤ سـەردانی ئـەفـریقـیـای کـردووە و زۆریش بە سـروشـتـی ئەو کـیـشـوەرە دڵـخـۆش بووە. لەو سـەفـەرەدا و لەگەڵ ئەو ژنـەدا لەناو فرۆکـەیەک لە ئۆگەندا دەکـەونە خــوارەوە بەڵام بـەرێکەوت دەربـازیان دەبێت و نامــرن، بۆیـەش لەو رۆژەوە مــردن وەک خــەیاڵێک بەردەوام لەو نـێـزیک بووە و وەک کـەسـێکی رووخـاو ژیاوە. همنگوای لەسـەر هەر چوار ژنەکـەی وتوویەتی: کە گەنج بووم، هەرگیز بیرم لەو پرۆسەیە نەدەکردەوە، بەڵام کە ژنم هێنا و جیا بوومەوە و ئەزموونەکەم بینی، ئێستە من بەبێ ژن ناحەوێمەوە، هەرگیز لە ژنهێنانیش پەشیمان نیم، بەڵام یەکـێکیـان (ناوەکـەی نەهـێناوە) لـەناو ئاهـەنگەکـەدا دەرچووم و خـۆم کـردبوو بە بارێکا، لەوێ بارمانـەکە لێم دەپرسـێت، ئاواتت چییە، من لە وەڵامدا وتبووم، حەز دەکەم لەو بووکە جیا ببمەوە، ژنم ناوێت.

## لەگەڵ ئەکتەرە ژنەکاندا

لەو ئەکتەرانەی بە کەسایەتی و هونەرەکەی ئەو سەرسام بووبوون، دوویان ئەکتەری ناسراو بوون، لەوانە ئیڤان گاردنر و ئەنگرید برگمان و هەروەها ئەو دوو ئەکتەرەش شەیدای ئەو بوون، سیڤلیا سدنی و گریتا گاربۆ. هەمنگوای لەگەڵ ئەستێرەی سینەماییش مارلین دیتریش پێوەندیی گەرمی هەبووە، بەڵام پێوەندییەکەیان تەنیا بە نامە و لەسەر کاغەز بووە، ئەوەش لە نامەکان کە پاشان دۆزراونەتەوە دەرکەوتووە، ئەوەیان لەو ئەڤینە بووە کە لە یەکەم نیگادا ساز بووە. هەمنگوای لە ساڵی ١٩٣٤ لەسەر پشتی پاپۆڕێکی مەزن بە ناوی دوورگەی فرەنسا ئۆقیانووسی ئەتلەسی دەبڕێت، لەوێ دیتریش دەناسێت، ئەو لە گەشتی راودا لە ڕۆهەڵاتی ئەفریقیاوە دەگەڕایەوە و ئەو ئەکتەرە نازدارەش بە سەردان هاتبووە ئەڵمانیا و سەری خزمەکانی داوە و گەڕاوەتەوە هۆلیوود. ئەو ناوی ئەو ئەکتەرەی نابوو کرنب، ئەویش پێی وتووە بابا، هەتا مردنی هەمنگوای بەیەکەوە ماون و سی نامە و برووسکەی بۆ نازدارەکەی دیتریش لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ هەتا ١٩٦١ نووسیوە و ئەو نامانەش لە کتێبخانەی کنیدی لە بۆستن دۆزراونەتەوە و ئاشکرا بوون. لەناو ئەو کتێبخانەیەدا دەستنووس و پاشماوەی زۆری هەمنگوای دەدۆزرێتەوە و هەڵگیراوە لەوانە ئەو نامانەی هەمنگوای بە ناوی باباوە لەلایەن دیتریشەوە بۆی نووسراوە، لەوانە دوو نامەی هەمنگوای وەک وەڵامێک بۆ ئەو ئەکتەرە نازدارەی نووسیوە بڵاو کراوەتەوە، ماریا ریڤا کیژی دیتریش ئەو دوو نامەیە دەداتە خانەی سەرەکیی ئەرشیفەکانی ئەمەریکایی پاش ئەوەی دایکی مردووە و وەسیەتی کردووە پاش پازدە ساڵ لە مردنەکەم، ئەو دوو نامەیە ئاشکرا بکەن. هەمنگوای لە دوا نامەدا بە ناوی (بە سۆزەوە ماچت دەکەم) و (ئای کە کارەساتە من شەیدات بووم)، دیارە کەوا دیتریش لە وەڵامدا بۆی نووسیوە:

من ئەوەندەی خۆشم ویستی، زیاتریش دەتوانم خۆشم بوویی. یان نووسیویەتی:

من هەتا هەتایێ و دوورتریش خۆشم دەوێیت.

یەکێک لەو نامانەی هەمنگوای بۆ دیتریشی نووسیوە و بڵاو کراونەتەوە، کە لە ساڵی ١٩٥٢ نووسیویەتی چەند وشەیەکی گرانیشی تێدا بووە، بەڵام هاوکات سۆزی زۆر گەرمیشی ئاراستە کردووە، ئەگەر ئەو ژنە تەنیا دەنگی هەبووبێت، ئەوە دەنگەکە بەسە بۆ ئەوەی دڵت بشکێنێت. بەڵام ئەو جەستەیەکی جوانی هەبووە، دەموچاوی جوانییەکی ئەزەلیی تێدا بووە، ئەوەش گرینگ نییە کە چۆن دڵت وردوخاش دەکات، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەو ژنە لە ژیاندا بوونی هەیە، بەوەش بەردەوامی بە ژیان دەدات.

## ڕۆمانەکانی همنگوای

دیارە کەوا ژن لە ژیانی هەمنگوای زانراو و ئاشکرا بووە، بەڵام دەپرسین ژن لە ئەدەبەکەی لەناو ڕۆمانەکانیدا لە چ پێگەیەکدا بووە؟ بۆ وەڵامی ئەو رامانە رەخنەگر ئەدموند ولسن نووسیویەتی،

کەوا دوو جۆرە ژن لە ڕۆمانەکانی ئەودا هەبووە، لایەنی یەکەمیان ئەو ژنانەن کە زۆر خۆویست و گەندەڵ و توندکار بوون. لایەنی دووەمی ژنەکانی ناو ڕۆمانەکانیەتی، ئەو ژنانەی دۆست و نەرم هەڵسوکەوتیان کردووە و نازدار و شل بوون، گرووپی یەکەم لەوانە کەسایەتی برت ئاشلی، بۆ نموونەی کەسایەتی دووەمیش کاترین بارکلییە کە لە ڕۆمانی ماڵئاویی لە چەکدا بەرجەستە بووە.

هەندێ لە توێژەر و ڕەخنەگرەکان دەڵێن همنگوای هەندێ لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی دروستکراوی خەیاڵ بوون و لە ڕاستیدا بوونیان نەبووە، خۆی لە جیهانی تایبەتی خۆیەوە ئەو کەسایەتییانەی بەرجەستە کردووە. بەڵام ڕامان و بۆچوونی واش هەیە کەوا همنگوای زۆر لە کەسە نزیکەکان و ناسیارەکانی لە وێناکردنی کەسایەتی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانی کردووە، بۆیەش ڕەخنەگرەکان کۆکن لەسەرئەوەی کەوا کەسایەتییەکان، هەموو کەسانی نێزیکی خۆی بوونە، بۆیەش ڕۆڵی پیاوەکان لە ڕۆڵی ژنەکانی ناو ڕۆمانەکان بەهێزترن، لەبەرئەوەی کەسایەتییە مێینەکان لە نیگای پیاوەکانەوە وێنا کراون، دیاریشە کەوا همنگوای سایکلۆجیای ژنانی بۆ پاڵەوانەکانی نەنووسیوەتەوە. کەسایەتیی مێینەی بەهێز لەلای ئەو بیلرە لە ڕۆمانی بۆ کێ زەنگەکان لێ دەدەین؟ بەڵام کەسایەتییە ڕۆمانسییەکانی وەک کاترین لە ڕۆمانی ماڵئاوایی لە چەک و ماریا لە ڕۆمانی بۆ کێ زەنگەکان لێ دەدەین؟ وەک هزر و ڕامانی پیاوەکان وێنا کراوە.

## نالەباری

ژنانی ناو ڕۆمانەکانی همنگوای کەسانی داماو و سەرگەردانن، زۆربەیان وەک هاوڕێیەکی سێکسکردن بوون، لەبەرئەوەی ڕامانی لەسەر ئەو بۆچوونە وابووە کەوا پیاوی ڕاستەقینە و کارامە پێویستیان بە هاوڕێیەتی ژن نییە، ئەوان بەتەنیا کارەکانیان بەڕێوە دەبەن، ئەویش لەگەڵ ئەو کەسانە هاوڕا بووە کە دژایەتی ژنە سەربەستەکانیان کردووە، چونکە ژنانی بەرەڵا و دەربازبوو لە پێوەندییەکان بێگومان ژنی ڕووخێنەری لێ پەیدا دەبێت، زۆربەی ئەو ژنانەی لە نووسینەکانی ئەودا بوونیان هەبووە ئەو ژنانە کەسانی وا بوونە بۆشاییەکانی پیاویان پڕ کردووەتەوە.

زۆر لە کەسانی هوشیار لە ئەدەب و کەسایەتیی همنگوای باسی مەسەلەی ڕاو و شەڕەگا و شەڕە ناوخۆییەکان و جیهانی و شەیدابوونی بۆ ڕەگەزی مێینەیان کردووە، بەڵام کەم کەس هەیە باس لە هۆکاری خۆکوشتنەکەی بکات، ئەو پەنجا ساڵەی دوایی زۆر کەس کۆششیان کردووە بزانن ئەو بۆچی خۆی کوشتووە، ئەوە پەنجا ساڵ لەسەر خۆکوشتنەکەی تێ دەپەڕێت ئەو جۆرەها بۆچوونە هەبوو، وەک:

هەندێک وتوویانە کەوا لە ئەنجامی خەمۆکیدا بێزار بووە و وا دەزانێت کەوا ژیانی پیشەیی تەواو بووە، هەندێکیش دەڵێن ئەو کێشەی دەروونیی هەبووە، بەڵام لەو دواییەدا دەنگۆیەک پەیدا بووە کەوا ئەو لە ئەنجامی بێزارکردنی لەلایەن هەواڵگریی ئەمەریکاییەوە خۆی کوشتووە. نووسەری ئەرجەنتینی خورخی لویس بورخیس وتویەتی، کەوا همنگوای لە کۆتاییدا تێ گەیشتووە

ئەو نووسەرێکی مەزن بووە بۆیە خۆی کوشتووە.

هەندێکیش دەڵێن کەوا نووسەرەکە لەوە تێ گەیشتووە ناگاتە لووتکەی داهێنان، هەندێکیش دەڵێن کەوا لەو کاتانە بووە کە گەیشتووەتە ساتێکی شڵەژان، بەڵام دەڵێن لە بنەماڵەیەک ژیاوە کە بەڕەچەڵەک خۆیان کوشتووە و لەگەڵ ئەو کردەوەیەدا پێشینەیان هەبووە، کلارنس همنگوای و دوو زڕبرای ئورووسولا و لیستر و پاشان یەک لە نەوەکانی بە ناوی مار گاوک خۆیان کوشتووە. هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن کەوا همنگوای ئارەزووی ئەوەی هەبووە دیمەنی خوێناویی زۆرانبازییەکانی گا ببینێت و لە ئیسپانیا بە پەرۆشییەوە لەو گۆڕەپانانە بەشداریی دیتنی کردوون، هەروەها لە ئەمەریکاش لە راوکردنی ئاژەڵە کێوییە ترسناکەکانیش بەشداریی کردووە، رەنگە بۆیەش ویستویەتی دوا هەنگاوی مردنە ترسناکەکە تام بکات و وەک راستگۆییەک لەگەڵ خودی خۆی خۆی کوشتووە.

کریستۆفەر مارتن لە وتارێکدا بەناوی ئەرنست همنگوای ئامادە بۆ خۆکوشتن لە کۆواری تەندروستی دەروونی ئەمەریکاییدا نووسیویەتی، ئەو لە ئەنجامی لەنگی نێوان دوو رامانی دژ بەیەک و لێدانی لە مێشک نالاندوویەتی، یان رەنگە ئەو پیاوە دووچاری کەسایەتی نێرجسییەت هاتبێ. بەڵام ئارون ئیدوارد هوتشنر کە ماوەی چواردە ساڵ هاوڕێیەکی نێزیکی ئەو بووە، ئەویش وتبووی کەوا رەنگە خۆکوشتنەکەی لە ئەنجامی کێشەی دەروونی بووبێ، بەپێی نامەیەک لە رۆژنامەیەکی ئەمەریکایی بڵاو کراوەتەوە، کەوا همنگوای لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە و لەوێ و لەسەر داوای ئەوان وتارێکی بۆ کۆواری لایف نووسیوە. بەڵام (ئیف بی ئای) ئەمەریکایی گومانی لەو پێوەندییە هەبووە کە همنگوای لەگەڵ رێژیمی ڤیدل کاسترۆی شیوعی هەیبوو، بۆیەش بە وردی چاودێری کراوە و ئەوەش لەو دۆسییەیەی کە لە ساڵی ١٩٨٣ و بە قەبارەی ١٢٧ لاپەرە بڵاو کراوەتەوە دیارە، لەوێ نووسراوە، کەوا یەکێک لە پیاوە بەکرێگیراوەکانی فیدراڵییەکان حەزی کردووە بە ناوی ئیدگار هۆڤەر سەرپەرشتی ئەو دۆسیەیە بکات.

## نامەکە

هوتشنری هاوڕێیە نێزیکەکەی کە لە دوا رۆژەکانیدا لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئیداهۆ سەردانی کردووە و بۆیە لەسەر زاری ئەو وتوویەتی:

من لێرە لەناو دۆزەخێکدا دەژیم، ئەوان لە هەموو شوێنێک گوێی لە قسەکانم رادەگرن، بۆیەش ئۆتۆمۆبێلە دیوکەکەم بەکار دەهێنم، چونکە ئۆتۆمۆبێلەکەم بە ئامێری گوێڕاگرتن چاودێری کراوە و هەموو شتەکانم چاودێرییان لەسەرە. من نەمدەتوانی بە تەلەفۆن قسە بکەم، هەموو نامەکانم بە کراوەیی گەیشتووەتە دەست.

کە ئەو لە نەخۆشخانەی سانت ماری لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ چارەسەری دەروونی بە تەزووی

کـارەبایی لـە ویلایەتی مـینسـوتـاش چارەسـەر کـراوە، لەوێ ئەو چاودێریکردنەی لەگەڵدا بووە، هوتشنر لە نامەکەیدا بایەخ بەو ترسە نادات کە همنگوای ترسی لەو دەزگا موخابەراتییە هەبووە. بۆیەش دەکرێ جیاوازی بکرێت لە نێوان ترس و لێکۆڵینەوەی فیدرالی، کە لە چاودێریکردنەکەدا نیگەران بووە و ئازاریان داوە، بۆیە خۆی کوشتووە. ئەو هاوڕێیەی وتوویەتی کە من سەردانم کرد، وەک جاران لە ئێستگەی شەمەندەفەرەکە لە بارەکە نەوەستاین، چونکە ئەو نیگەران و بەپەلە بوو، کە پرسیم بۆ وا بەپەلەی، ئەو لە وەڵامدا وتی، نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی چاودێریم دەکات، ئەوەشی زۆر بەناڕەحەتییەوە دەربڕیبوو. بۆیەش کە دۆسیەکە لە ساڵی هەشتاکان بڵاو دەکرێتەوە گومانەکەی همنگوای ڕاست دەردەچێت، بەر لە خۆکوشتنەکە کە لە یەکێک لە کلینیکەکانی مینیسوتا چارەسەر کراوە داوای کردووە بە ناوێکی ترەوە تۆمار بکرێت، یەکێک لە دوکتۆرە دەروونییەکان پێوەندی بە موخابەراتەوە دەکات و دەپرسێت دەکرێ وا بکەین!

**لە پەیڤە ناودارەکانی همنگوای:**

* بەختیاری؟ تەندروستییەکی باش و بیرەوەرییەکی لاوازە.
* هەرگیز مەڵێ شەڕ تاوان نییە، بەناچاری بێت یان وەک پێویستییەک با بکرێت.
* باشترین فاکتەر بۆ ئەوەی بڕوا بە کەسێک بکەیت، بڕوابوونە.
* وا باشە نووسەرەکان بە پێوە بنووسن، چونکە لەو کاتانەدا رستەی کورتی باش دەنووسن.
* بەختیاری و شادومانی لەناو خەڵکە زیرەکەکان زۆر کەمە.
* هەموو خراپەکارییەکان بە بەرائەتەوە بەندن.
* دەکرێ هەموو کەسێک بڕووخێنیت، بەڵام هەرگیز ناتوانیت ئەوانە ببەزێنیت.
* کە خەڵک قسە دەکات، بەبێدەنگییەوە گوێیان لێ رابگرە.
* خەڵک بە دوو ساڵ فێرە قسەکردن دەبێت، بەڵام بە پەنجا ساڵ فێرە بێدەنگی دەبێت.
* یەک شتی راست نییە، بەڵام هەموو شتەکانیش راستن.
* چەند سامانت زۆرتر بێت، ترسیشت زۆرتر دەبێت.
* لە کاری بەڕەوشت ئیسراحەت دەکەیت، لە بەدکارییەکانیش ناڕەحەت دەبیت.
* نەکەی چالاکی و کردار ئاوێتە بکەیت.
* کە سەیری وشەکان دەکەیت، وا بزانە یەکەم جارە دەیان بینی.
* کە دوو کەس یەکتریان خۆش ویست، کۆتاییەکەی شادومانی نییە.
* کتێب بەوەفاترین هاوڕێیە.
* شەڕەکان لە ئەنجامی پارێزگاری نەکردنی سامان هەڵدەگیرسێن.
* من هەرگیز بابەتم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بەردەوام بابەت منیان هەڵبژاردووە.

بە زەنجیرە لە مانگی یولیۆی٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

باس

ئارام سدیق

# لە وشەوە بۆ وێنە
## پێوەندیی نێوان ئەدەب و هونەر
## لای هونەرمەند بەدیع باباجان

### سەرەتا

مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی، مێژوویەکە دەیان هونەرمەند و ئەدیبی پەراوێزخراوی تێدایە، کە بەشێکی زۆریان لە پاش مردنیشیان بەشێوەیەکی دروست کارەکانیشیان بۆ چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، تا لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێت. رەنگە لەم بەشەی کوردستاندا لە دوای راپەرین و پێشتریش هەندێک کار کرابێت بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی ئەدیبان و هونەرمەندان، بەڵام ئەم کارانە زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەو داهێنەر و بەهرەمەندانە، کە لە مێژووی فەرهەنگی ئێمەدا ئامادەییان هەبووە، یان لە قۆناخێکی ژیانی فەرهەنگیدا رۆڵێکی بەرچاویان بینیوە.

هونەرمەند (بەدیع باباجان) لە ریزی ئەو هونەرمەندانەیە، کە زۆر بەکەمی بەرهەمەکانی پارێزراون و بەشێکی زۆری کارە هونەرییەکانی بە پەرش و بڵاوی مابوونەوە تا ساڵی ٢٠١٠ نووسەر و رۆژنامەنووس بەختیار سەعید بە هەوڵی چەند خەمخۆرێکی هونەری کوردی، بەشێک لە کارەکانی ئەم هونەرمەندەیان لە شێوەی کوراسێکدا کۆ کردەوە، کە ئەمە کارێکی گرینگ و جیدی بوو بۆ ئەم هونەرمەندە کرا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ئێستادا پێویستە کاری لەم شێوەیە بۆ زۆربەی هونەرمەندەکانی تر بکرێت بەتایبەت ئەو هونەرمەندانەی بەرهەمەکانیان لە لێواری فەوتاندان. من بەر لە چاپکردنی کوراسەکەی (باباجان) بە بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم هونەرمەندە ئاشنا نەبووم، بەڵام لە چاپکردنی ئەم کوراسەیەوە تێ دەگەین، کە (باباجان) بەتەنیا هونەرمەندێکی ئاسایی نییە، کە لە یەک بواردا کاری کردبێت، بگرە ئەو لە چەندان بواری

جیاجیادا پەرەی بە داهێنانەکانی خۆی داوە و ویستوویەتی رووی گەشی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کورد لەسەر ئاستی عێراق بناسێنێت. هاوکات لە رێی کێشانی وێنەی شاعیرانی کلاسیکەوە دەیان شاعیری گومناوی لە رێی ئەو وێنانەوە زیندوو کردەوە، تا گەیشتە ئەوەی ئێمە وەکو وێنەی راستەقینەی ئەو شاعیرانە سەیری بکەین و هەست بەوە نەکەین، کە ئەمە ئەفرێنراوی خەیاڵی باباجانن.

من لەم نووسینەدا ئاماژە بە ئەو پێوەندییەی نێوان ئەدەب و هونەر لای هونەرمەند (بەدیع باباجان) دەکەم، کە پێوەندییەکە ئاوێتەیە لە راستگۆیی و پێشکێشکردنی روحی هونەری بە وێنەی شاعیرە کلاسیکییەکان. رەنگە ئەگەر (باباجان) نەبووایە ئێمە ئەوەندە هەستمان بە نێزیکبوونمان لەو شاعیرانەوە نەکردایە. ئەو وێنەی راستەقینەی ئەوانی بۆ گوێزاینەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئاوێتەی ئەوان بکات، لەبەرئەوەی بۆ پەیبردن بە روخساری ئەو شاعیرانە (باباجان) ئاوێتەی ئەوان بوو.

## ژیانی بەدیع باباجان

ئەوەی لەسەر ژیانی ئەم هونەرمەندە هەیە هێندە زۆر نییە و تا ئێستا چەند لایەنێکی ژیانی هەر بە ناڕوونی ماوەتەوە، ئێمە لێرەدا تەنیا کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەند بەدیع باباجان دەخەینە روو:




هونەرمەند بەدیع باباجان لە ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی (اخ حسین)ی شاری کەرکووک هاتووەتە دنیاوە و لەبارەی ژیانی خۆی هونەرمەند دەڵێت: ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکووک لەدایک بووم هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وێنە و مۆسیقا دەکرد، خوێندنی سەرەتاییم لە ماڵی ئامۆزاکانم لە شاری سلێمانی تەواو کرد و دواتر قۆناخی ناوەندیم لە شاری کەرکووک تەواو کرد لەبەشێکی تری گێڕانەوەی ژیانی خۆیدا ئەم هونەرمەندە ئەوە دەخاتە روو، کە بەهۆی ئەوەی ئارەزووی زۆری بۆ هونەر هەبووە لە ساڵی ١٩٤٥ دەچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا و حەزی لە

بەشی مـۆسـیـقـای رۆئاواییی بووە، بەڵام لەو بـەشـەدا قـبـووڵیـان نەکـردووە، بەهۆی ئـەوەی هیچ شـارەزاییی لـە نۆتەدا نەبـووە، دواتر بە نـاچاری بڕیار دەدات بـچـێـتـە بەشـی وێنەکـێـشـان. ئەم هونەرمـەندە لە سـاڵی (١٩٥٠)دا پـەیمانگە تەواو دەکـات و لە ریزی یەکـەمـەکـانی پەیمانگاکـەیدا دەبێت.

(باباجـان) لە دوای چەندان نـەهامـەتی و کـڵـۆڵی و دەربەدەری دواجـار لە ١٩٩٦/١١/١٥دا بۆ دواجار لە شـاری بەغدا مـاڵئاوایی لە ژیان کرد و لە گۆڕسـتـانی (محـەمـەد سکران) لە نـێزیک راشیدییە هەر لە شاری بەغدا بە خاک سپێردراوە.

## ئاوڕدانەوە لە کارەکانی بەدیع باباجان

بێگومان ئاوڕدانەوە لە کارەکانی بەدیع باباجان ناکرێت تەنیا لە یەک لایەنەوە بێت، بگرە پێویستە سەرجەم کارەکانی بۆ چەند بەشێک پۆلێن بکرێت، کە ئەوانیش بەشێکی ئەو پۆرترێتانەن، کە بۆ شاعیرانی کلاسیکی کێشاوە، بەشێکی تری هـونەری خۆشنووسـییـە، هـاوکات نووسـینی شـیـعر و ئاشنابوونی لەگەڵ دنیای شـیعر و نێزیکبوونی لە دنیای ئەدەبیات، ئەمـە بێجگە لـەوەی کە کـاری هونەریی بۆ کۆوارەکـانی (گـەلاوێژ و نزار) و چەندان بەرگی کـتـێب کـردووە. بەدەر لەم کـارانەش کاری ریکلام و پۆستەری بازرگانیی کردووە و کلێشەی بۆ چەندان دراوی عێراقی کێشاوە. لێرەوە تێ دەگـەین کە هـونەرمـەند لە چەندان بواری جـیاجـیادا کـاری کـردووە و تەنیـا یەک ئاراسـتـەی هونەری نەگـرتووە، بگرە بەهرەی ئەم هونەرمـەندە لە زۆر بـواردا دەرکـەوتووە. وەک ئـامـاژەمـان بۆ کرد بوارەکانیش زۆرجار لە یەکتـرییەوە دوور نەبوون و تێکڕایان کارکردن بوون لە نێوان هێڵ و رەنگدا، بۆیە خـۆشـەویسـتـیی باباجـان بۆ دووانـەی (هێڵ و رەنگ) زیاتر لە هونـەرەکـەیدا قـاڵی کردووەتەوە.

بۆ هەڵسـەنگاندنی کارەکـانی ئەم هونەرمەندە پێویست بەتوێژینەوەی کەسـانی پسپۆڕی بوارەکە دەکـات، بەڵام ئەوەی من تێـبـینیی دەکـەم ئەوەیە کـە هـەوڵی داوە لە بەرگی ئـەو کـتـێبـانەی کـە ئەو کێشاونی، گوزارشـتکەر بێت لە ناوەڕۆکی کتێبەکە، یان بەشێک لە کتێبەکە، یان وێنەیەکی بە وشە کێشراوی نـاو ئەو کتـێبـەمان لەسـەر بەرگەکە بۆ بنەخشـێنێت. بێگومـان ئەم لایەنەش پێویسـتی بە توێژینەوە هەیە. بۆیە من لەوە زیاتر لەسـەر وردەکارییە هونـەرییەکانی کـارەکانی ئەم هونەرمـەندە نادوێم.

## مێژووی مرۆڤ لەگەڵ وێنەدا

مێژووی مـرۆڤ لەگەڵ وێنەدا مێژوویەکی درێژە و سـەرچاوە مـێژووییەکان سـەرەتاکانی یەکەم وێنە و دەربڕین و گوزارشـتەکان دەگێڕنەوە بۆ وێنەی ئـەشکەوت و هـەڵکەندراوی سەر تاقـە قوڕ و پارچە

پارێزراوەکان. لە چاخی بەردیندا مرۆڤ لە رێی داتاشینی بەرد و دارەوە وێنەی چەندان ئامێری جۆراوجۆری دروست کردووە، کە بۆ ژیانی رۆژانەی سوودی لێ وەرگرتووە. پاش ئەمەش لە ڕێی دروستکردنەوە، کە بە خۆڵ گۆزە و دیزە و زۆر پارچەی تری جۆراوجۆر دروست کراوە. لە شێوەی جۆراوجۆردا بوون.

ئەگەر وردتر سەیری مێژووی دێرینی مرۆڤ بکەین، لە هەر بەشێک لە ئەشکەوتەکاندا دەیان وێنەی جۆراوجۆر دەبینین، کە گوزارشتن لە پاشا و میر و سەرگەورەکانی ئەو سەردەمانە، کە ویستوویانە لە رێی ئەو وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە هەڵدەکۆڵرێن نەمری بۆ خۆیان بەرجەستە بکەن و هاوکات بەشێک لە مێژووی خۆشیان بنووسنەوە. ئەمەش تا ڕادەیەک کۆمەکی بە مێژوونووسان و شارەزایانی ئەو بوارە کرد تا بگەنە چەند راستییەکی مێژوویی لەسەر ژیانی ئەو مرۆڤانەی لە ناوچە جیاجیاکاندا ژیاون.




مرۆڤی دێرین بەرلەوەی بەرکەوتنی لەگەڵ نووسیندا هەبوویێت، بەرکەوتنی لەگەڵ وێنەدا هەبووە. نووسین مێژوویەکی کۆنی نییە، بگرە لە سەرەتادا نووسین تەنیا لە چەند وێنەیەک پێک هاتبوو، واتە مرۆڤ تەنیا لە رێی وێنەوە توانیویەتی گوزارشتەکانی بگوێزێتەوە و پێ دەچێت سەرەتاش بە وێنەکردنی ئەو شتانە دەستی پێ کردبێت، کە بەرکەوتنی رۆژانەی لەگەڵیان هەبووە. لێرەوە تێ دەگەین قۆناخی پەڕینەوەی مرۆڤ لە وێنەوە بۆ وشە هەر لە رێی نەخشاندنی وێنەکان بووە، بەڵام لە فۆرمی نووسیندا. واتە وەکو سەردەمە نوێکان پیت نەبووە، تا بە رستە و وشەی جۆراوجۆر گوزارشتەکان دەرببڕدرێت. ئەمە ئەو سەرەتایە بوو، کە مرۆڤ لەگەڵ وێنەدا ئاشنا بوو و پاشان هەر لەوێوە گەیشتە وشە بۆ دەربڕین و گوزارشتەکانی.

ڕەگی وشەی وێنە (image) بۆ سەرچاوەیەکی یۆنانی دێرین دەگەڕێتەوە بەمانای (Icone)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێکچوون و لاساییکردنەوە، کە لە ئیماگۆی لاتینییەوە وەرگیراوە و لە ئینگلیزیشدا پێی دەوترێت (Image)، ئەم وشەیە دەلالەتەکانی ڕۆڵێکی گرینگ لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا دەگێڕن.

وێنە لە سەردەمە کۆنەکاندا گوزارشتکەر بووە لە روح، لەبەرئەوەی زۆر بەکەمی وێنە کێشراوە و ئەو وێنانەشی کێشراون وەکو ئەوەیە بە رۆح کێشرابن. هەروەها لە پێوەندیی وێنە بەڕوحیشەوە ئەرستۆ گوتوویەتی: «هەرگیزاو هەرگیز روح بە بێ وێنە بیر ناکاتەوە.»

# له وشه‌وه بۆ وێنه

زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە هەژمونی لەناوچوون و فەوتانی لەسەر بووە، بە کوردی نووسینی (ئەحمەدی خانی) بەشێک بووە لە هەوڵی زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی هەم لەلایەن سەفەوییەکانەوە و هەم لەلایەن عوسمانییەکانەوە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی ریشەی کورد و زمانی کوردی دراوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکانیشدا کە قوتابخانەی شیعری بابان لەسەر دەستی (نالی و سالم و کوردی) دامەزرا، ئەم قوتابخانەیەش بەدەر لەوەی هەوڵێکی ئەدەبی چەند شاعیرێک بووبێت بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شیعری، بگرە هەوڵێکی تر بووە بۆ پاراستن و لەبەین نەچوونی زمانی کوردی، کە لەو سەردەمەشدا دیسان دەویسترا لەناو ببرێت. بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەرکی هەموو شاعیر و نووسەرێک ئەوە بووە، کە وشەی کوردی بپارێزێت، چونکە بەردەوام هەوڵی سڕینەوە و داگیرکردنی هەموو وشەیەک دراوە، کە کوردی بێت، تا بکرێت بە موڵکی گەلانی تر.




دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە قاهیرەی پایتەختی میسر، دیسان پێ دەچێت هەوڵێکی بەدرخانییەکان بووبێت بۆ زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و پاراستنی لە فەوتان، یان دەتوانین ئەوەش بڵێین بۆ ئەوەی زمانی پەخشانی لەناو ئەدەبی کوردیدا پەرە پێ بدەن، کە تا ئەو کات وەک پێویست گەشەی نەکرد بوو و سەرتاپای ئەدەبی کوردی تەنیا شیعر بوو.

ئەوەی لەم سەرەتایەوە ویستم بیخەمە ڕوو تەنیا ئەوە بوو، کە نووسەران و شاعیرانی ئێمە لە کۆندا بەر لەوەی بیر لە داهێنان بکەنەوە، دەبوو بیر لە پاراستنی زمانەکەیان بکردایەتەوە و هەوڵی زیندوو هێشتنەوەیان بدایە. واتە پاراستنی وشەی کوردی و زمانی کوردی ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەموو نووسەر و شاعیرەکان بووە. ئەگەرچی لە ئێستاشدا بەدەر لەم پارچە ئازادکراوەی هەرێمی کوردستان لە پارچەکانی تر هەیمەنەی لەناوبردنی زمانی کوردی هەیە. بۆیە گرینگی زمان لە زۆر ئاستدا دەردەکەوێت و زۆرجار هەر لە رێی وشەوە هونەرمەندێک تابلۆیەکی هونەریی سەرنجڕاکێش دەنەخشێنێت.

یەکێک لە کارە گرینگ و پڕ بایەخەکانی هونەرمەند (بەدیع باباجان)، کە زیاتر پێی ناسرا و

ناوبانگیشی بە نەمری هێشتەوە وێنەکێشانی شاعیرە کلاسیکییە کوردییەکان بوو، کە لە ڕووی ئەو وەسفەوە، کە بەشێوەی وشە لەلایەن (عەلادین سەجادی)ەوە بە دەستنووس بۆ (باباجان) دەنێردرا تا لە رووی ئەو ژیانە کورت و وەسفە کەمەوە وێنەیان بکێشێت. لێرەدا هەست بەوە دەکەین کە هاوکێشەی (لە وێنەوە بۆ وشە)، کە لە بەشی پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، تەواو پێچەوانەیە و لای ئەم هونەرمەندە هاوکێشەکە بووەتە لە (وشەوە بۆ وێنە)، لەبەرئەوەی ئەم هونەرمەندە لە وشە وێنەی دروست دەکرد و وێنەی ئەو شاعیرە کلاسیکیانەی ئەم شاعیرە کێشاونی بەرئەنجامی ئەو چەند وشە و رستە کەمە بووە کە لەلایەن (سەجادی)یەوە بۆ باباجان نێردراوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی کە باباجان گەیشتووەتە ئەوەی نهێنیی وشەکان کەشف بکات، بۆیە وێنەی نەمری لەو وشانە ئەفراندووە.

## کەشفکردنی نهێنیی وشە

لەناو ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیدا کەمن ئەو هونەرمەندە وێنەکێشانەی کە توانای دۆزینەوەی نهێنیی وشەیان هەبووە و توانیویانە وێنەی جوان لە وشە بنەخشێن. بێگومان دۆزینەوەی نهێنی وشە پێوەندیی بە ئاستی رۆشنبیری ئەو هونەرمەندەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەودیوی دەق بخوێنێتەوە و وێنەی بۆ بنەخشێنێت، یان بە واتایەکی تر چاوێکی تری هەبێت بۆ کەشفکردنی دیوی ناوەوەی وشەکان. لە سەردەمی ئێستادا یەکێک لە دیارترین ئەو هونەرمەندانەی کە بەشێوەیەکی هونەری و سەرکەوتووانە کاری لەگەڵ وشەدا کردووە و پەی بە (نهێنیی وشە) بردووە هونەرمەند (رێبوار سەعید)ە. ئەم هونەرمەندە لە چەند پرۆژەیەکدا لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا کاری هاوبەشی کردووە، کە دیارترینیان پرۆژەی (وشە و هێڵ) بوو، کە لەم پرۆژەیەدا (شێرکۆ بێکەس) کورتە شیعری ئەفراندووە و هونەرمەند رێبوار سەعیدیش تابلۆی لەسەر نەخشاندوون. بەدەر لەم هونەرمەندە پێ دەچێت هونەرمەندی تریش هەبێت، کە لەم بوارەدا کاری کردبێت، بەڵام ئەم پرۆژەیەی شێرکۆ و رێبوار دیارترین پرۆژەی هاوبەشی نێوان ئەدەب و هونەرن.

هەر لەم بوارەدا هونەرمەند (بەدیع باباجان) سەردەقشکێنی زۆرێک (زیادەڕەوی نییە بڵێم هەموو) لە هونەرمەندانی هاوسەردەمی خۆیەتی و ئەو چەندان وێنە و پۆستەری بۆ بۆنە جیاجیاکان، یان بۆ بەرگی کتێبی نووسەران کێشاوە. ئەمە بێجگە لە وێنەکێشانی شاعیرانی کلاسیک تەنیا لە رێی ئەو وەسفانەی "عەلادین سەجادی" بۆ "باباجان"ی کردوون کێشاونی.

یەکێک لەو خاڵانەی لای هونەرمەند "بەدیع باباجان" هەستی پێ دەکرێت گەیشتنی ئەم هونەرمەندەیە بە دۆزینەوەی نهێنیی وشە و پەیبردن بە نهێنییە نەبینراوەکانی ئەودیوی وشەکان، کە هەر ئەمەش بووەتە داینەمۆی سەرکەوتنی کارەکانی. هاوکات دەتوانین بڵێین کە "باباجان" پێوەندییەکی توندی بە دنیای ئەدەبەوە هەبووە، یان روحی ئاوێتەی ئەو وشانە کردووە، کە سەجادی بۆی نووسیوە، تا بیانکاتە وێنە. هەر بۆیە توانیویەتی بەو شێوە جوان و سەرنجڕاکێشە

وێنەی ئەو شاعیرە کلاسیکیانە بنەخشێنێت.

خاڵێکی تر کە لە وێنەی شاعیرە کلاسیکییەکاندا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە، کە ئەو وێنانەی بۆ شاعیرانی کلاسیکی کوردی کێشاونی بوونەتە بناخەی تەواوی ئەو وێنانەی تر، کە هونەرمەندانی تر پاش ئەو کێشاویانن، واتە باباجان بناخەدانەری وێنەی شاعیرانی کلاسیکی بووە و وێنە نەخشێنراوەکانی ئەو بوونەتە حەقیقەت و لەوە دەرچوون کە تەنیا وێنەیەکی خەیاڵی بن، بەڵکو ئەو وێنانە زیاتر لە وێنەی بەرجەستەبووی ئەو شاعیرانە دەکات و ئەو پەیکەرانەشی بۆ ئەو شاعیرە کلاسیکییانە کراوە نەتوانراوە خۆ بپارێزرێت لەو شێوانەی (باباجان) کێشاونی. بەڵکو لەناو هەموو ئەو کارانەدا هەست بە ئامادەیی کارەکانی ئەم هونەرمەندە دەکرێت، هەرچەندە پەیکەرتاشەکان ویستبێتیان خۆشی لێ لابدەن، بەڵام هەر روحی کارەکانی باباجان لەناو جەستەی ئەو کارە هونەرییە نوێیەدا کە بۆ ئەو شاعیرانە کراوە بەرجەستە بووە.

لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەو پێوەندییەی نێوان ئەدەب و هونەر، کە لای هونەرمەند بەدیع باباجان رەنگدانەوەی هەبووە پێوەندییەکە ئاوێتەیە لە راستگۆیی و پێشکێشکردنی روحی هونەری بە وێنەی شاعیرە کلاسیکییەکان و لەگەڵ وێنە زیندووەکانی ئەم هونەرمەندەدا هەستکردنمان بە نێزیکبوونمان لەو شاعیرانەوە زیاتر و زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو وێنەیەکی خەیاڵیی ئەوانی نەکێشاوە، بگرە ئەو وێنەی راستەقینەی ئەوانی بۆ ئێمە گوێزایەوە بۆ ئەوەی ئێمە ئاوێتەی ئەوان بکات لەگەڵیاندا بژین.

## ئەنجام

بێگومان ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندانی کورد لە هەر بوارێکی هونەریدا کاریان کردبێت کارێکی گرینگ و پڕ بایەخە بۆیە لام وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە ئاوڕ لە هەموو ئەو هونەرمەندانە بدەینەوە، کە تەمەنی خۆیان بە هونەری کوردی داوە، بەڵام وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانیان نەکراوە. باباجانیش لە ریزی ئەو هونەرمەندانەیە، کە پێویستە ئاوڕی جیدی لێ بدرێتەوە و حەقە لە کۆکردنەوەی کارەکانیدا بواری لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵەرەوان خۆش بکرێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر هەموو لایەنە هونەرییەکانی ژیانی ئەم هونەرمەندە بکەن.

سەرنج:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەو کوراسەیەی نووسەر و رۆژنامەنووس (بەختیار سەعید) وەرگیراوە، کە تایبەتە بە کارەکانی هونەرمەند بەدیع باباجان.

وتار

ئەدیب نادر

# جیاوازێک لەناو ئێمەدا



وەک با وایە.. هەموو دەمێک بە چەمکی جوانی ڕەهایی مامەڵە دەکات وەک هەتاوە.. چەمکی ئاوابوون لەلایدا بوونی نییە.

وەک ئاسمان چەمکی ئینفینت بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و وەک ئۆقیانووسیش هەموو کات بەدوای چەمکی بێکۆتابووندا دەگەڕێت، ئەو کاتەیش کە وەکو مرۆڤ دێتە دنیا، چەمکی سوپەرمان دەهێنێ و دەیکات بە ماڵی یەکجاری بۆ خودی خۆی.

دیارە هەموو شتێک بە پرسیار خۆی پێشکێش دەکات: پرسیاری جیاوازبوونیش ئەوەیە کە: چۆن نووسەر دەکارێ بەبێ مەودا وەرگرتن و دابڕان لە کەلەپوور و ڕۆشنبیریی ڕابردوو و هەروەها لە ڕەنگ و شێوە لۆکاڵییەکان دەربازی بێت بۆ ئەوەی بزاڤی ڕۆشنبیریی شتێکی جودا لەوەی کە هەیە بەرهەم بهێنێت؟ ڕەنگە بەر لەوەی شتێک پێویستی بەوە بێت کە پێناسەی بۆ ڕەسەنایەتی هەبێت، ڕەسەنایەتی بە مانای، هەبوونی خودێکی جیاواز لە خودی ئەوانی تر، لەو بیر و هزرەیش خۆی دابتەکێنێ کە لە بەکاربردن و بەرخۆرکردنی ڕۆشنبیرییەک بەردەوام بێت کە هەردەم ئەوانی تر وەبەری دەهێنن، پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن وا لە بەرهەمەکانی خۆی بکات ئەو گرینگییە پەیدا بکەن تا

ببنه کاڵایەکی ڕوحیی پەیگیر و پێداویست بۆ ئەوەی ئەوانی تر بیکەن بە بەرخۆری خۆیان.

بەوە دەچێت هێشتایش هەر لە سەردەمێکی میتۆلۆجیدا ژیان بەسەر بەرین "بێگومان بە چەمکە شتراوسییەکەی" کە دەڵێت داهاتوو، بەردەوام بۆ ئێستە و ڕابردوو وەفادارە، بەردەوامیش لەسەر تاقە هێڵێکی نەگۆڕ بەردەوامن، بەڵام ئێمە چۆن داهاتوومان جیاواز دەبێت؟ دەشێ سادەترین وەڵام یاخۆ ڕێگەچارە ئەوە بێت کە لەو زەمەنە میتۆلۆجییە خۆمان، دابڕین و تەقەللای ئەوە بدەین، بێینە ناو سەردەمی مێژووەوە بەڵام، ئاخۆ دەتوانین لە هەنووکەدا، لە ڕووبەری ئەدەب و ڕۆشنبیریماندا بۆ گۆشە نیگای جیاواز بگەڕێین؟ وەڵامی ئەمەیش ئەگەر نەگەتیڤ نەبێت ئەوا لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بڵێین، دەگمەنە، لەبەرئەوەی لیتراتۆرەکەمان کۆمەڵێ ئەزموونی قووڵی ئیندیڤیدواڵانە وەدییان نەهێناوە و سەر شکڵێکی کۆلێکتیڤیان هەیە، بەو مانایەی کە زۆربەی شتەکانمان شێوە و ڕوواڵەتی یەکیان وەرگرتووە، زۆربەمان، "نیمایۆشیج"ی شاعیر وتەنی وەکو کوڕەکەی مەریەم چوارمێخەی خۆمان کێشاوە هەتا هیچ کەسێک کاری بەسەرمانەوە نەبێت، هەتا خۆیشمان لە بەرپرسیاریەتییەکانمان ببوێرین، کە بێگومان ئەمە جۆرێکی هەرزانبەهایە لە خۆشاردنەوە لەودیو بیانووەکانی جیاوازبووندا.

بەڵام با بپرسین ئاخۆ کێ لە نووسەرانمان لەمە ئاوارتە و هەڵاوێردەیە؟ بە قەناعەتەوە دەتوانم بڵێم بەختیار عەلی وەڵامێکی بەرجەستە و واقیعییە بۆ ئەم پرسیارە بۆچی؟ لەبەرئەوەی دەڵێی: لە دەریایەکدا فێری مامەڵەی داهێنان بووە و بەرەو ئۆقیانووسی داهێنان دەڕوات، سەرومڕ لە پرسە گرینگەکانەوە دەدوێت، ئەگەر شتە بچووکەکانیش بکاتە بەر باس ئەوا کتومت وەکو خۆیان نایانهێڵێتەوە، بگرە بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاستی ئایدیالیی و بیرۆکەی هونەرییانە، بەشێوەیەکی هەڵچووانەیش وێنەی ڕەهەندەکانی ڕووداوەکانمان بۆ ناگرێت، بەپێچەوانەوە بە شێوەیەکی فیکرییانە بەو کارە هەڵدەستێت، هەردەم هەوڵی هۆشیارانە و خودئاگایانەی داوە و دەیدات بۆ بەرفراوانکردنی ئاسۆی دید و دنیابینی، دید و دنیابینی ئەو واقیعەی کە سەرجەم تراجیدیاکانی بۆ ئێمە بەرهەم هێناوە، هەردەم بینای فیکری کاراکتەری نووسینەکانی ئەون و ڕەهەندەکانی ئەو ئەدەب و ڕۆشنبیرییەی کە ئەو هەڵیان دەگرێ لە کۆمەڵێ بەها بنیات نراون، کە لەو ئەزموونە زەمەنییەی خۆیەوە پێک هاتووە و دانراوەکانی پێی بارگاوین، بەرهەمەکانیشی هەموو کات دوو هێزی ململانێکەر دەگرنە خۆ، کە ئەوانیش هێزی ئامادەباشی و هێزی تێپەڕاندنن، مەبەستی سەرەکی ئەو هەموو کات خوڵقاندنە نەک گوزارشتکردن تا ئێستە پێچەوانە و بەدەر لە زۆربەی ئیشکەران لە کایەی ئەدەبدا کۆشاوە بۆ ئەوەی بۆ ژیان و مەرگ و یادەوەری و هەموو شتێکی تر مانا بەرهەم بهێنێت و مەودایەکی بەربەرین لەگەڵ مەئلووفی ئەدەبەکەماندا بەجێ بهێڵێت، لە نووسینە پڕەستیژدارەکانیشیدا دنیای ئاگایی و شعووری خۆی جێ ناهێڵێ و هەرگیز لێی هەڵنایەت، خۆ ئەگەر خوانەخواستە کارێکی وایشی لێ وەشایەوە ئەوا حەتمەن ئەو دنیایە بۆ ناو جیهانە فانتازییە داڵدەدەرەکەی خۆی دەگوازێتەوە و دەیکات بە باکگراوەندی ئەو دنیایەی کە پێویستە هەبێت، بێگومان زمان لای ئەو شتێکی جودایە لەو ماتێریاڵەی کە هەیە یاخۆ ئیتران بەکاری دەبەن، ئەو

مامەڵەیەکی تری لەگەڵدا دەکات، کاراکتەرێکی نوێی پێ دەدات، ئەو کاراکتەرە نوێیەیش داهێنانی ئەوە لەسەر ئاستی ڕەهەندی دەرەوەی زمان، چونکە ئەم ڕەهەندە لە چوارچێوەی مانادا دنیایەکی ترمان بۆ بنیات دەنێت و ئەو دنیا ئاساییە نییە کە لە دەقەکانی ئەوانی تردا بەرهەم هێنراوە، لەمەیش بگوزەرێ، ئەو هەرگیز ڕێگەی ئەوە نادات هۆشمان خەواڵوو بێت بەرامبەر بە شتەکانی دەوروبەر، ئەو ڕووبەری داهێنانی پڕ کردووە لە کێبەرکێیەکی درەوشەدار لەمیان شیعر و پەخشاندا، کێبەرکێیەک کە لە کۆتاییدا هەردووکیان قبووڵی یەکتری دەکەن و هاوشان شاکارە جوانەکانی بەرهەم دەهێنن.

لە ڕاستیدا نووسەری چاک پڕۆژەیە و هەر وەکو پڕۆژەیەکی بەردەوامیش بیر لە خۆی دەکاتەوە و بەردەوامیش داهێنانەکانی دەبنە دەروازەی پڕۆژەکەی، بیرکردنەوەی پڕۆژە ئامێزانەی تەشەنە دەکات، پەرە دەستێنێ و لە ڕێگەی نووسینەوە بۆ ناو خودی کۆمەڵگە دزە دەکات، بە واتایەکی تر دەبێتە ئەڵتەرنیڤ بۆ سەبجێکتێکی پێداگر لە ژیانحاڵی کۆمەڵێک خەڵک و ئەو جیاوازییە بەرهەم دەهێنێ، ئەو پەیامە بەرهەم دەهێنێ کە نووسەر لە پێناویدا سەرقاڵە، بەختیاریش بێگومان هۆشیارە بەرامبەر بە پڕۆژەکەی خۆی و دەزانێت کە خودی ئەو خۆی پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیریی گرینگە، هەموو بەرهەمێکیش کە بڵاوی دەکاتەوە بەشێکی کامڵی ئەو پڕۆژەیەیە کە دواتر کە لە بۆتەیەکدا وەدی دێت کە ئەویش کۆی بوونی بەختیارە لە تان و پۆی پڕۆژەکەیدا، چونکە داهێنەر لەوە بەئاگایە کە خودی ئەو پێش تێکستەکانی دەبێتە پڕۆژەیەکی جیدی و وێنە وجودی و ڕۆشنبیرییەکانیشی هەریەکە و دەکەونە ناو یەکێک لە بەرهەمەکانی و دواتر دەبنە ئەلبوومێکی هەمەجۆر و وەکو نووسەرێکی خاوەن



بەختیار عەلی

پرۆژە بەرنامە قەوارەی ئەو پێک دەهێنن، دەکرێ خوێنەریش لە ڕێگەی تاکە بەرهەمێکەوە شەیدای نووسەرێک بێت و موتابەعەی جیدی بکات و بەدوای بەرهەمەکانی تریدا عەودالْ بێت تا لە سۆنگەیانەوە پتر ئاشنای ئەو پرۆژەیە بێت کە حەتمەن بریتییە لە تەواوی بەرهەمی ئیبداعیی ژیانێک، لەبەرئەوەی پرۆژەی بەرجەستەی نووسەرێکی بەرپرسیار ئاوێنەیەکی دەروونییە و هەموو کاتێک خوێنەر وردەکارییەکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە و هەموو کاتێکیش هەست بەوە دەکات کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو پرۆژەی خودی ئەو خۆیەتی و بەجۆرە گرەوێکی سروشتبەزێن بە نووسەری دۆڕاندووە، بەڵام ئاخۆ بۆچی پرۆژە یاخۆ بە واتایەکی تر ئەزموونی نووسەر بۆ خوێنەر هەڵگری جۆرێک لە پیرۆزییە؟ هەڵگری جۆرێک لە جیاوازبوونە هەڵگری جۆرێک لە ڕەخنەیە، ڕەخنە بەمانای تانە و تەشەر و بەکەم تەماشاکردن نا، بەمانای پرسیاری نەگەتیڤانە نا، بگرە بەمانای گەڕان بەدوای هێنانە ئارای هەستیارییەکی باڵا بۆ تەواوکەری دەق "وەرگر" بەمانای بەخشینی تێگەیشتنێکی دروست کە تێکست لەبەر ڕۆشناییدا دەبێتە ئاسۆیەکی کراوە بەرەو جیهان و سەرەنجام تاکێک دەخولقێنێت لە شیکردنەوە و ڕاڤەی هەموو شتێکدا هۆشیاری و ئەقڵ دەکاتە بناغەی بڕیارەکانی.

بێگومان خوێنەری چالاک کە لاپەڕە ئیبداعییەکانی بەختیار هەڵدەداتەوە پەی بەوە دەبات کە فەزا مەئلووف – نامەئلووفە سەرسامکەر و کتوپڕە سەر بە دنیای خەیاڵەکەی ئەو دێتە ناو ئەندێشەی و هەموو سنوورەکانی لەلادا تەخشان و پەخشان دەکات، یادی دەورووژێنێ، یادەوەرییەکانی کۆ دەکاتەوە، گوزارشت لە هەست و نەست و ئەزموونە شەخسییەکانی دەکات، تەنانەت دزێوترین و بەدترین وێنە و حاڵەتە زۆروزەبەندەکانی ژیانیشی جوان و خۆشەویست دەکات، خرۆشان بە ویژدان و خودئاگای دەگەیەنێ، زیندووتریان دەکات، کە بەمجۆرە خوێنەر لەسەر کردەی خوێندنەوە بەردەوام دەبێت، دەستەواژەی "ئا ئەمە ئەرکی هونەری نووسینە" دەداتە بەر گوێی خۆی، یاخۆ ئەو پرسیارانە فریوی دەدەن کە هەرگیز وەڵامی حازربەدەست و ئاسانیان نییە لە دەقەکەیشدا مانایەکی گەورە بەرجەستە دەکەن. ئەوسا پێش سەرسامی دەکەوێت و تەسەوری ئەوە ناکات کە لە بەردەم پرۆژەیەکی ئاوا زەبەللاحدایە و هەموو بیرکردنەوەی لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە "بەرهەمی لیترەری لەمە باشتر نابێت".

ئۆسکار وایڵد دەڵێت: "لە دنیادا دوو جۆر هونەرمەند بوونی هەیە، جۆرێکیان پرسیار دەخەنە ڕوو، جۆرەکەی تریشیان بەرسڤ دەدەنەوە." بەڵام لە حاڵەتی بەختیاردا دەکرێ، بوترێ، ئەو، ئەو هونەرمەندەیە کە هەردوو جۆرەکەی تێدا کۆ بووەتەوە، خەیاڵێکی پانۆڕامی هەیە، ڕەنگە زۆرێک دەرک و وێنای ئەوە نەکەن کە خەیاڵی ئەو، دیوەکەی تری هەقیقەتە، ئەو هەقیقەتەی کە هەموو توانای بۆ کەشفکردنی خستووەتە کار، ئەو ڕۆشنبیرییە کۆزمۆپۆلیتانی و کولتوور و ئەدەبیاتە هەمەجۆر و فرە ڕەهەندانەی، دنیایش کە ئەو هەردەم بەرامبەریان کراوەیە ڕەهەندێکی جیهانییان بەداهێنانەکانی بەخشیوە و کارێکی وای کردووە کە ئەو یەکنەوایی و ستاتیکییەتەی ناوەندی ڕۆشنبیری جێبهێڵێ و لە تاکڕەهەندی و ڕووکەشگەراییەکەی دەربازی بێت و خودانی بەرهەمێکی سەخی و دەوڵەمەند بێت.

دوا جار بەختیار عەلی هەر تەنیا بە هەست و سۆز و یادەوەرییەوە نانووسێت، بگرە بیرکردنەوە جمکە لەگەڵ نووسینی ئەودا و ئاوێتەیان دەکات، کە ئەمەیش لە زۆرێک لە دەقەکانماندا ئامادەیی نییە، هەموو بەرهەمێکیشی بێ چەند و چوون قۆناغێکی پێشووەچووتری ژیان و ئەزموونی نووسینی ئەوە و بەدووره لەخۆ دووبارەکردنەوە، زمانیش ئەگەر برێتی بێت لە "دەنگ و مانا" وەک دەڵێن، ئەوا زۆربەی بەرهەمەکانمان هەر تەنیا دەنگێکی زمانەوانی بە وەرگر دەبەخشن و هیچی تر، لە کاتێکدا ئەوانەی ئەو هەتا ئێستاکێ ئەنجامی داون، دانی ئەو هەقیقەتە ئاماژە بۆ کراوەیە بە زمان و جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە دوالیزمەی "دەنگ و مانا" لە بەرهەمەکانیدا بە هیچ کلۆجێک لە یەک جیا نابنەوە ئەگەرچی ئەو هەموو تراجیدیا و شکستانەی کە بەسەرماندا هاتوون، فەشەلیان لەوە هێناوە کە سەرفرازیمان بۆ دەستەبەر بکەن، کەچی بۆ ئەو بوونەتە پزیسک تا لەلایەکی ترەوە بە کەشفکردنی ئەو ڕێگەیەوە سەرقاڵ بێت کە سەرکەوتنە داهاتووەکان بەدی دەهێنن کە ئەویش ڕێگەی ململانێ و دەرخستنی بەها ئاکاری و مرۆییە مەزنەکانیەتی.

بێگومان بەرهەمگەلێکی دانسقە کە بە گوزەری کات پۆپیوولارێتی وەدی دەهێنن و شایانی ڕەزامەندی و دانپێدانانی زۆربە دەبن، وا ڕێک کەوتووە کە سەرەتا لەلایەن زۆرینەیەکی گەورەوە، ماوەیەکی زۆر ڕەت کراوەتەوە و بە قەڵب و ساختە و دزی لە قەڵەم دراون، بەڵام پاشتر بەشێکی گەورەی ئەو زۆربەیە دەستبەرداری ئەو ڕا و بۆچوونە خود سەرانە و ناویژدانییە بوونە، کەچی هەشیانە هەرگیز چاویان بەوە هەڵنایەت دان بە جیاکارییەکانی نووسەر و بەرهەمە داهێنەرانەکانیاندا بنێن، ئەمەیش دیارە زۆربەی جار لە نەخوێندنەوە و موتاڵانەکردنی بەرهەمەکانەوە دێتە کایەوە، ئەوەتا نووسەرێکی مەزنی وەکو دۆستۆفیسکی خواست و تەمەننای خۆی لەو کورتە پێشەدەستییەدا دەربڕیوە کە بۆ "برایانی کاراما زۆڤ" نووسیوویەتی و دژ بەو نادادییە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەبێ خوێندنەوەی سەرتاپایی، بەرهەمێک ناتوانرێت هەڵبسەنگێنرێت و حوکمی بەجێی لە بارەوە بدرێت، نەخوێندنەوەی بەختیاریش هەڵسەنگاندن و حوکمێکی تەندروست ناهێنێتە ئاراوە کە سەنگی مەحەک بێت، بەڵکو بەوە زیاتر لەناو ستاتیکییەتدا چەق دەبەستن، کەچی ئەویش سەرومڕ لە فەزایەکی دیالەکتیکیانەدا جێگیر دەبێت و دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە فێنۆمێنایەکی نەمری داهاتوومان بێت.

دوا جار دەمەوێ بڵێم ئەم دێرانەم لە پێناوی ئەوەدا یاداشت نەکردووە کە بەسەختگیرییەوە ئەوە ڕابگەیەنم کە بەختیار عەلی زادەی ئەدەبی کوردی نییە، ئەگەرچیش ئەدەبەکەمان هەتا ئێستە یەکلایەنە نەیتوانیوە لە مێژووە ڕووکەش و کورتەکەی خۆیدا جایەنتێکی وەکو ئەو بهێنێتە تان و پۆی دنیاکەی خۆیەوە و هەرگیزیش ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ناتوانێ ئەوە بکاتە ڕیاڵیتی خۆی، لەبەرئەوەی پێداویستی بەوە هەیە کە زیاتر و زیاتر خۆی بەکولتوور و ئەدەبی جیهانیی متوورفە بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێم، ئەو زادەی ئەو ئەدەبە یونیڤێرساڵ و کەونییەیە کە خۆی ئینتیمای بۆی هەیە و بەردەوام توانیویەتی و دەتوانێت ئەو عیملاقانە بێنێتە دنیاوە کە ڕوحیان تەنیا و تەنیا لەناو سەرچاوەی داهێنانە گەورە و ئەفسانەییەکاندا جێنشینن.

وتار

غەمگین بۆڵی

# دەستۆیفسکی
# ئەستێرەی شەوانی بەفر و کڕێوە

## پۆرترێتێکی بچووکی دەستۆیفسکی

گەورەترین ڕۆماننووسی رووسی فیۆدۆرمیخائیل دەستۆیفسکییە و بە یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهانی دادەنرێت، کە دامەزرێنەری بنیاتگەریی ئەدەبی کلاسیکییە. ئەم کەڵەنووسەرە لە ساڵی ١٨٢١ لە شاری مۆسکۆ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٨١یشدا لە سانپترۆسبۆرگدا دەمرێت، لەو کاتەی کە سەرقاڵی نووسین و پرۆژە ئەدەبییەکانی دەبێت دووچاری خوێنبەربوونی ناوەکیی دەبێت و خوێنبەرێکی سییەکانی دەتەقێت و پێنووسەکەی لە پەنجەکانی هەڵدەوەرێت. ئەم پیاوە جوانە لە سەروەختی مەرگیشدا لە ژوانی نووسین و پرۆژە ئەدەبییەکانیدا بووە. ئاخر ئەگەر نووسەر عاشقی نووسین نەبوو، دەلوێت خوێنەر گومان لە نووسەربوونی بکات، بۆیە لە شاکارەکانی دەستۆیفسکیدا ڕووانگەکانی دەرەوە و دیمەنگەلە جوانەکانی زووتر بە وشە وێنە کردوون. زۆرجار ئەمە بووەتە وێستگەی دەستپێکردنی گەشتەکانی نووسینی، لەناو حاڵەتەکانی سایکۆلۆجی خودگەراییدا زۆرجار وەها تواوەتەوە و چووەتە ناویەوە، کە توێژەرەوان وەها لەبارەیەوە دواون کە گوایە بەقەد دەروونناسەکان شارەزایی لە سایکۆلۆجیای خودگەراییدا هەیە و ئەم حاڵەتەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕۆمان و نووسینەکانیدا دروست کردووە، بەجۆرێک کاری لە ناخی خودگەرایی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانیدا کردووە کە خوێنەر تووشی جیهانێک دەبێت کە هەورەکان لەسەر زەوین و تەمومژ وێستگەی ڕێگەکانیانی ون کردووە و دەبێت خوێنەر بەبێ وەستان هەنگاو بنێت تا دەگاتە وێستگەیەک لە وێستگەکان.

سیگمۆند فرۆیدی دامەزرێنەری قوتابخانەی شیکەرەوەی دەروونی کارە ئەدەبییەکانی دەستۆیفسکی پەسند دەکات و لاشی وایە بەهۆی داهێنانە مەزنەکانییەوە توانیویەتی کاریگەریی بخاتە سەر تەواوی قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکان، تەنانەت نەوەی کۆن و نەوەی نوێش. هەر چەندە لە سەرەتای دەستپێکردنی نووسین بە فیکری لیبرالیەتی سیاسیی ئەو سەردەمە کاریگەر بووە و پێوەندیی لەگەڵ گرووپە جیاجیاکانی گەنجەکان دروست کردووە، بەو هۆیەشەوە دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە. وەلێ من پێم وانییە ئەوە بەتەنیا بووبێتە فاکتەرێکی بنەڕەتی ڕۆمانەکانی، ئاخر ئەو لە تەمەنی منداڵییەوە دایک و باوکی لەدەست دەدات و تووشی مەینەتی و ڕەشبینی دەبێت، ئەم تووشبوونەش لەگەڵ زادەی گەورەبوونی گەورە دەبێت و ڕەنگ دەداتەوە لە ڕۆمانەکانیدا، تەنانەت ئەم ڕەشبینییەی دەستۆیفسکی بە نەخۆشیی فێ کۆتاییی دێت.



## دوو شاکار، دوو ئەستێرە

لەگەڵ هەموو ئەو دۆخە دژوارانەشدا شاکارە گەورەکانی وەک (برایانی کارامازۆف، تاوان و سزا) لەم قۆناغەی ژیانیدا دەنووسێت. یەکێک لە خاسیەت و مۆراڵی نووسەری جواننووس ئەوەیە گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەی نووسیندا بکات و کاریگەریی لە دوای خۆیدا بەجێ بهێڵێت. ئێستاش بەشێکی زۆری نووسەر و ڕۆمانونووسانی رووسیا لەسەر شێواز و فۆرمەکانی نووسینی ئەودا دەڕۆن. ئەوەتە ڕۆماننووسگەلێکی ئەورووپاییش ڕووداوگەلە ڕاستەقینەکانی ناو کۆمەڵگەکانیان لە ڕووی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەوە لە دەستۆیفسکییەوە وەرگرتووە. یەکێک لە شاکارە هەرە مەزنەکانی ئەم ڕۆماننووسە ڕۆمانی (تاوان و سزا)یە کە شێوازی ڕۆمانەکە تایبەتمەندی کەسایەتی بەدەنگەکان و ڕەنگدانەوەی ڕاستی بەسەرەوەیە. ڕاستەقینەیەک دەهێنێتە ناو ئەدەبیاتی جیهانییەوە، ئەمەش بووەتە هەوێن و دەروازەی کۆدە نهێنییەکانی شێوازی ڕۆمانی ڕاستەقینە لەناو ئەدەبیاتی جیهانییەوە. دەستۆیفسکی لە ڕۆمانی

(برایانی کارامازۆف)یشدا داهێنانێکی هێنده گەورەی لە ڕۆمانی جیهانیدا کردووە و بەیەکێک لەو ڕۆمانانە دادەنرێت کە لە داهێنانەکانی لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا درەوشاوەیە و بووەتە ئەستێرەیەکی گەش لە شەوانی بەفر و کرێوە.

## تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی نووسینی ڕۆمان لەلای دەستۆیفسکی

دیارە ئەوە پرۆسەیەکی سەختە لەبارەی تایبەتمەندی نووسینی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسێکی وەک دەستۆیفسکییەوە ئێستێکی ڕاڤەگەریی بکەین، لە کاتێکدا بەدەیان کتێب و نامەی دوکتۆرای لەسەر نووسراوە.بۆیە ئەستەمە لە ڕاڤەگەرییەکی وەهادا بتوانین هەموو ئەو خاڵ و تایبەتمەندییانە بخەینە ڕوو، وەلێ بەپێی خوێندنەوەمان و ئەوەی پەی پێ دەبەین و پێمان شیاوی گوتنە دەیخەینە بەر باس.

* یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆماننووسە ئەوەیە کە ڕۆمانەکانی دیدگایەکی سۆفیگەری وەردەگرن.
* کارەکتەرەکان زۆرجار بە ڕوحیەتی جیا جیا هەن و هەریەکەیان کاری جیاواز و سەربەخۆی دراوەتە پاڵ.
* ڕووانگەی دەروونناسی پانتاییەکی بەرفراوانی لە ناوەوەی کارەکتەرە جیاوازەکاندا دروست کردووە.
* یاخیبوون لە دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی و بەرەنگاربوونەوە لە دژی سەرکردەکانی تزاریزم و کۆنەپەرستی کڵێساکانی، کە ئەمە تەوەرێکی سەرەکییە لە ڕۆمانەکانی دەستۆیفسکییدا.
* پەیامی مرۆڤدۆستی لە ڕۆمانەکانیدا هەڵگری ئاڵای شۆڕشی دیموکراسییەتە. لە بەرهەمەکانی ناوبراودا درێژبوونەتەوە بۆ سەر باسە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە.
* وردبوونەوەی بەردەوام لە شتەکانی دەوروبەر. بە دیدگایەکی قووڵی فەلسەفییانە.

دەستۆیفسکی باخێکە لە وشە کە چەندان دەروازەی جوانی هەیە، شەوێکە تەنیا ئەستێرەی داهێنان و نووسینی جوانی تێدا دەدرەوشێتەوە.ئەگەرچی توێژەرەوانی بواری ئەدەبناسی زۆریان لەبارەیەوە نووسیوە و لە کرۆکی ڕۆمانەکانیان کۆڵیوەتەوە، وەلێ بەردەوام ڕۆمانەکانی بەهۆی هێزی جوانیناسییەوە قۆناغەکان دەبڕن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوێتر دەبنەوە.هەر بۆیە هەڵوەستەی ڕاڤەگەری و قسەکردن لەبارەی ڕۆماننووسێکی وەک دەستۆیفسکییەوە زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێت و پێویستی بە چەندان تەوەری جیاواز و گۆشەی پڕ فیکر و دیدگای ڕەهەندئامێز هەیە، تا لە دەلاقەیەکی گەورەتر و مەودایەکی فراوانتر لە ڕۆمانەکانی بنۆڕین.

وتار

کامەران تاهیر

# لویس تیرنۆدا . .

# ئەو شاعیرەی خودان هەزاران نامەیە



لویس تیرنۆدا یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی نەوەی ٢٧ی ئیسپانیا، کە بەهەڵوێستی ولاتپارێزی و مرۆڤدۆستی تێتە ناسین، کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر کولتوور و ئەدەبی ئیسپانیادا ڕەنگرێژ کردووە، ئەو کارتێکردنانەش تاکو نها بەردەوامە...لویس تیرنۆدا لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٢ لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند لە ئەشبیلییە لەدایک دەبێ، هەر لەوێدا خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرێت، دواتر دەچێتە شاری مەدریدی پایتەخت و دەستی داوەتە شیعر نووسین، ساڵی ١٩١٣ چامەی "چێژە یاساغەکان" دەنووسێت...

لە ئاکار و هەڵسوکەوتکردن و جلوبەرگیدا دەگەڵ خەڵکانی دی جیاوازییەکی زۆری هەبوو، بوێر و ئازا و ئازاد بوو لە بیروبۆچوونەکانیدا، بەشدارییەکی کارا و دیاری لە بزاوتە کولتوورییەکانی ئیسپانیا دەکرد، لە ڕووی ڕۆشنبیریی و هزر و سەربازییەوە لایەنگیری شێلگیرانەی لە کۆماریخوازەکانی ئەو سەردەمەی ئیسپانیا دەکرد، پێوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵی دەگەڵ نەوە شیعرییەکانی دیکەدا هەبوو، کاتێک ساڵی ١٩٣٦ لەسەروبەندی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیادا، فیدریکۆ گارسیا لۆرکا تیرۆر دەکرێت دەبێژێت: نها گەمژایەتی و دەبەنگی گەیشتووەتە ئەو ئاستە و وایلێهاتووە بەرەو تاوانمان دەبات.

لویس تیرنۆدا ساڵی ١٩٣٨ لەسەر بانگهێشتی ستینلی ڕیچارسۆنی شاعیر و هاوڕێی، بەرەو لەندەن ئۆغر دەکات، تاکو لەوێدا دەبێتە وانەبێژ، هەر بۆیە تا ساڵی ١٩٤٧ لەوێدا دەگیرسێتەوە و زمانی ئیسپانی لە زانکۆ دەڵێتەوە، پاشان دەچێتە ئەمەریکا و تاکو ساڵی ١٩٥٢ ئەدەبی ئیسپانی لە زانکۆ پێشکێش دەکات، جگە لە سەفەرکردن بۆ ئینگلتەرە و ئەمەریکا، ماوەیەکیش لە وڵاتی مەکیسک دەمێنێتەوە. "لەبیرچوونەوە نیشتەجێی کوێیە ١٩٣٣، نزا ١٩٣٥، هەورەکان ١٩٤٠ ، ژیان بێ ئەوەی ژیا بیت ١٩٤٩" لە دیارترین بەرهەمەکانی لویس تیرنۆدای شاعیرن.

هەروەسا لە دوای خۆیدا بەهەزاران نامەی جێهێشتووە، کە ساڵی ٢٠٠٣ بەبۆنەی سەد ساڵەی لەدایکبوونییەوە، لە پەرتووتێکی مەزن دێتە وەشاندن، رەخنەگر و لێتۆژان پێیانوایە، کە لە دنیادا تاکو نها، هیچ نووسەر و شاعیرێک نییە، بەئەندازەی لویس تیرنۆدا خودان ئەم ژمارە زۆرەی نامە بێت، کە ئەو نامانە بوونەتە ژێدەرێکی گەلەک مەزن، بۆیە بەوپەڕی بوێری و راشکاوانە لەو نامانەیدا کە بۆ دۆست و هاوڕێ و خۆشەویست و نووسەر و شاعیرانی نووسیووە، رۆشنایی دەخاتە سەر رەوتە ئەدەبی و هونەری و هزرییەکان، لە هەمان کاتدا رەوشی رامیاری تۆقێنەر و ترسناکی ئەو دەمەی شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا و، نیگەرانی شاعیر دەهەمبەر ئایندەی ئەو وڵاتە، لە ژمارەیەکی زۆری ئەو نامانەی تیرنۆدا رەنگی داوەتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەو نامانەی شاعیر، ئەمرۆ ببنە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو گاڤەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە.

ديمانە

بورهان ئەحمەد:

# ئەوانەی ناتوانن سەفەر بکەن، با گەشتی زیهنی بەناو ڕۆمانەکاندا بکەن

سازدانی: هیمداد شاهین



ئەوەی نەتوانێ ژیانێکی ڕۆحی بۆ خۆی فەراهەم بکات،
ناتوانێ درێژە بە ژیانی شیعریی خۆی بدات

شاعیر و وەرگێڕ بورهان ئەحمەد یەکێک لەو دەنگە ناسراوانەیە، ناکرێت ئەگەر باسی کاروانی شیعری نوێی کوردی بکرێت ناوی ئەو نەهێنرێت. تا ئێستا سێ نامیلکەی شیعری بەچاپ گەیاندوون. ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم (٢٠٠٢)، کۆچی هەورەکان (٢٠٠٢)، هەرەشەکانی ژنێک (٢٠٠٨). دوا بەرهەمی وەرگێڕانی ڕۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی)ی محەمەد شوکری بوو. شاعیر ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکووک هاتووەتە دنیاوە. هەڵگری بڕوانامەی دیبلۆمە لە بواری کشتوکاڵدا. لە کۆتاییی هەشتاکانەوە دەنووسێت و ئێستاکێ سەرۆکی یەکەتیی نووسەرانی کورده لقی کەرکووک.

* زۆرجار لێرە و لەوێ ڕۆشنبیران پێیان وایە کە کتێبخانەی کوردی هەژارە، ئەگەر وایە ئێوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە؟

– کتێبخانەی کوردی تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەی میللەتانی دراوسێش، ئەوا نەک هەر هەژارە، بگرە لە خوار هەژاریشەوەیە، هەر بەو کتێبە وەرگێڕاوانەدا دەردەکەوێ، کە ئێمە لە زمانی ئەو میللەتانەوە وەری دەگێڕین و کردوومانن بەسەرچاوەی یەکەم بۆ وەرگێڕاوەکانمان، پشبەستن تەنیا بەو سێ زمانە، واتە عەرەبی و فارسی و تورکی لە وەرگێڕاندا خۆی لە خۆیدا مانای دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانانە دەسەلمێنێ و هەژاریی کتێبخانەی کوردی دەردەخات، هەبوونی ئەم هەژارییەش واتە هەبوونی تەنگژەی کولتووری و مەعریفی، یانی هەبوونی هەژاریی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

ئەگەر ئەم تەنگژانە بوونیان هەبوو، کەواتە تەنگژە لە ئازادی بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵبژاردندا هەیە، واتە هۆشمەندیی تاکەکان سست و تەمەڵە، کاتێکیش هۆشیاریی تاکەکان لە ئاستێکی نزمدا بوو، پێم وایە توانای بەرگریکردن لە هەموو دەستکەوتەکانی تر ئەگەر هەبن لە دەست دەردێ، بەبێ هەبوونی ئاستێکی بەرز لە هۆشمەندی، گیانێکی بەرز لە هەستی بەرپرسیاریەتی و دەرک پێکردن ناخووڵقێ، هەر بۆیە لە تەنگژەترین دۆخدا کتێب باڵاترین تێکستمان پێشکێش دەکات و لەناو زەلکاوی خوێنساردی و بێدەربەستی دەرمان دەهێنێ و دەستمان بۆ دنیایەکی تر دەگرێ، کە دنیای بەتەنگەوەهاتن و پەرۆشییە بۆ پارێزگاریکردن لە هەموو شتێکی جوان و بەهایەکی بەرز.

لەم ڕووەوە هەژاریی کتێبخانەی کوردی بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنمەوە:

یەکەم: بارودۆخی سیاسی وەک چۆن پێشتر بووبووە ئاستەنگ لە بەردەم هەموو کایە و جومگەکانی تری ژیانی ئێمەدا، ئاوهاش کتێبخانە و بژاڤی وەرگێڕانی گرتبووەوە، نەک هەر ئەمەش بگرە لە هەموو کایەکاتی تر زیاتر ئەم بزاڤە زەبر و جەوری زیاتری لەلایەن دوژمنانییەوە بەردەکەوت، ئەمەش فۆرمێکی سیاسی لەخۆ گرتبوو بەمەبەستی تێکدان و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی تەواوی کولتووری ئێمە بەئەنقەست ئەنجام دەدرا، کە ئامانجی پەکخستنی عەقڵ

و ڕاگرتنی بیرکردنەوە بوو بۆ ئێمە، هۆکاری دووەمی ئەم هەژارییە دەگەڕێنمەوە بۆ لاوازی و سستی و تەمەڵیی خۆمان، واتا کەمتەرخەمی لە بواری وەرگێڕاندا، ڕاستە ئێمە چەند دەزگایەکی وەرگێڕانمان هەن و شوێن دەستیان بە تەواوی دیارە، بەڵام ئەمە بۆ ناوەندێکی وەک ئەم ناوەندەی ئێمە، کە پڕە لە بۆشایی و کەموکوڕی هێشتاکە هەر کەمە و ڕەنگە دەرەقەتی قۆناخەکە نەیەت و نەتوانێ هەموو ناتەواوییەکان پڕ بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە پێویستمان بەدەوڵەمەندترین کتێبخانە و زۆرترین نووسراوی فیکری و مەعریفی و تێکستی ئەدەبی هەیە، پێم وایە ئەمانەمان هەبوو ئەوسا دەتوانین بەپیریی ئەو بێبەرییبوونەوە بچین کە پێشتر تەنگەنەفەسی کردبووین.

ئەگەر ئەمانەمان هەبوو ئینجا دەتوانین پارێزگاری لە شتەکانی ترمان بکەین، چونکە ئەمە گیانی بەرپرسیاریەتی و دەرک پێکردن و بەرگریکردن لەناوماندا لە خەو هەڵدەستێنێ.

لەلایەکی ترەوە هاوشان بەدەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی پێویستە بەکولتووریکردنی خوێندنەوە بکرێتە هەڵمەتێکی تری ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمە، دەبێت تاکی ئێمە لەوە ئاگەدار بکرێتەوە کە ئەوە تەنیا گەدە و خوار گەدە نییە هەست بە برسیەتی دەکات، بگرە سەر و چاو و زمان و گوێچکەش هەست بە برسیەتی دەکەن و پێویستە تێر بکرێن، ئاوەزیش وەک گەدە پێویستی بە پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی هەیە.

* پێتان وا نییە لە ئێستادا زۆرترین و باشترین تێکستەکانی دنیای دەرەوە وەربگێڕینە سەر زمانی خۆمان، ئەویش لەبەرئەوەی نەوەی نوێ تا ئاستێک نەیتوانیوە دڵداری لەگەڵ ئەو تێکستانە بکەن، کە بە زمانی تر نووسراون؟

– بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ڕووبەری خەیاڵی فراوانتر بێت، بۆ ئەوەی تاکی ئێمە بەردەوام پرسیاری لەلادا دروست بێت، هەموو کات پێویستی بەخوێندنەوەی پتر و تێکستی نوێتر هەیە، تاکو دڵدارییان لەگەڵدا بکات (وەک خۆت وتەنی) ئەمە بۆ گشت نەوەکان، بۆ هەموو سەردەمەکان شیاو و گونجاوە، بەتایبەتیش بۆ نەوەی نوێ گرینگی تایبەتی هەیە، خوێندنەوە خاڵێکی سەرەکییە بۆ بەپیتکردنی خەیاڵ، ئەم برشت بەخشینە بەخەیاڵ، واتا بەفەنتازیاکردنی ژیان، ئەدەبی باڵا و تێکستی جوان هەردەم نێزیکن لە ڕوحی ئینسانەوە، هەردەم هاوکاری و کۆمەکی بەئینسان کردووە و جورئەتی وتن و گێڕانەوەی لەلا دەخوڵقێ، ئەم بوێرییە لە گێڕانەوەدا یەکێکە لە پێویستییە هەرە گرینگەکانی. ئەوانەی لە دنیای ئەدەبدا کار دەکەن، بۆ دڵداریکردن لەگەڵ دەقە جوانەکانی دنیا لەسەر نەوەی نوێ پێویستە فێری زمانی غەیرە دایک بن خۆ ئەگەر ئەم دەرفەتە، دەرفەتی فێربوونی زمانی تر لە بەردەم ئەواندا نەڕەخسا، لە پاڵ ئەمەشدا ئەوا پێویستە بزاڤێکی وەرگێڕانی فراوان بێتە ئاراوە، پێویستە کتێبخانەی کوردی بەجوانترین تێکستەکانی دنیا دەوڵەمەند بکرێت، پێویستە خۆشەویستیی خوێندنەوە و خولیای فێربوون لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ بکات، خوێندنەوە پێوەندیکردنە بەدەرەوەی خۆمان، ئاشنابوونە بەسیما و

ڕوخسـارەکـانی تر، ناسـینی کـولتـووره جـیـاوازەکـانی دنیـایە، هەر بۆیە پێم وایە تێکسـتـە وەرگێڕاوەکان بەتـایبـەتی ڕۆمـان کۆمـەکێکی گەوره بەتاکی ئێمـە دەکات، تـەنانـەت لە ڕووی باری سـایکۆلۆجیشـەوه، هـەمووان دەزانین ئەو بارودۆخـەی ئەم ناوچەیەی گرتەوه چەند قورس و ناشیرین لەسـەر دڵ و ڕوحـی ئێمە کـەوت، بۆ سارێژکردنەوەی ڕوحی بیمـارمان، پێویستمـان بەخـوێندنەوەی زۆرترین و جـوانتـرین تێکسـتـەکانی دنیا هـەیە، تا لە ڕێگەیـانەوه بزانین ئەوە تەنیـا ئێـمـە نین بەو تەنگژه و ئاریشانەدا تێ دەپەڕین، ئەو تێکستانە پێمان دەڵێن، دنیا لەبەر خاتری ئێمـە نە خوڵقاوه و لەبەرخاتری ئێمەش ناڕووخێ، ئەوه گێڕانەوه بوو کۆمـەکی بەشـەهرەیار کرد، ئـەوه حیکایەت بوو یارمـەتیی شـەهرەیار و شـەهرەزادی دا بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییـە ڕوحییـە لە نێوان هـەردوو ڕەگـەزدا دابمەزرێتەوه، هـەر گێڕانەوەش بوو شـەهرەیاری لە پیاوێکی دڵڕەقەوه گۆڕی بەپیاوێکی نەرمونیان و لەو گرێ دەروونییەی کە تووشی بووبوو ڕزگاری کرد.

هـەست دەکـەم ڕۆمـان پێـوەندیی بەئینسـانـەکـانی ئێـمـە گـەوره و فـراوانتـر دەکـات، زانیـاریی زیاترمان لەبارەی دنیا پێ دەبەخشێ، هـەر بۆیە پێشنیاز دەکەم، ئەوانەی ناتوانن سـەفەر بکەن، با سـەفـەر و گەشتی زیهنیی خۆیان بەناو ڕۆمانەکاندا بکەن، لەبەرئەوەی ڕۆمان بەدوورترین کولتوور و مۆزەخانەکانی دنیا ئاشنامان دەکات و ڕۆڵی گەوره دەبینێ لە بنیـاتنانی کولتوورێکی تەندروست و تاکێکی ئازاد.

* ئاخۆ دەبێت شاعیر پێشمەرجی بۆ نووسینی تێکستێکی شیعری هەبێت؟ واتا ئاخۆ بێ هـەبوونی ڕاستگۆیی و ئازادکردنی ڕوحییەت دەکرێت ئێمە شاعیر بین؟

– بۆ شـاعیربوون پێم وایە مەرجێکی بنەڕەتی و سـەرەکیی نەبینراو هـەیە، کـە دەبێت پێشـوەخت لەو کەسـەدا هـەبێت، کە دەیەوێ تێکستێکی شیعریی ئەو بنووسێتەوه نەک ئەو تێکستەکە بنووسێ، ئەویش هـاوتاکـردنی ژیانی خـۆیەتی لەگـەڵ ئەو هەناسـانـەی کـە شـیـعـر لەوی دەخـوازێ، ژیانی شاعیرانە و شیعریەتی ژیان کەسێک دەتوانێ بیخوڵقێنێ، کە دەتوانێ گونجان و تەبایی لەگەڵ ئەو جـۆره ژیانە تایبـەتییـە بـهێنێتـە ئاراوه، **ئەوەی نەتوانێ ژیانێکی ڕوحی بۆ خۆی فـەراهەم بکات،** ناتوانێ درێژه بە ژیانی شیعری خۆی بدات، بۆ پێوەندیکردن بە خـودەوه کەسی شـاعیر پێویسـتی بەهەڵوەشـاندنـەوەی ئەو بەڵگەنامـە و پەیمانـانە هـەیە کـە بە دەرەوەی خـۆیەوه واتا بەدنیـاوه گـرێی داوه، وەک چۆن خـوێندنەوەی ڕۆمـان ئامـرازی پێـوەندیگرتـنە بەدەرەوەی خـۆمـان، ئەوا شـیـعـر ڕۆشنایی پێوەندی و بینینی خـۆمـانە بەشـێـوەی ڕاسـتگۆییـیـەکی زۆر تایبـەت لەناو خـۆمـاندا، دۆزینەوەی ئازادییـەکی ڕوحی و پەیبردن بەڕاسـتگۆییـیـەکی تایبـەتی ئیشـراق بەخـشـینە بەژیانی شاعیر و بەردەوامبـوونێتی لەو سەفەرەی لە نێوان لەدایکبوون و مـەرگدا دەیکات بەو شێوەیەی کە شایان بە شیعر و گەورەیییەکەیەتی. دۆزینەوەی ئازادی لە فەزای شیعردا بینینەوەی ڕیتمێکی تره لە ژیان، دۆزینەوەی جـۆرێکی تره لە چێژ، شـیعر تا ئەوپەڕی ئازادی دەسـتمان دەگرێ، تا ترۆپکی

لەزەت وەرزش بەڕوحمان دەکات، وامان لێ دەکات لە فڕینی پەپوولەیەک، لە ڕۆیشتنی مێروولەیەک چێژ وەربگرین، تەماشاکردنی مانگ، دەنگی ترپەی باران بەفیڕۆ نەدەین، بچینە هانای دەنگی بولبول و خوڕەی ئاوەوە، ئەمانە خوڕپە و ڕاچەنینەکانی ناوەوەمانن لە پیاسەکردنمان لەگەڵ شیعردا لە فەزایەکی ئازاد، هەر بۆیە شیعر وەک وێستگەیەکی مرۆیی بۆ حەوانەوەی ڕوح و پشوودانی دەروون لە ڕێگە ئاڵۆز و هەڵدێر و پێچاوپێچەکانی ژیان دەمانپارێزێ، تەریکبوونەوەی دەنگی تایبەتی شیعر لە قەرەباڵغی دەنگەکانی تر، دەرچوون لەو کاروانە ڕۆتینەی ژیان و ئولفەتگرتن بەنەزمێکی نوێ و جیاواز لە هەناسەداندا ئەمانە وامان لێ دەکەن شتێکی جیاواز لەوەی پێشوو لە خۆماندا بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی هەموو کات بەدوای خۆماندا بگەڕێین و شتی نەوتراو و نەدۆزراوە بدۆزینەوە، پێویستە بەردەوام سێبەرەکانی خۆمان لەناو شیعردا بچێنین، من بۆ خۆم بۆ ئەوەی هاوسەنگیی خۆم بە دنیاوە ڕابگرم هەردەم گەڕاومەتەوە بۆ لای شیعر، لەبەرئەوەی شیعر پێوەندیکردنە بەخودەوە، ناهێڵێت نوقمی ناو بریقوباقی دنیا ببین تا ڕادەی بزربوونمان، ئەمانە جوگرافیای ئەو ڕووبەرە ڕوحییەن کە شیعر بەوپەڕی دڵگەورەیی و سەخاوەتەوە بەدیاری دەماندات.

* بەو پێیەی بەڕێزت شاعیریشی، دەپرسم ئاخۆ پێتان وا نییە تاکوتەرا ئەدیب و شاعیر هەن کە لەوی تری ئەدیب و شاعیر نەچن؟

– هەموو شاعیرێکی ڕاستەقینە کە شیعر دەنووسێ دەیەوێ ببێ بەخۆی، دەیەوێ لەناو ئەو هەموو دەنگە تێکەڵاوانەدا، دەنگی جیاوازی خۆی هەبێ و لە دەنگی هیچ کەسێکی تر نەچێ، بۆ ئەوە شیعر دەنووسێ تاکو خۆی بدۆزێتەوە، لەناو دۆزینەوەی ئەو خودەشدا کەسانی تر بدوێنێ و "ئێستا"ی خۆی بنووسێتەوە و بە ئەوانی تری بناسێنێ، ڕاستە ئەتمۆسفیرێکی گشتی هەیە، بەڵام بۆ هەر شاعیرێک لەناو ئەو فەزا گشتگیرەدا ئێستایەکی جیاواز هەیە، ئەم بۆچوونە یان ئەم تێورەی (ئێستا بوون)ە بەسەر هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا پراکتیزە دەکرێ، ئێستای بەختیار عەلی لە ئێستای شێرزاد حەسەن ناچێ، ئەوان دوو گێڕانەوەی جیاوازن، دوو حیکایەتخوانی جودان لەناو یەک مێژوودا، بەهەمان شێوە ئێستای قوبادی جەلیزادە و ئێستای دڵشاد عەبدوڵڵا و ئێستای لەتیف هەڵمەت و ئێستای تەیب جەبار ئێستاگەلێکی جیاوازن، هەر شاعیرێک خاوەنداری لە ئێستایەکی شیعری خۆی دەکات، هەر لەم ڕوانگەیەوە من بۆ خۆم پێم وایە هەموو ئەدیبێک و شاعیرێک بۆ بارودۆخێکی زۆر تایبەتییانەی سایکۆلۆجیی خۆی دەنووسێت، واتە بۆ دەربڕین لەو حاڵەتە دەروونییە ژیاوییەی "ئێستا"کەیدا بەنووسین لە چوارچێوەی هۆشمەندی دەرک پێکردن کات خەست و چڕ دەکاتەوە، ئەمەش بۆ پێوەندیکردنە بە خودی خۆیەوە و لە هەمان کاتیشدا تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونە بەشتەکانی دەوروبەری خۆی، تا لە ڕێگەیەوە ئەزموونی زیندووەکانی ئەوانی تر لەناو خودێتی خۆی لە بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری بەشێوەیەکی زیندووتر دای

بگرێ، بەمەش بەم تێکەڵاوکردنی هۆشمەندییەی خۆی بە شتەکانی دەوروبەر دەست لەژێر کاریگەریی حاڵەتە کارلێکراو و وروژان و کارتێکراوەکانەوە بەهەموو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکانییەوە بەو ئێستا زۆر تایبەتییەی خۆی، کە باری سایکۆلۆجیی خۆی ئامادەی کردووە و لە چوارچێوەیدا دەیەوێ تێفکرین و جیهانبینیی خۆی کۆنترۆڵ بکا و لەوانی تری جیا بکاتەوە، من بۆ ئێستای خۆم دەژیم، کە لە ئێستای هیچ کەسێک ناچێ، ناشمەوێ لە ئێستای هیچ کەسێک بچێ، لە هەمان کاتدا و بەهاوشان ئەمەوە کۆمەڵێک تێکستی ترمان بەرچاو دەکەون، کە خوێنەری زیرەک هەست دەکات ئەم تێکستانە سەربەیەک جوگرافیا و یەک ناوچەی شیعری نین، لەو دەقانەدا دەرک بەوە دەکرێ کە هەر چەند کۆپلە شیعرێک لەناو ئەو تێکستەدا لە چەندان شار و گەڕەک و کۆڵان و کووچە و ژووری جیاوازەوە هاتوون.

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و شیعر بەتایبەتی کاردانەوەی هاوکێشە تەبا و ناتەبەکانی ناوەوەی ئینسانەکانە، بەڵام بە ڕوانین و جیهانبینیی جیاواز و لێکدانەوە و تەفسیری جیاواز، پرۆسەی لەدایکبوونی دەقێکی شیعری بریتییە لە داواکاری و پێویستییەکانی ناوەوە خوڵقاندنە خودییەکانە بەچاوپۆشین لە بەشداریبوونمان بەو چارەنووسە دەستکردانەی کە هەن و قودرەت بەخشین بە گوتار و ڕیتمێکی تری ژیان، من بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی خۆم لە نێوان دنیا و خۆمدا هەموو کات پێویستیم بە شیعر بووە، وەختێک لە غەفڵەتگیریدا، یان بێئاگاییم خەریک بوویێت لەناو تەماح و بریسک و باسکی شتە ڕووکەشەکاندا بخنکێم، شیعر دەستی گرتووم و لەو خنکانە ڕزگاری کردووم، بۆیە شیعر لەلای من هەردەم ئەو فریادڕەسە بووە کە بەر لە نقوومبوون فریام کەوتووە، چوون شیعر هەردەم پێوەندییەکانی مەخلوق بە دنیاوە هاوسەنگ ڕادەگرێ و نایەڵێ مەخلوق لەناویا بزربێت، سەرەنجام هەر دەنگێکیش کە دەیەوێ خۆی لە دەنگەکانی تر جیا بکاتەوە دەرهاویشتەی ئەو ترس و گومانەیە لە زایەعبوون لەناو دەنگەکانی تردا.

* بەسیفەتی ئەوەی کە ئێوە کاری وەرگێڕانیش دەکەن، پێتان وایە وەرگێڕ خۆی تەرخان بکات بۆ یەک جۆر تێکست یان بەپێچەوانەوە؟

– لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونە بچووکەی لە بواری وەرگێڕاندا هەمە، پێم وایە وەرگێڕ دەبێ دەست بۆ دەقێک بەرێ، کە لەگەڵ زەوق و چەشەی ئەدەبیی ئەودا دەگونجێن، چونکە ئەو زەوق و چەشەیە دەبنە پاڵنەر بۆ ڕۆچوون بەقووڵی بەناو تێکستەکەدا، پێم وایە هەر ئەم خاڵەش بکرێتە بنەوای هەڵبژاردن بۆ بابەتی وەرگێڕان، لەم حاڵەتەشدا کەش و هەوای بابەتە هەڵبژێرراوەکە لەگەڵ کەش و ڕوحی و چەشەی وەرگێڕدا تەبا و گونجاوە، ئەمە هاوکاری و کۆمەک بەوەرگێڕ دەکا، تا وەرگێڕانەکەی جوانتر و سەلامەتتر ئەنجام بدا، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی شیعردا پێم باشە وەرگێڕ شاعیر بێت، بۆ بەش و ژانرەکانی تری ئەدەب و کایە و چەمکەکانی تری دنیای نووسین پێم وایە ئەمە گرەنتییەکی باشە بۆ بەجوانی ئەنجامدانی کاری وەرگێڕان، کاریگەری و گرینگی خۆی هەیە

بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەندی ئەدەبی و کولتووری ئێمە.

* وەکو وەرگێڕ چۆن مامەڵە لەگەڵ تێکستدا دەکەن؟ باشتر بڵێم ئاخۆ وەرگێڕ نووسەری دووەمە؟

– سەرەتا هەڵبژاردن خاڵێکی گرینگە بۆ دیاریکردنی ئەو تێکستەی دەمانەوێ وەری بگێڕین، یانی ئێمە بەدوای چ جۆرە تێکستێکدا بگەڕێین، بەدوای ناوی گەورەدا بگەڕێین، یان بەدوای تێکستی بەپێز و باڵا، کە شتێک لە تەکنیک و هونەری نووسین دەگوازێتەوە ناو دنیای نووسینی ئێمە، ئەم دوو خاڵە دوو مەرجی سەرەتایی و گرینگن بۆ فراوانکردنی ڕووبەری پێشوازیکردن لەلایەن خوێنەرانەوە بۆ دەقە وەرگێڕاوەکە، پاشان وردەکارییەکانی تر دێن لە هەڵسوکەوتی ڕاستگۆییانە و پاراستنی ئەمانەتی وەرگێڕان، لەبەرئەوەی وەرگێڕ بەشداری تەواوی هەست و ئیحساسەکانی نووسەر دەکات، بۆیە دەبێ زۆر بە سدق و ئەمانەتەوە بیانگوازێتەوە، فەرامۆشکردنی ڕاستگۆیی و نەپاراستنی ئەمانەت لە گواستنەوەدا پێم وایە خیانەتێکی گەورەی ویژدانی و ئەخلاقییە دەرحەق بەنووسەری یەکەم دەکرێ، لە هەمان کاتدا ناپاکییشە بەرانبەر بەنووسەری دووەم کە خۆیەتی و بەرانبەر بەخوێنەرانیش، لە ڕووی گواستنەوەی ناوەڕۆک وای بۆ دەچم کە وەرگێڕ ئازادییەکی سنوورداری هەیە، بۆی نییە دەستکاری بیرکردنەوە و جۆری جیهانبینی و دید و




خەونەکانی نووسەری یەکەم بکا، بەڵام لە ڕووی ئیشکردنی لەناو کایە و پێکهاتە و سیستەمی زمانی دووەم تەواو ئازادە، لەبەرئەوەی هەر زمانە و پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە وەرگێڕ هەم ڕۆڵی گەیەنەر دەبینێ، هەم ڕۆڵی نووسەری دووەم، وەختێک لەناو زمانی دووەمدا کار دەکات.

* ئایا هەر کەسێک زمان بزانێت مەرجە وەرگێڕێکی باش و لێهاتووی لێ دەربچێت؟

– خۆی لە بنەڕەتدا زانینی زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ کاری وەرگێڕان، بەڵام مەرجیش نییە ئەوەی زمان بزانێت وەرگێڕێکی باش و لێهاتووی لێ دەربچێت، ئەگەر لەگەڵیا عەشقێکی گەورە نەبێت بۆ کاری وەرگێڕان، ئەمە شارەزاییەکی تەواوی دەوێ لەو بوارەی کە وەرگێڕ مەبەستێتی کاری تێدا بکات، هەر بۆ نموونە وەرگێڕانی پەرتووکێکی سیاسی جیاوازە لە وەرگێڕانی ڕۆمانێک، ڕۆمان هەڵگری هەموو مانا و دەلالەتەکانی ناو دنیای نووسینە، پڕە لە وشە و زاراوەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافی و مێژوویی و.. هتد. ئەمە ڕەنگە لە پەرتووکێکی سیاسیدا نەبێت، هەر بۆیە دەبێ وەرگێڕی ئەدەبی خاوەن ئەو شارەزاییە قووڵە بێت لە هەردوو زمانەکەدا.

دیمانەیەکی بڵاونەکراوەی عەبدوڕەحمان مونیف:

# "حوکمڕانی عەرەب خۆی لە ڕۆمان بە زلتر و گرینگتر دەزانێ و، کاتی نییە بۆ ئەوەی گرینگیی پێ بدا"

و: عەوف عەبدوڕەحمان



کە عەبدوڕەحمان مونیف (١٩٣٣–٢٠٠٤) لە حوزەیرانی ١٩٩٠دا هاتە ئەڵمانیا، لەو وڵاتەدا هێشتا وەک نووسەرێکی مەزن نەناسرابوو، بەتایبەتی کە وڵاتەکە لەو کاتەدا سەرقاڵی وردەکارییەکانی یەکخستنەوەی دوو کەرتە شیوعی و سەرمایەدارییەکەی بوو. ئەو کاتیش تەنیا چەند بڕگەیەکی

بچووکی پێنجینەی "شارگەلی خوێ"ی وەرگێڕرابوون کە مونیف خۆی لە ئێوارەکۆڕێکی "ماڵی کولتوورەکانی جیهان" لە بەرلین خوێندبوویەوە. بەڵام دوایی دۆخەکە گۆڕدرا و گرینگیدان بە مونیف و بە ئەدەبی نوێی عەرەب بەگشتی، بووە بابەتێکی بەرچاو. ئەم گرینگیدانە لە پێشانگەی کتێب لە فرانکفۆرت ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە لووتکە، کە ئەو خولە تایبەت کرابوو بە ئەدەبیاتی عەرەب کە بە میوانی شەرەف ژمێردرا. لەو سەردانەمان کە ساڵی ١٩٩٠ بۆ بەرلین کردمان دیمانەیەکمان لەگەڵ ڕۆماننووس عەبدوڕەحمان مونیف تۆمار کرد، لێرەدا بۆ جاری یەکەم بڵاوی دەکەینەوە:

* لە بەرنامە ئەدەبییەکەی "ماڵی کولتوورەکانی جیهان" دەری دەکا، ناوت بە هەڵە هاتبوو بەم شێوەیە "عەبدوڕڕەئوف" و، ئەو بەشەی ڕۆمانی "ونبوون"ت کە بۆ خوێندنەوە ئامادە کرابوو بە پەخشانێکی سووری هاتبووە ناساندن، لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگری بەریتانی ڕۆجەر ئالن کە خوشکەکەت کردوویە بە عەرەبی باس لەوە دەکا کە تۆ نووسەرێکی عێراقیی، هەندێکیش دەڵێن تۆ سعوودیی، دەکرێ باسی لەدایکبوون و سەرەتای تەمەنتمان بۆ بکەی؟

– بەلای منەوە ئەمە شتێکی باشە و نەنگیشە لە یەک کاتدا، لەبەرئەوەی من نەناسراوم لە ڕووی ئینتیمام بۆ وڵاتێک لە وڵاتەکانەوە. شتێکی باشیشە لەبەرئەوەی من بەڕاستی ئینتیمام هەیە بۆ ناوچەیەکی فرەوان و خۆم بە ڕۆڵەی ئەو ناوچەیە دەزانم. مایەی بەختەوەریشە کە ئەم بابەتە هەڵە نییە بگرە واقیعێکی بابەتییانەیە کە من بۆم لواوە لە چەندان شوێندا بژیم. من لە عەمانی ئوردن لەدایک بووم، باوکم سعوودییە و دایکم عێراقی، ماوەیەکی منداڵیم لە ئوردن بەسەر برد دواتر لە سعوودیە. لە بەغداش دەستم بە خوێندن کرد، ئینجا چوومە قاهیرە و لەوێوە بۆ یۆگۆسلاڤیا. لە بواری کارکردنیش، لە سووریا دەستم بە کار کرد و دواتر چوومە لوبنان و لەوێوە بۆ عێراق. سەبارەت بە پۆلێنکردنیش، هەرچەندە هەندێ جار دەبێتە مایەی سنووردارکردن، هەندێ جاریش جۆرە هەڵبەستنێکە، بەو واتایەی زۆر کەس هەن هەوڵ دەدەن من بە فلان یان فلان دابنێن! وەک ئەوەی ئێستا ڕووی دا، لەم قۆناخەدا، کاتێ سعوودیە کتێبێکی دەرکرد کە ناوی ڕۆشنبیران و نووسەر و چیرۆکنووسانی ئەو وڵاتە لەخۆ دەگرێ، ناوی منیشی تێ خست. وڵاتی تر هەن کە هەرێمایەتی دەچەسپێنن و ڕەگەزنامە بە من دەدەن بەو پێیەی گوایە من هاووڵاتییەکی ئەوانم، بەڵام لەلایەکی ترەوە خەڵکی تر لەو ڕەگەزنامەیە بێبەش دەکەن. بە کورتی، ڕاستە من خەڵکی سعوودیەم، بەڵام من لەبەر چەندان هۆکار لە ناوچەکەم، هەندێ لە هۆکارەکان سیاسین، لەو ناوچەیەش برادەرایەتیم هەیە و پێوەندیم هەیە کە بە ناوچەکەوە دەمبەستێتەوە، دەکرێ گشت ئەوانە بە پەلوپۆی مێژوویی دابنێین.

* وەک ئاشکرایە، تۆ پسپۆڕی بواری نەوتی، چەندان ساڵیش وەک سەرنووسەری کۆواری "نەوت و گەشەکردن" کە لە بەغدا دەردەچوو کارت کردووە، بەڵام لە هەمان

کاتدا نووسەرێکی کە زمانەکەی ئاستێکی بەرزی تێکسچەری درامایی و تەکنیکیی هونەری و مامەڵەی ناسک لەگەڵ نووسینی پەخشاندا هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو بابەتەی باسی لێوە بکەی لە ڕواڵەتدا سەخت و ڕەقیش بێ، ئاخۆ هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئەم دوو کارەدا هەیە؟

– ڕەنگە مایەی بەختەوەری بێ کە زۆربەی ئەوانەی لە وڵاتانی ئێمەدا دەنووسن، پێوەندیی کاریان بەو لێکۆڵینەوانەوە نییە کە دەستیان پێ کردووە، مەرجی بوون بە ئەدیب ئەوە نییە کۆلیجی ئەدەبیات و بەتایبەتی بەشی زمانی عەرەبی تەواو بکەی. بگرە کەم جار هەیە ڕێکەوت پیشە و ئارەزوو بە یەکەوە کۆ بکاتەوە. ئەو بابەتەی تۆش پرسیاری لە بارەوە دەکەی وایە، مەبەستم بابەتی نەوتە. نەوت هەرچەندە دڕە و ڕەنگی ڕەشە و ئاڵۆزیی زۆر پێچاوپێچاویانەتەوە، دەکرێ وەک مادە کاری لەسەر بکەی، بەڵام هانت نادا لە ڕوانگەی ڕۆمانسازییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی. بەڵام من پێم وایە لە وڵاتی ئێمەدا دۆزینەوەی نەوت شتێکی گرینگ بوو، ڕۆڵێکی گەورەشی هەبوو، لەبەرئەوەی شێوەی ناوچەکە و جۆری پێوەندییەکانی گۆڕی، هەروەها شێوازێک، یا شێوازگەلێکی دیاریکراوی دروست کرد و بە ڕێگە و شێوەی وا حوکمڕانیی کرد کە بەبێ بوونی ئەم سامانە نەدەکرا بەرپا بکرێ. شتێکی سروشتیشە کە مادەیەکی وا گرینگ کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر چەندان ئاست هەبێ، بۆ ماوەی درێژیش و، دەبێ بە شێوەیەکی ڕۆمانئامێز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. منیش بە هۆی شارەزاییم لە بابەتەکە و هاژینیم لەگەڵی بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ و لە زیاتر لە یەک شوێن، بوارم هەبوو ڕووداو و وردەکارییەکانی بزانم، ئەمەش هاوکارم بوو لە مامەڵەی ڕۆمانئامێز لەگەڵیدا. سەبارەت بەو وەسفانەشی کە بۆ زمانی نووسەر و ئامرازەکانی دەربڕینی نووسەر، من وای دەبینم کە زۆر لە ئێمە ئەو سیفەتانەیان هەیە، لەبارەی دیوەدەری و هەستی شیعرئامێز لە ساتگەلی دیاریکراودا. هەر کەسێکیش کە بیەوێ کارێکیش پێشکێش بکا مکوڕ دەبێ لەسەر ئەوەی کارەکەی لە جوانترین بەرگدا پێشکێش بکا. من هیوادارم "شارەکانی خوێ" لە ڕووی بابەت و کارکردن لەسەری ئامانجی خۆی لەسەر ئاستی بنیاتی هونەری پێکابێ. باوەڕیشم وایە و، داوا دەکەم ئەم ڕستەیە بخەیتە ناو کەوانەوە کە "ڕۆمانی باش و پێشکەوتنخواز ئەو ڕۆمانەیە کە لە ڕووی هونەرییەوە باش خزمەت کراوە، چونکە نیازی چاک پاساوی بۆ ناهێنێتەوە، هەروەها ئەو ڕاستییەش پاکانەی بۆ ناکا کە باس لە بابەتێکی دیاریکراو دەکا، بگرە پێویستە لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە باش بێ". بۆیە ئاواتەخوازم ئەم پرسە لە ڕووی هونەرییەوە بەشێوەیەکی گونجاو کاری لەسەر کرابێ، لەبەرئەوەی خۆی لە خۆیدا پرسێکی گرینگە. گرفتی تریش هەن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، بۆ نموونە بابەتی زێڕ لە ئەمەریکا کە لە سەدەی ١٨دا ئەمیش بووە مایەی هێرشی زووتر بۆ سەر ئەم پارچە زەوییە و، ئەو سەرکێشییانەی هاوشانی ئەو هێرشانە بوون، کە بوونە مایەی نووسینی چەندان ڕۆمان و کاری هونەریی ئاست باش. هەروەها سەبارەت بە کانەکانی باشووری و مادە سەرەتاییەکان لە ئەمەریکای لاتین. ئەمانە گشتیان

هۆکاری گۆڕین بوون و کاریگەرییان بەسەر بنیاتی کۆمەڵگەوە هەبوو و، بەشدار بوون لە خوڵقاندنی دۆخێکی هونەری و سایکۆلۆجیی گونجاو بۆ کاری ئەدەبی.

* لە ناوچەی دوورگەی عەرەبدا گەشەت کردووە و پێگەییوی، ئەوێش، وەک لە ڕۆمانەکانت دەخوێنرێتەوە، دابڕاوە و دوورە لە تەوژمە ڕۆشنبیری و بیرمەندییەکانی دنیای عەرەبییان گرتەوە، بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر دەتوانێ هەست بە ئاستی پێگەیشتنی هونەری و تەکنیکی بەکار هاتوو لە نووسینەکانت بکا کە دەکرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ نووسینەکانی جاحز و تەوحیدی، بەڵام ئەوان وەک تۆ ڕۆماننووس نین. دەکرێ باسی ئەو فاکتەرانە بکەی کە کاریان کردووەتە سەر ڕەوتی ڕۆماننووسیی تۆ و پێشخستنی؟ ئاخۆ، بۆ نموونە، ویستووتە خوێنەر لە ڕێی خستنەڕووی قووڵیی تراجیدیاکەوە تووشی شۆک بکەی؟

– سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ ئەو پیاهەڵدان و بەراوردەی کردت، کە من شایانیان نیم. شتی دووەمیش ئەوەیە کە من لە ڕۆمانەکانمدا هەوڵم داوە وێنەی ژیان بە وردترین وردەکارییەکانی و لەوانەیە بە قووڵترینیانەوە پێشان بدەم، لێرەوە من ژیان بە ڕەوتێکی درێژ و خەڵکی جۆراوجۆر دەزانم و، پاڵەوانیەتی پاڵەوانیەتیی خەڵکی نەناسە، ئەو خەڵکانەی بە دەستی ئەنقەست ناوبزر کراون. من کاتی باسی ئەم بابەتەم کرد، بە تایبەتی لە "شارەکانی خوێ"دا، لە بیری خۆمدا ئەوەم دانابوو تا دەکرێ هەوڵ بدەم مێژووی نەنووسراو بنووسمەوە، واتا مێژووی فەرمی نووسراوەتەوە و تەواو بووە، کە تا ڕادەیەک ئەو مێژووەیە کە ئێستا باوە و هەیە. من هەوڵم دا مێژوویەکی تەریب بنووسمەوە بۆ خەڵکانی گومناو و بۆ ئەو ژیانەی لەو سەردەمەدا هەبوو. ئەم هۆکارەش بووە مایەی سەرهەڵدانی جۆرە ململانەیەک و جۆرە چەرمەسەرییەکی گەورە، بەشێوەیەک کە خەڵک (کاراکتەرەکان)، کە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکرد بە ڕاستگۆیی و خانەدانییەکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. تەنانەت بزریی خەڵک لەسەر بنەوای ئەوەی کە کاتیان بەسەر چووە، ئەوە ناگەیەنێ کێشەکە نییە یان ئەو خەڵکە بە یەکجاری بزرن. لە ڕاستیدا من نەمویست خوێنەر تووشی شۆک بکەم، بگرە ویستوومە بەرچاوی ڕۆشن بکەم و پێی بڵێم کێشەکە ژانی تێدایە و کۆسکەوتنی تێدایە بۆیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. ئەگەر هەندێ جاریش تاڵییەک هەبێ لە وێناکردنی هەندێ پاڵەواندا ئەوە تەنیا دوا هەوڵە بۆ ئاگەدارکردنەوە پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ و، ئەگەر بوار هەبوو بۆ ڕزگارکردن با هەوڵ بدەین شتێک بکەین. "متعب هەزال" یان "وەدحە" ئوملخۆش" هەرچەندە بەکۆتا گەیشتوون، بەڵام تۆ و کەشی دیاریکراویان جێ هێشتووە کە هاوکارن بۆ دیتنێکی ڕوونتر. من پێم وایە ئەرکی کاری هونەری ئەرکێکی دوولایەنەیە، کە پێویست دەکا لەلایەکەوە وشیاریی خەڵک لەبارەی گرفتەکانەوە قووڵتر بکات و لەلایەکەی ترەوە هەستیارییان لە

مامەڵەکردن لەگەڵیاندا زیاد بکات. کارەکەی ئەوە نییە ڕی بۆ بیرۆکەیەک خۆش بکا یان چارەسەر بخاتە بەردەستەوە. کەواتە تۆ چەند دڵەڕاوکەی پۆزەتیڤانە لای ئەوانی تردا دروست بکەی ئەوەندە دنەیان دەدەی پرسیار بکەن و، چەند هەوڵیان لەگەڵدا بدەی بۆ ئەوەی واقیعی خۆیان بەشێوەیەکی ڕوونتر تێ بگەن ئەو کاتە کارە هونەرییەکەت خزمەتی قۆناخەکە و خەڵک و هونەر دەکا. پرسەکە پرسی بەکێشکردنی هاوسۆزی نییە و هەوڵی پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێستەکان نییە، پرسی بەرگریش نییە لە کەسایەتیی دیاریکراوی تاک و دابڕاو، بگرە وێناکردنێکی پانۆرامایی ژیانە لە قوناخێکی دیاریکراو بە گشت سەختی و بێئومێدی و خەونە تێکشکاوەکانییەوە. لە کۆتاشدا وێنەیەک یان کۆمەڵە وێنەیەکە و، داوا لە خوێنەر دەکرێ سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوە.

* لەم دواکارەتدا، بە وردەکارییەوە و بۆ مەودایەکی درێژی کات باسی ڕۆڵی ئەمەریکا – ڕۆئاوات لە ناوچەکەدا کردووە لەگەڵ باسی گەڕانیان بە دوای نەوت و سەرچاوە ئابوورییەکانی تردا، بە ئاشکرا باسی دروستبوونی دامەزراوە سەرکوتکەرەکانت کردووە لە وڵاتانی خاوەن نەوت، وەک دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات و پۆلیس و ڕۆژنامەوانیی حکومەتی. ئەم بوێرییە نەبووە مایەی ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ ڕێژیمەکانی پاشکۆی ڕۆئاوا؟

– لێرەدا نامەوێ زێدەڕۆیی بکەم، من هەرگیز لەو گرفتانە ڕزگار نەبوومە، واتە من تێیان نەکەوتووم و دوایی لێیان دەرچووبم. زۆر لە ڕۆشنبیر و نووسەران لە دۆخێکی گرفتئامێز لەگەل ئەوی تردا دەژین، ئەم ئەوی ترەش جۆری زۆرە، لەوانەیە بریتی بێ لە دەسەڵاتی حوکمڕان یان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یان دامەزراوەی ئاینی. ئەم کێشەیە هەندێ جاریش لەگەڵ برادەران دەبێ و، زۆر سەختیشە کە مامەڵەکردن لە ڕێی ئەو ئامرازانەوە بێ. پێم وایە جۆرێک لە ڕازیکردن هەیە لە بەرامبەر ئەم گرفتانەی دروست کراون و ماون و لەوانەیە لە داهاتووشدا دروست بن، واتە خەڵک پێشوازی لە کاری داهێنەرانە دەکەن و وەری دەگرن و بەدەنگییەوە دەچن. کارەکە وایە یەک بە یەکە. منیش ئامادەم ڕووبەڕووی ئاکامی کارەکان ببم، بەڵام هەندێ جار هەست دەکەم کە کارەکانم بە خەڵکی تر دەگەن و خەڵک هاوسۆزن لەگەڵیان و لە پێناویان دەمپارێزن، لەبەر ئەمە من پێم وایە پرسەکە تا ڕادەیەک هاوسەنگ و ڕەوایە.

* هیچ جارێک بووە کە حوکمڕانێک یان پاشایەکی عەرەب یەکێ لە کارەکانتی خوێندبێتەوە؟

– بۆی دەخوێنرێتەوە. من دڵنیام کە حوکمڕانی عەرەب خۆی لە ڕۆمان بە زلتر و گرینگتر دەزانێ و، کاتی نییە بۆ ئەوەی گرینگیی پێ بدا. بەڵام زۆر لە پیاوچاکان هەن، پیاوچاکەکەش دەخەمە ناو کەوانەوە، کە ڕۆمانەکان دەخوێننەوە بەمەبەستی ورووژاندنی حوکمڕانەکە و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بەمەبەستی دروستکردنی کەشێکی دیاریکراو. من دڵنیام ئەگەر حوکمڕان،

جا هەر حوکمڕانێک بێ، کاتێ ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، ڕەنگە باشتر ببێ و لەوانەیە بێتە گۆڕین. بۆ نموونە کاتێ قەیسەری ڕووسیا ڕۆمانی "یادەوەریگەلێک لە ماڵی مردووانەوە"ی دۆیستۆفسکیی خوێندەوە، دەستی بە گریان کرد و فەرمانی دا ئەو فەلاقەکردنەی لە گرتووخانەکانی ڕووسیا لەو سەردەمەدا باو بوو بێتە ڕاگرتن. من نامەوێ و پێشبینیش ناکەم حوکمڕانە عەرەبەکان بگەن بەو ئاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەرکی دەزانم ئەو پەیامە بگەیەنم.

* دەکرێ باسی ئەو هۆکارانەمان بۆ بکەی کە وایان لێت کرد عێراق جێ بهێڵی، لە کاتێکدا لەوێ پێگەیەکی ڕۆشنبیریی پایەبەرزت هەبوو؟

– بەڕاستی، من لە عێراقدا خۆم بە مێوان دەزانی، وام دانابوو مانەوەم لەوێ چەند درێژ بێ هەر کاتێک دێ و بە کۆتا دەگا، ئەمە یەکەم. دووەمیش باوەڕی منە بەوەی کە نووسین بۆ من بووەتە بابەتی سەرەکی و ڕەنگە تەنیا بابەتیش و نامەوێ هیچ بابەتێکی تر سەرقاڵم بکا، بۆیە بڕیارم دا خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم. سێیەمیش ئەوەیە کە من بڕوام بە شەڕ نەبوو (شەڕی عێراق ــ ئێران)، لەبەرئەوەی شەڕێکی بەلاش بوو، هیچ پاساوی نەبوو، بۆیە نەدەبوو کەس پێی قایل بێ.

* بێگومان هەواڵی پرۆژەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیات بیستووە، یان شتت لە بارەیەوە خوێندووەتەوە، ئاواتی ئەوە دەخوازی یەکەتییەکی عەرەبی هاوشێوەی ئەڵمانییەکە بێتە دی؟

– وەک ئاواتێک خوازیاری یەکەتیی عەرەبم، بەڵام ئەم ئاواتە لە سایەی دۆخی ئێستامانەوە مەحاڵە بێتە دی. بۆیە پێویستە زۆر خەون نەبینین و پێشبینیی زۆر نەکەین. یەکەتییەک بەبێ بنەوای بابەتییانە کە بنیات نرابێ لەسەر وشیاری و بەرژەوەندیی هاوبەش و لێکنێزیکبوونەوەی ڕژێمە حوکمڕانەکان و شێوازەکانی ژیانی ناوەخۆیی کارێکە دژ بە بیرۆکەی یەکەتی. پێویستە ژینگە و مەرجی دیاریکراو بۆ یەکەتی هەبن لەگەڵ جۆرێکیش لە باوەڕ و ئامادەیی قوربانیدان لە پێناوی. من لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیام و هیوادارم یەکەتییەک یان چەند یەکەتییەک لە وڵاتانی ئێمەدا بێنە دی و خەڵکەکە لە یەکتر نێزیک بکەنەوە و ڕێگرەکان ڕاماڵن. بەڵام نابێ ئەم بابەتە تەنیا وەک حەز بمێنێتەوە، بگرە پێویستی بە کاری درێژخایەن و پشوودرێژانەیە، بە تایبەتی کە لە بەرامبەریدا بیری پارچەپارچەکاری دروست بووە، بیری پارچەپارچەکار و جیاخواز و دوورکەوتنەوە، کە لەسەر زەویش بنەوای هەیە و بە کردار چەسپاوە. ئێوەیش وەک نیشتەجێی ئەڵمانیا دەتوانن لە من باشتر دۆخی ئەڵمانیا هەڵسەنگێنن، من ناتوانم زۆر لەم بابەتەدا ڕۆ بچم، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە هەندێ لایەندا گرفت هەبێ کە ببێتە مایەی ئەم یا ئەو ئاکامە. بە گشتی یەکەتی بەلای منەوە کارێکی سروشتییە، هەر گەلێکیش مافی خۆیەتی دەوڵەتی یەکگرتووی خۆی دابمەزرێنێ. ئەوەی ناسروشتییە ئەوەیە کە پارچەپارچەیی و جیاخوازی باڵ بەسەر بەشەکانی یەک وڵاتدا بکێشن.

سەرچاوە: وارگەی کیکا

شیعر

زانا خەلیل

# نا .. ماچم نەکرد



چاوەڕێی هیچ نەبووم،
یان چاوەڕوانی هیچ بووم..
دەی گرنگ ئەوەیە چاوەڕێ نەبووم
بۆیە بۆ یەکەم جار لە ژیانم پیازم خوارد.

چاوەڕێی هیچ بووم و
چاوەڕوانی هیچ نەبووم کە تێلی کرد..
چووم.. بە دوو چرکە
دوو کیلۆمەتر ڕێگام
بە ترافیکە ڕەش و سپییەکانیشەوە بڕی
لەو جێیەی کە سواری سەیارەم کرد
ڕووناکیی ژووری سەرۆکی حکوومەت
دەگەیشتە ناو کۆشم ..
ڕووناکیم جێ هێشت و
لە بن دیواری پەرلەمان
نازانم .. نازانم بۆ زمانم بە گەردەنی داهێنا

به لێوی.. زمانم به زمانی..
ئەها..
ئاخر لەبەر پیاز نەدەوێرام  ماچی بکەم..
ماچم نەکرد..
بەس زمانم بە گەردەنی داهێنا
زمانم بە لێوی
زمانم بە زمانی.. بە پەنجەکانی
پەنجەکانم بە رانی..
ئاخر لەبەر پیاز نەدەوێرام ماچی بکەم
نا.. ماچم نەکرد.



هەفتەیەک دواتر لە نیوەشەودا
چاوەڕێی هیچ نەبووم.
یان چاوەڕوانی هیچ بووم..
چاوەڕێی هیچ بووم و
چاوەڕوانی هیچ هیچ نەبووم
کە لە (sms)ێکدا نووسیبووی: هممممم پیاز..
نووسیبووی:
(إذا دخلتم بلاداً فكلوا من بصلها يطرد عنكم وباءها)
من لەو شەوەدا تێ گەیشتم
کە ژنێک هەیە
جیا لە هەموو ژنەکانی ئەو سەرزەمینە
چەند حەزی لە پیازە
بۆیە پیازم خوارد و چووم..
بە دوو چرکە دوو کیلۆمەتر رێگام بڕی
کە سواری سەیارەم کرد..
رووناکیی ژووری سەرۆکی حکوومەت
دەگەیشتە ناو کۆشم

که له تەنیشتم دانیشت گوتی:
(یا موسی فادع لنا ربک یخرج لنا مما تنبت.. بصلها)
له بن دیواری پەرلەمان
نازانم بۆ زمانم بە گەردەنی داهێنا
بە لێوی
زمانم بە زمانی..
ئەها.. ئاخر لەبەر پیاز نەدەوێرام ماچی بکەم..
ماچم نەکرد..
بەس زمانم بە گەردەنی
زمانم بە لێوی و زمانم بە زمانی داهێنا..
ئاخر لەبەر پیاز نەدەوێرام ماچی بکەم
نا.. ماچم نەکرد..

ژنێکی عەجیب لەو سەرزەمینەدا هەیە
بۆنی پیازی لە ئەخیر
شووشە عەتری گروونای لا خۆشترە.



شیعر

چنار نامیق

# ساندرێلا

بەم درەنگوەختە کوێوە بچم
لەم گەشتەدا بە وێستگەیەک ناگەم
بەئیرەییەوە پێم دەڵێن:
ساندرێلا
رێی گەشتێکی نوێ دەگرێتە بەر،
هەموو پێڵاوێک بەپێی دەکا
لێ
بەهیچ وێسگەیەک نەگەشتم
پێڵاوەکانیش پێم دەگرن..
دەڕۆم
تا لە نیگەرانی بتۆرێم
خۆم لە بیرکەم
ئەندێشە لە خۆم داماڵم
نە بە ویستی منە و نە روح
ئەوە جەستەیە دەیەوێ سەرهەڵگرێ



چەن بێ واتایە ئەم گەشتە
لەم جەنجاڵی تەمەنەدا
لە ترافیکەکاندا، خەم دەمبات
بەدەمیەوە خەندە دەکەم
لەوێرا .. گەرەکمە
ئاورێ بۆ جوانی بدەمەوە
لامپە سوورەکە سەوز دەبێت
کوێوە بڕۆم
لە شەقامەکاندا دەگرییم .. و
باران نابارێت بمشواتەوە
لەوێشدا
نیکۆلاس پێم دەڵێ:
ئەوەندە بەرزەفڕ مەبە
بۆچی تاسەی پێکێک بکەم
خۆم و روحم
شەرابە تاڵەکانمان
لەسەر مێزە شکاوەکانی ژیاندا فڕ کرد .. و
مەستی نەکردیین..
بەم دێر وەختە کورا بچم
کە تەنها پەنجەکانم
فرمێسکەکانم دەسڕنەوە
بەم درەنگوەختە چۆن بگەڕێمەوە
مەیلم نییە
دیواری بێدەنگیم بشکێ
نەمگەرەکە کەس سەبوریم بداتەوە
خودایە
کوێوە بڕۆم
کە دەریا هێندە دڵڕەشە



مانگیش لەگەڵ ئەستێرەکاندا

دەجەنگێ

کەشتییەکەشم چەند خێرا دەڕوات

ناگاتێ

چیتر بەم درەنگ وەختە

لەناو دڵی هیچ دەریایەک

بۆ مرواری ناگەڕێم

یاقوتەکانی خۆشبەختی

لە حەوزی باخچەکەمدا بوو

ماسییە گەورەکە

بە بەرچاومەوە قوتی دا

نەمتوانی سینگی شەقارکەم...

کۆڵن-٢٠١١



شیعر

گۆران ڕەسـووڵ

# من و تۆ
# وەک دوو جەمسەری جیاواز

چەند لێک جوداین
هەسارەیەک نییە
لە موحیبەتدا بمانگرێتە خۆی
شەقامێک نییە
بەدەم نمەی بارانەوە
بەسەریا گوزەرکەین
هەناسەیەک نییە
بەدەم مژینی لێوی یەکترییەوە بیدەین
سێبەرێک نییە
لە ئاوێتەبووندا بە یەک جەستە نیشانمان دات
شاخوێنبەرێک نییە
خوێنی یەکتری پێ تێکەڵ بکەین



من لە ترسی
مەلەکوتی عەشق و
دڕندەی تەنیایی
لەناو کوفرەکانی نیتچەدا خۆم حەشار دەدەم
تۆش لەناو کتێبەکەی بوخاریدا بۆم دەگەڕێی

من جلی پایز لەبەر دەکەم و
تۆش چاوەڕێ دەکەی
لە دەمی خونچەیەکی تازە کراوەدا بێمە دەرێ

من لەگەڵ ئەنکیدۆدا
لەناو جەنگەڵستانەکان خۆر ئاوا دەکەین
تۆش لە کۆشکەکانی گلگامشدا بەیانی دەکەیتەوە

من تژی دەبم لە لافاو و زریان
تۆیش لەناو کەشتییەکەی نوحەوە
تەماشای تووڕەییی ئاو دەکەی



من لە مەیخانەدا
باوەش لە بوتڵێک شەراب دەدەم و
لێوانلێوی فرمێسک دەبم
تۆش لە مزگەوتدا
لە نێوان دوو ئایەتی قورئانێکدا دەخەوی

من فیزەی دۆزەخم لە پاسەپۆرتەکەم داوە و
تۆش لە بەردەم ( رەیان ) چاوەڕێم دەکەی

من لە تاراوگە سەر دەنێمەوە و
تۆش لە نامەیەکی پەمەییدا
باسی گوڵزاری نیشتمانم بۆ دەکەی

چەند لێک جوداین
خولگەی من رۆژ
خولگەی تۆ شەو

من تەنیا (م) و (ن)
تۆ تەنیا (ت) و (ۆ)

چەند لێک جوداین
چەند لێک جوداین
ئەسەف شیعریش کۆمان ناکاتەوە

شیعر

ڕێبین ئەحمەد خدر

# پاسی زەمین

١
لە تۆدا هەموو شت دەبینم
وا بڕوات دەبێت بە تەلەڤزیۆن.



٢
وەک من بێ ئیشە زەوی،
هەر دەسوڕێتەوە.

٣
حەز دەکەم بێمە ناو تۆ
لەوێدا کرێمستی بخۆم.



٤
چاوە ڕەشەکانت قاوەیین.

٥
شەوێک خۆم کرد بەدز بەسەر ماڵەکەتانم دادا،
بەس تا تۆ ببینم.

٦

سەتڵێک بۆیاغی سپیم پێیە،
خەریکی ڕۆژە ڕەشەکانم.

٧

دایکم هێندە دڵناسکە
بەدەنگی موزەخەش دەگری.



٨

لەسەربان بەربوومەوە،
تەنیا دڵم شکا.

٩

ماچی قتووش نییە لێرە.

١٠

کڵاوی بابردوو دوای من کەوتووە.

١١

چ عەجەب!
ئەمشەو لوقمانی حەکیمم بینی
بەدوای دەرمانخانەیەکی ئێشکگردا دەگەڕا.

١٢

دڵێکم دەوێ بەکرێ
بەڵام وەک هی خۆم تەنگ نەبێ.

١٣

بەخۆم نەبوو
سەکنەکە بەزۆر سواری پاسی زەمینی کردم!

١٤

سەد لاپەڕەی خۆشەویستیم بۆت نووسی

شتێکی بەجێت وت، تەنیا وتت خەتت خۆشە!

١٥

هاوین قەمسەڵەیەکی ئەستووری لەبەر کرد
دەڕۆیشتە ژوانی زستان
لە ڕێگا زستانی بینی
فانیلەی عەلاگەی لەبەربوو.



١٦

خۆشەویستەکەم لە بەهەشتە و من لە دۆزەخ
هەر کات دێتە سەردانم کاسەیەک هەنگوینم بۆ دینێ،
منیش خوا هەڵناگرێ میهرەبانم
تەشتێک خەڵوزی پێ دەدەم..

١٧

لەسەر قەرەوێڵە بەربووەوە، کەوتە ناو ژیانی من.

١٨

مێرووڵەکە بەدەم خەوەوە دەگری
چونکە لە خەونیدا بۆتە فیل و ..
ناتوانێ دەنکە گەنمەکە پاڵ بدا.

١٩

پەپوولە ناچێتە باخچە ئیتر، عەتر و شت دەکڕێ.

٢٠

ئاو نەزیف بووە، هەموو نەوە و نەتیجەی ئاگر لەگەڵی چوونەتە نەخۆشخانە.

٢١

هەمیشە بۆ تۆ دەسووتێم، لە پەنا زۆپاوە.

٢٢

فریشتەی مەرگ دەمی تۆپبارانەکە بەر لە ئێمە خۆی خزاندە ئەشکەوتەوە.

شیعر

نامق هەورامی

شیعری هاوچەرخی "هەورامی" ی

# چوارشەمە سووری ژەنەکا مەملەکەتو هەناری



قەسەمت مدەو بەشای دالاهۆ
یامن تەڵەب کە یاویت هورزۆ بۆ
ولە هەنار گەرەکما پەرسو
چەنی کام وارانی وارای
کام وای ئاردی
نا.... مەپەرسو
تەرسو بلی ئیتر نەیۆ
ئاخر ئازیز
من چوزەو ریواوە و ئەشقیم زیا
دلی سایکەمەرو تۆنە
دڵو سیاوو وەروینە،
هەراڵەبرەمیوە ناما
خێرئامایێ جەمن کەرۆ،
دەی تۆیچ مەلە،
ئۆقرەم نیا، چنوورێوی سەرە دژیا و
گاوگۆراڵێ شەرا بەردە

بەیاو رازێم پەی گیڵناوە...

سەوای شەوی وەرم وینو
تۆ مەینەلام
هەنگامەکیت پیسە سەرەو من دژێنی
بزەڕاکی کۆری بینێ
یانی نمەی، ئەگەر تۆنەی
منیچ هیچ وەرمێ مەوینوو...
وەرمو چێشی،
ژیوای وەرما
مەردەی وەرما
تۆ وەرمەنی
ویچم هەر هیچ...



پیرێ شەوی وەرم وینوو
دوانزە هەساریم کەردینی ملت،
وەرم کەردەن پاوانە و پایت،
گەرەکم بی مانگی ساو و گۆنایتەرە
دیم تۆ زەریف تەرەنی
وستەمۆ لا....

تۆ جارێ بۆ
تەنیایم یاوی گێرتەن
بۆڵەهەنگورە و دیایم
وەختا بۆنە بە هەچکوچی
شەرابو هەڵسەکام تکا
لواوە دڵو میوەدێمی....

بەیاگە پاو هانێویەرە ملوۆ سیروان
تۆ ئینای چا،

تیتەکا نەرگس خانمی گیریۆ،
سوارێو ئینا سەرو مازی ژەرەژێویۆ و
باقیٚ ولە هەناریش ئینیٚ دەسۆ، یوەشا تۆنی و
مدۆت بە من....

وەرم وینوو، ئینانی رای هەزار و یەکۆ
ملوۆ سیروان تۆ ئینای چا
روەت کەردێنە پەردیوەر،
گەرەکتا ئەگریجەکات شانە کەری
ملوۆ دڵو دارێوی هەجیجەنە و
کەراش شانە و ماراش پەی تۆ
کە شانە مەڕیۆنە سەرەت
منیچ لاتۆ مەنو جیا....



پیاێوە مرۆ
نەوەد و نۆ دەفڕەنیٚ داڵەهۆوە
قەتارە بینانە و مەیا، شیوەن کەرا
دەسەکی تۆ بانە دەسو دەفڕەناکا و مەردەکەیچ من،
گۆنات دەفە
کەف مەدە نەرووی دەفی دوو گۆنات...
تۆ جامەو ویت عەوەز کەردەن،
بیەی دەفە
من جامە و ویم عەوەز کەردەن،
بیەنا ئەڵقە و گۆشوارەکێت...

(کلت نەمەنەن نەکل دانەدا
وەختە ویم بدەو بە......)
ویم مدەو سیروانەرەو
ملوۆ دلیٚ تۆ ولە هەنار........
پاساژ و هەنارو رەشەکا شاریەنە

ژەنەکێ نۆبەتیشا گیرتەن سوراو سانا،
(نهێنی ئانەیە کە گرد ژەنێوە کیفش پەنەن و دلێ گرد کیفێویچەنە ماتیک هەن، زانی چی؟)
ژەنەکی گەرەکشا نیا
شوەکەشا
تاتەشا
براشا، بزانا چی، ئادی ماکیاژشا پەنەن!!!



ملیۆ سیروان، چاگە سرڕەکێت فاش کەری و
رازۆ دلێ کیفو ژەنەکا و
لەزەتو ماکیاژ کەردەی
مدەی دەمو ئاویوە تا بلۆ،
د و ر .... د و ر
ماتیک ..... سوراو.

ژەنیوە مرۆنە و سوراوەکیش جیامەنا،
هەڵبجەنە
ژەنەکی و
ماتیکەکی
پیوۆ مەردێ و
گرد وەهارێ هەنارەکی سوراو گیرا...

هیزی شەوی دەفتەرەکەم وەرمش دیەبی
وەرمشەنە،
چێش دار هەناری هەنێ،
مەمێ گێرا جیای هەناری و
هەرچی ساگۆ و مەمەکایچا
بێنی بە سوراو..

ئای مەولاو من
بەژەنەکا دنیای واچە

با سەرە بسپارا بەمن ،
من بە هەنار مڕەژوشا تا بابایادگار....

ژەنەکا گرد بەروۆ سیروان
رەمزو رازوو ئەشقیشا درکنا لا رەمزباریوە و
ئاوەزشا جەم بۆ
کە ئامێوە،
میوە دەیمەو چەمەکام ئاوی مدا ...
وەختێ مەیا،
قتولەو دەمیشا تنگیانۆ
هەنارەکی سینەیشا پەڕ ئاوینی،
مەیاو ماچا:
پەوکی دایم قتولەو دەمیما سورا
ماتیک جامەو هەنار و تۆن...
ولە هەنارە بەنازۆ ماچۆ ئازیز:
نەک هەر سوراو و کیفەکەیم،
ویچم بینا جامەو تۆ،
گەرەکت نەبی پەیامێوم پەی کیانی؟
چە پیغامی زیباتر از اینکە
بە یادت هستم، بیشتر از همیشە....



شیعر

غازی رەشید زەنگنە

# ئەندێشەی چەند بروسکە شیعرێک



١
جار بەجارێ
گومان
پیرۆزیی عیشقت
لێ دەڕەنجێنێ..
هەر وەک،
گومانی هەورەکان و
بارینیان
بەسەر دەریاکان
هەر وەک،
داهۆڵ و گومڕاکردنی
بولبولان...

٢

خودایە...!

دەرمانم لە ڕەنگی

گوڵێکە:

هەتاو

بە روویدا هەڵنایە...

٣

ئەی گوڵ

ئەندێشەی دڵ

دوورنیت

نیگایەک

لە نیگارت دەکا

ئاشنام بکا

بە رووخسارت

تریفەی مانگ و گوڵ و کانی

شنەی بای بەیانی



٤

شەیدایی بولبوول و

کورتیی تەمەنی گوڵ

دیمەنێکی

نائومێدی و

کڕنووشێکی

کوێرانەیە...

درەختەکان لە دارستان

لە پێش زیندەوەران

دەرگە دەکەنەوە

لە نووری زەمان،

بۆیە هەردەم
رەفتار سەوز و رووناکن
لە ژیان...

٥
بولبوول و کەناری
حەز بەدەنگ و رەنگیان دەکرێ
بەڵام...
قەفەس و
راوچییان بۆ ئامادە دەکرێ
پاشان...
دانانیان لە شوێنی
بەرزی
داننانی راوچییە
لە نەفسنزمی...



شیعری وەرگێڕاو

## شارل بۆدلێر

# گەشت

لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمەشەریف

پێشکێشە بە "ماکسیم دو کامپ"

١

ئەو منداڵانەی شێتی نەخشە و چاپەمەنین
گەردوون تامەزرۆییان تێر دەکات:
ئای کە جیهان گەورەیە لەبەر تیشکی چرا،
بەڵام چەند گچکەیە لە بەرچاوی یادا!

سبەینەیەک کەوتینە ڕێ و دڵمان پڕ و
ناو مێشکیشمان بەدەغەز و بێز ئاوس –
لەگەڵ ڕەوتی ئاوازی شەپۆلەکانا
بێ سنووری خۆمان دابووە دەم دەریایەکی سنووردار:

هەندێ لە چنگ شەرمەزاری وڵاتەکەیان ڕادەکەن،
هەندێ لە ژیانی ناو وڵات تۆقیوون، هەندێک
– ئەستێرەوانیش بە تێڕامانی ژنێک مجرۆنە –
ڕەمنەی دەستی زۆرداریيەکانی (سایرس)ن؛

نەوەکا ببن بە بەراز، ئەوان خۆیان هاویشتۆتە
بەردەم رەشەبا و دەریا و ئاسمانی تریسکەدار؛
باران و بەفر و خۆری هەڵپرووکێن
نەرمە نەرمە جێی برینی ماچەکانی دەسڕێتەوە.

بەڵام گەشتیاری راستەقینە ئەوانەن کە دەڕۆن
بۆ ئەوەی بڕۆن؛ دڵیان وەکو باڵۆنی بێ پارسەنگە و
ئەوان هەرگیز لە چارەنووس ناڕەونەوە؛
ناشزانن بۆ دەمرتێن " دەبا بڕۆین!"...

ئەوانەن حەزەکانیان وەک پەڵەهەورە
ئەوانەن – وەک تازە سەرباز خەو بە تاق و تریقەوە دەبینن –
داڵغە بە زیندەخەوی نادیار لێ دەدەن
کە رۆحی هیچ کەسێک ناویان نازانێت.

٢

دەبنی ئێمە ویستوومانە ببین بە تۆپ یان بە مزراح!
هەڵدەپەڕینەوە و تووڕ دەدرێین – خۆ لەناو
خەونەکانیشماندا هەر مەراقە گلۆرمان دەکاتەوە
هەروەکو چۆن فریشتەی بێ بەزە هەڵگۆزوداگۆز بە خۆر دەکات.

گەڕانێکی بێهاوتایە! تەنیا ئامانجە جێگۆڕکێ دەکات و
مەنزڵگای بردنەوە لە هیچ لایەک نییە و لەو ناوەشە؛
کە مرۆڤ لە غارەغاری دوا ئاواتی حەسانەوە ناکەوێ،
تا دەکەوێت هەر بەدوای ئەم ئاواتەی رادەکات!

رۆحمان وەک کەشتییەکی چەند ستوونی وێڵی بەندەرێکی ئازادە ،
جا کە پرسێک لەسەر پشتی کەشتییەکەوە دێتە ئارا،
دەنگێکی دی بەتامەزرۆییەوە لە تەپڵەی سەرەوە دەڵێ:
(شادی، شکۆ، ئەڤین) ئەوا گەیشتینە تاشەبەردێکی دی.

دواى تاریکی هەر دوورگەیەک سەردەربێنێ،

پاسەوان دەڵێ ئەوە (ئێل دۆرادۆ) و خاکی ئومێدە؛
خەیاڵ لەناو کەشتیەوانەکان دەداتە باڵ،
کە سبەینە دادێ دەبین تیغەبەردە و بەس.

سەرپشتی کەشتی پڕئاسن و قیری سەرمەستی،
هەشە لەوێ داڵغە بە کەناری ئەندێشەیی لێ دەدات
خەون بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە دەبینی و
دواتر لێی دەبێتە دەریا و تراویلکەیەکی سەیر!

پیرە دەریاوانی واش هەن، کە لە قوڕاو دەگەوزن،
کتوکوێرن و خەون بە پیاسەی ناو بەهەشت دەبین
لە هەر جێیەک فتیلەیەکی دوکەڵاوی کوڵیتێک روناک بکاتەوە
بە بەندەرێکی دی دەزانن.

٣

ئەی گەشتیارانی بەسام! چتۆ چیرۆکی مەزن
لەناو زەریای قووڵی روانینەکانتان دەبینین!
دەی دەرکی سندووقی یادەکانتانمان بۆ واڵا بکەن و
مرواریەکانی رەشەبا و ئەستێرەکانمان پێشاندەن!

حەزمان لێیە بەبێ هەڵم و بێ بایەوان بەڕێکەوین!
یارمەتیمان بدەن تا زیندانی رۆژگارمان لە یاد بکەین
خەونێکی وەک جل بەسەر مێشکمان دا داکێشن
کە چوارچێوەکەی ئاسۆی زێرینی گەشتەکانتانە.
پێمان بڵێن چیتان دیوە!

٤

" ئەستێرە و شەپۆل،
ئەو رەوە ماسییانەمان بینی _ کە نەمانتوانییبوو بیانبینین؛
ئەگەرچی تەڵەزگە و ناخۆشی جۆراوجۆر هاتنە ڕێمان،
ئێمەش زۆر سات وەک تۆ بێزار.

شکۆی هەتاوی سەر زەریای تاریانی،

تیشکی ئەو شارانەی کاتی زەردەپەڕ دەچریسکێنەوە،
لەناو دڵمان، حەزی سۆزێکی بێ ئارام دەورووژێنێ
تا باز هەڵدەینە ناو ئاسمانی دوور.

هیچ یەکێک لەم دیمەنە دڵڕفێنانە
حەدیان چییە سەرمەستمان بکەن
بەقەد شوێنی پەیتونە نازدارەکانی ناو هەور..
کاتێک حەزی ماتمان ئۆقرەمان لێ دەبڕێت!

کەیف پتر گڕ بە بەر حەزەوە دێنێ!
هەموو کەیفێک دەڵێی پەینە بۆ پیرەدار
جا کە توێکڵت رەقتر دەبێ، لکت پەل بەرزتر دەهاوێ،
تا لە نێزیک خۆر کامڵ دەبێ!

درەختی مەزن، هەمیشە تۆ لە نارەوەن سەربەرزتر
خۆ دەنوێنی! گرنگ نییە، ئێمە هەندێ
وێنە دەخەینە ناو ئەلبومی برسیت
کە تەنیا خەڵات بەخشە بەوانەی لە دوورەوە دێن:

ئێمە بتی ناشیرینی وامان دیوە و
هەروا تەختی رازێنراوە بە دوڕ و مرواری؛
لەگەڵ کۆشکی وا پڕ سامان کە خەونی
هەموو ملیۆنێرە ملهۆڕەکان دەبەزێنێ؛

ئێمە رۆب و کاڵای وامان دیوە هەزار کۆیلە چنیووێتی؛
ئافرەتی واش کە نینۆک و دانیان تیژکردۆتەوە و
قەشمەری هێندەی مارەکانیان فێڵزان..."

٥
چی دیش؟ چی دیش؟

٦
"تۆ وەک منداڵ قسان دەکەیت!

ئەگەر مەزنترین پەرجووم لە بیر مابێ–
لە هەموو کووچە و کۆڵانان
سوڕانەوەی هەمان چەرخی چارەنووسی کوشندەمان بینیوە
نمایشی بێزارکەری گوناهی نەمر:

ئافرەت، بەندەیە، کەچی بەخۆیشی دەنازێ،
گەوجە و شەرم لە خۆپەرستن ناکاتەوە؛
پیاو زۆردارێکی چلێسە، بەندەی بەندەیە
جۆگەلەیەکی ئەستووری لافاوێکی بۆگەنە؛

قوربانی نوقمی فرمێسکە، جەلاد سەربەرز؛
گۆڤەندەکە بەخوێن بۆندار کراوە و خەملێنراوە:
ژەهری دەسەڵات ناو دەماری زۆردارەکە وشک دەکات،
خەڵکیش قامچی سزا ماچ دەکەن؛

چەند ئاینێکی هاوچەشنی هی خۆمان،
گەمارۆی ئاسمانیان داوە ـــ پیرۆزەکان لە هەموو شوێن
وەکو فیرعەون لەسەر نوێنی گوڵ رادەکشێن (تەنیا لەسەر
نوێنی بزمار) کەوتوونەتە کەیف و سەفا؛

مرۆڤایەتی بە قسەی گوڵدار گیرۆدەیە
ئەمڕۆش وەکو جاری جاران شێتووێتە،
لەتاو ئازار دەقیژێنێ و ڕووبەڕووی کردگاری دەبێتەوە
"ئەی کردگار، ئەی گەورەی وەک خۆم، نفرین!"

بەڵام کەمتر گەمژەکان، بژاردەی سەرمەستی،
لەو مێگەلانە رادەکەن کە گیرۆدەی چارەنووسن،
لەناو دوکەڵی تلیاکدا بە دوای جەربەزەی رەهادا دەگەڕێن!
– ئەوەشیان بۆ ئەم هەواڵەیە کە لە سەرتاسەری دنیادایە"

٧

ئای مرۆڤ چ زانیارییەکی تاڵ لە گەشت فێری دەبێ!

دنیایێکی وا گچکە و بێتام ، نیشانمان دەدات
– هەمیشەش نیشانمان دەدات _ ئێمە چین:
مێرگێکی پڕترسین لەناو وێرانەخاکێکی بێزارییدا!

وێرانەی خۆت هەڵبژێرە – بمێنەوە گەر دەتوانی،
ئەگەر نا بڕۆ. کەسێک زەمتەیی پێباشە بۆ ئەوەی
زەمانە – ئەو دوژمنە بابەکوژەی مرۆڤ – دەسخەڕۆ بکا؛
تا لە یارییەکانی مەرگ و پرسە لێی نەباتەوە.

هەر بگەڕێ وەک مژدەدەر یا جوولەکەی گەڕۆک،
بەڵام هیچ گەشت و گەڕانێک تۆڕە بێبەزەییەکەیان
لە کۆڵ ناکاتەوە؛ کەچی زۆری واش هەن دەزانن
چۆن رۆژگار لەناوبەرن بەرلەوەی لە مەمک بیانبڕنەوە!

کەچی سەرەنجام ئێمە هی ئەوین. تاقە ئاواتێکیشمان هەس:
هاوار دەکەین (با بەرەو پێشەوە بڕۆین!)
وەک چۆن جاران بۆ چین هەڵاتین،
روو لە دەریا و پرچیشمان بای باوەشێن دەکرد،

دیسان سواری پشتی دەریای سێبەر دەبین
بە دڵێکی پڕخورپەی وەک تازە کەشتیوانان
ئەرێ ئەو دەنگە خۆشانە دەبیسیت؟ ئەوان مەرگ لەناو
هاوارەکانیاندایە: "لەگەڵمان وەرن، وەرن، ئادەی

سوێسنەی بۆندار بخۆن! ئائێرە ئەو شوێنەیە
قۆمەتە مێوەی جادوویی لێیە، هاورێی تامەزرۆ!
وەرە ئێرە لەناو خۆشی سەمەرەی ئەو
نیوەڕۆ بێ کۆتاییە خۆت سەرمەست کە!"

بەهەمان دەنگی باو گوێمان لە تارمایی (پیلادیس)ە!
ئەوەی فێر بووبووین ئەژنۆکانی ماچ بکەین؛
باڵەکانی لەناو دەریا واڵا کردووە دەڵێ:
"ئۆرێستیس ، هەر ئێستا برۆ لای ئێلیکترای خۆت ..."

٨

ئەی مەرگ، ئەی پیرە دەریاوان، وەختە وەخت، چەنگاڵ هەڵگرە و
با بڕۆین و بگەینە ئەولای بێزاری ڕۆژانەمان –
قەیدی چییە ئەگەر دەریا و ئاسمان وەک قیرن،
ئێمە تامەزرۆی ئاسمانین، خۆت دەزانیت دڵمان پڕ چەپکە هەتاوە!

دە ژەهری خۆتمان بۆ تێکە، با ڕۆحمان ئاسوودە بێت!
کاتێک کەللەمان گڕی گرت، دەتوانین خۆمان هەڵدەین و
لەوەش بێباکین گەر سەرەنجام دۆژە یا بەهەشت بێ
با لەودیو دونیای زانراو بە دوای نوێدا بگەڕێین!

.........................................................................

* ئەم شیعرەم لەم کتێبە وەرگێڕاوە:

Charles Baudelaire, Flowers of Evil (New York: New Directions Paperbook, 1958)

لە هۆنراوەی (The Voyage) لە ل (١٣٣–١٤٥) کە (ڕۆی کامپ بێڵ)ی شاعیر لە فرانسییەوە کردوویە بە ئینگلیزی.

* ئەم هۆنراوەیە بە یەکێ لە هۆنراوە هەرە مەزنەکانی بۆدلێر دادەنرێ. بۆدلێر ئەم ژیانە بە گەشتێک دادەنێ. لەم گەشتەدا هەر کەسێک کەشتیوانە و مەبەستی شتێکە و شتێک دەبینێ – هەن خەون بە ئاسمانەوە دەبینن، هەن بە دەسەڵات و هەن بەدوای ئافرەت ، هەن لەدەست خەم و مەینەتیی ئەم ژیانە گەشت دەکەن، بەڵام گەشتیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە دوای مانای بووندا دەگەڕێت و بە دوای دۆزینەوەی هۆی ئازار و تاڵی لەم ژیانەدا وێڵە. ئا ئەم گەشتیارە کەسێکی مەزنە و گەشتیارێکی پێغەمبەر ئاسایە، لەبەرئەوەی بودای مەزنیش گەشتیار بوو بە دوای ڕاستیی ژیان تا سەر ئەنجام گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە هۆی هەموو ئازارێکی مرۆڤایەتی لە ژیان ئارەزووە. ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی خۆی بنبڕ بکات، ئەوا ئازاری نامێنێ. هەرچەندە ئەمە ڕوانینێکی ئایدیالیستانەیە بەڵام لە وەختی خۆی ئەوە شتێکی بەنرخ بوو. گەشتیاری ئەو هۆنراوەیەش بە گشتی دوو جۆرن: جۆرێکیان تەنیا ڕووی دەرەوەی مەسەلەکان دەبینن و هەندێکیشیان ڕووی ناوەوەی مەسەلەکان. ئەوانەی ڕووی ناوەوە دەبینن گەشتیاری ڕاستەقینەن و تا سەرئەنجام لەم ژیانە ئاڵۆزە و بێ تامە چۆل و هۆلە بێزار دەبن و دەیانەوێ بڕۆنە ئەودیو مەسەلە ڕۆژانەکان و شتی نوێ بدۆزنەوە. هەرچەندە سەرئەنجامی ئەو هەوڵانەش پڕمەترسی و ئازار بێت، بە گشتی ئەمە ناوەڕۆکی ئەم هۆنراوەیەیە. خۆ ئەگەر بەوردی لەم هۆنراوەیە بکۆڵدرێتەوە دەیەها ئەوەندە لێکدانەوە هەڵدەگرێ کە من لێرەدا تەنیا ئەوەندەم نووسی تا کەمێ خوێنەر لە ئاڵۆزیی هۆنراوەکە سەر دەر بکات، دەنا ئەم هۆنراوەیە لەسەر ئاستی ئاینی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونیشەوە لێکدانەوە هەڵدەگرێت. (د. ئازاد)

چیرۆک

چنوور سەعیدی

# شەش کورتە چیرۆک

## ڕەنگ و پڕ لە دەنگ

– نە هەر ژوورەکان، منیش بڕوا بەم بێدەنگییە ناکاوە ناکەم، ئەم بێدەنگییە لەم ماڵەدا ناگونجێ دەزانی؟ هەست بەدەنگدانەوەی قاقای کچێکی قژ شەرابی دەکەم.



بۆ وەڵامی ئەو تەلەفوونە نادەیەوە؟ مەگەر نازانی دەستم گیراوە؟

تەلەفوونەکە هەر ئەزرینگێتەوە، تا پێڵاوەکانی دەردێنێ و زەرفە میوەکان لەسەر مێزەکە دادەنێ و بە هەناسەیەکی قووڵ گەرما و وەرەزی ئەم هاوینە پیسە لە جەستەیدا هەڵدەکێشێ، تەلەفوونەکەش قەت دەبێ

– دەنگدانەوەی ئەلۆ وتنەکانی من، دەرەقەتی دەنگدانەوەی پێکەنین و مەکر و ناز و (ئێ‌ێ‌ێی بەڕاستە؟!) وتنەکانی ئەو کچەی نایە!

دیسان دەستی پێ کردەوە! من ناڵێم ئەو کچە وا هەموو ئێوارەیەک کە ئەم دێتەماڵەوە و کاتی سەرکەوتن لە پلیکانەکاندا، ئەویش بە پەلە دێتە خوارێ و تاڵە قژێکی شەرابی دەنووسێتە لاجنگییەوە و کە دەگاتە لای ئەم، بە ترس و نەفرەت یان بە گاڵتە و پووچییەوە تەماشای دەکا و تێ دەپەڕێ، ئەو کچەیە وا چەند جار بە ڕێکەوت قژە شەرابییەکانی لە نێو حەمام و پێخەفەکەدا دۆزراوەتەوە، ئەمە قسەی خۆیەتی لەوانەیە واش نەبێ. ئەگەر ئەمەی پێ بڵێم بە تووڕەیییەوە دەڵێ:

– تۆ گەمژەی و هەر چیرۆک دەنووسی و قەت عادەت بە بۆنەکان ناکەی.

پیاوە ژمێرەرە دیجیتاڵییەکەی لە بەردەستدایە و هەر بەو وردبینییەی هەمیشەیەوە شتێک حیسێب دەکات.

– منیش دەستم گیراوە، مەگەر نابینی کارم زۆرە؟ براڕۆ کە برسیمە! چیمان هەیە؟

بە دەستێک توند توند بە سەر قۆپچەکان دەکوتێ و ڕەقەمەکان یاداشت دەکا و لە قامکەکانی ئەو دەستی تری «پارلەمان»دایە.

– بە دڵتە؟

– چی؟ جگەرەکە؟ خراپ نییە بەڵام «مارلبرۆ»ەکە باشتر بوو ئەم پارلەمانەیان تۆزێ ژنانەیە بۆیە ئەگەر سێ دانە بکێشم هەست دەکەم دانەیەکم کێشاوە.

– نا جگەرەکەت ناڵێم، مەبەستم قژمە.

دەست لە قوپچەکان هەڵدەگرێ و تەماشای ژنە دەکا، بۆ تاوێک نایناسێتەوە، ڕادەمێنێ، ژنە بە نازەوە سەری ڕادەوەشێنێ.

– ئەرێ تۆ بزانی هێشتا قژی ئاشوفتەی ئافرەتانی پێ جوانە؟

نازانم، من تەنیا دەینووسمەوە تۆ لەگەڵیدا ژیاوی!

– بۆ شەرابی؟ تۆ قەد قژی شەرابیت... وەرە پێشەوە با باشتر بتبینم.

– ناڕۆم، تۆ برۆ.

من بۆ؟ خۆ من ژنی نیم، لەوانەیە حەز بکا ماچێکت بکا.

– پێی بڵێ حەزم لەو دەستەی نییە وا جگەرەی پێ دەکێشێ. ئەم جۆرە دەست لەسەر مێزدانانەی تازەیە، بۆیە نایناسمەوە، وەکو ئەوەیە ئامادە بێ ئاڵقەی بکاتە دەوری کەمەری کچێکی

قەد باریک و قژ شەرابییەوە.

پیاوە ئێستا ئیتر دەزانێ ئەمە خانمە بە ڕەنگێکی تازەوە، بۆیە بە سەرخۆشی و زەردەخەنەوە سەیری دەکا.

– کە جوانی! لە کوێ ڕەنگت کرد؟ ئەها پێم دەگوتی شەرابیت لێ دێ، خۆتت لە ئاوێنەدا دیتووە؟

ئەڕوا لە ژووری نووستنەکە مانتۆکەی دەردێنێ و بە دەنگی بەرزەوە دەپرسێ:– بۆ؟ پێت وا بوو پیر و ناحەز بووم؟!

ئەم پیرییە قسەی خۆیەتی من نامەوێ باسی پیری بکەم.

میوەکان دەشواتەوە و لە ئاوێنەی چێشتخانەکەدا سەیری خۆی دەکا، ڕاستە زۆر گۆڕاوە! هەر لە ئاوێنەکەوە ئاگای لەو دەستە ناحەزەی پیاوەکەیە وا هێشتا جگەرە ژنانەکەی لێیە و ئامادەیە لە دوای دوایەمین مژ، فڕەی بدات و ئاڵقەیی بکاتە دەوری کەمەری ژنێکی قژ شەرابییەکی...

– ژنێکی قژ شەرابییەکی ورگ زل! کە هەر کار ئەکات و دڵی نایە بە تەکسی بڕوا بۆ دایرە و هەردەم هەڵواسراوەتە مێڵە ئاسنینەکانی نێو ئوتوبووس و شەمەندەفەرەوە.

دەستی ئەخاتە نێو قژەکانی، بێشک چاوەڕوانە خانم تەنانەت بزەیەک بکا.

– ئاهـ تکایە... هەموو گیانم ئارەقە، با خۆم بشۆم ئینجا...

– ئێێ! بە ڕاستە؟!

– کەوایە با شتێک دروست بکەم مەگەر تۆ برسیت...

قسەکەی لێ دەبڕێ.

– ڕاست دەکا، تامی ئەم جگەرەی زۆر ژنانەیە، ئەی بۆ تاقی دەکاتەوە؟

پێش ئەوە شتێ بڵێم دەڕۆنە ژووری نووستنەکەوە و دەرگاکە دادەخەن و من بە تەنیا دەمێنمەوە.

گەلاوێژی ٢٠٠٧

## خۆزگە پێکەنیبای

پارەیەکی سەوزی پێشان دەدا:– بەڵام ئەگەر بتوانی ئەم ژنە بخەیتە سەر پێکەنین!!

٥٩، ٥٨، ٥٧

هێشتا چرا سوورە، بەڵام دەرفەت کەمە، دەبێ پێش ئەوە چراکە بێتە سەوز کاری خۆی بکا

زۆر سەختە چۆن ژنە هەرتەماشای ناکا، گرێیەکانی برۆی، چاوە تەڕ و تووڕەکانی، ڕوومەتی سارد و بێهەستی پێی دەڵێ کە ئەم جارە وەکو جاران نییە.

داوێنەکەی هەڵئەکات و دەپەڕێتە سەر کاپۆتی ماشێنەکە ڕێک بەرامبەری ژنە، قەراغی داوێنەکەی دەگرێ و وەک ژنێکی فیزن سەما ئەکا، سەماش نە، لە ڕزاندنەوەی شان و مەمکە

درۆیینەکانی، ژنە تەماشای دەکا، بەڵام وەک ئەوەیە کە نایبینێ. ٣٣، ٣٢، ,٣١.. شوفێرەکانی تر سەریان لە شووشەکانەوە دەرهێناوە و هەندێ قاقا ئەکێشن، هەندێ قسەی هەڵیت و پەڵیت دەکەن، هەندێ بە دەسماڵی پیسی ماشینەکانیانەوە چۆپی دەکێشن یا فیکە یا هۆڕنە لێ ئەدەن، ٢٠، ١٩، ,١٨.. لە هەموو ژیانی ئەم چوار ڕێیە و چراکانیدا ڕەنگە یەکەم جارە کەس حەز ناکا چراکە بێتە سەوز. پیاوە دەست لە شووشەکە دەردێنێ و بە چوار پارەی ڕەق و تازە چۆپی دەکێشێ، تازەیی ئەو پارەیە دڵی دادەخورپێنێ، بەڵام ژنە هێشتا نایبینێ، ١٦، ١٥، ,١٤.. تەنانەت بزەیەکیش نەهاتووەتە سەر لێوی، دەرفەتی کەمە، سمت و کەمەری دەسوورێنێتەوە و ماچی بۆ فڕێ دەدا، هەموو بە تێکڕا پێ ئەکەنن و هوورا ئەکێشن. یەکێک هاوار دەکا: ئەی بۆ من؟!!

ئەوەندە خۆی دەلەرزێنێتەوە تا مەمکەکانی لەژێر کراسەکەیەوە دەخزێت و دادەکەوێ. هەر لەوێڕا دەتوانێ پارەکان بژمێرێ، ٦هەزاری ڕەق و تازە!! پیاوە هێندە بەو دەسماڵە گلۆڵەبووانەی سەر کاپۆتی ماشینەکە پێ ئەکەنێ تا ئاو لە چاوی دێ، ژنە ئیتر نە هەر پێناکەنێ بگرە چاو دەبەستێ و سەری دەنێتە سەر شووشەکەوە و فرمێسکەکانی بە پەلە ئەخزێنە سەر گۆناکانی و لە تارووپۆی لەچکەکەیدا نوقم ئەبن. ٣، ٢، ١. دادەپەڕێ و چراکە دەبێتە سەوز، خێرا خۆی دەخاتە سووچێکی چوارڕێیەکە و تەماشای هەڵاتنی ماشێنەکان دەکا.

تاران – ٢٠٠٨

## گلۆپە زمان فامەکەی پەریا

وەکو هەمیشە دەڵێ:

– جوانترین سێکسی دنیا ، سێکس لە پەنای ئەم گلۆپە سوورەیە.

لەچکەکەم لا دەبا و قژەکانم دەکاتەوە، هێشتا تەڕە، قژەکانم بۆنی جگەرەیان لێ دێ.

– پێم وتی پەریا چەند ئاشقی ئەم گلۆپە سوورە بوو؟

ئاوڕ دەداتەوە، گەر گلۆپەکە داگیرسێنێ پەریا نیوە رووتە و لەسەر بەردێکی قەراخ" ئەنزەلی" دا دانیشتووە و بە بزەوە سەیری بەچکە کیسەڵەکەی باوەشی دەکا. پەریا هەموو جەستەی تەڕە و من تینوومە. زمانم نووساوەتە گەرووم و دەنگم دەرنایە.

– هەرکاممان مەیلی سێکسمان هەبایە پێش لە نووستن ئەم گلۆپەمان دادەگیرساند و ڕێک لە دوای سێکسەکەدا دەکووژایەوە.

پێ ئەکەنێ، تاڵ و ترسناک وەکو بۆنی جگەرەکەی، بۆنی قژەکانم، من پێکەنینم بۆ نایە، تینوومە لێوەکانم وشک هەڵگەڕاون، دەزانم بە بزەیەک شەق ئەبەن.

– پەریا ئاشقی ئەم گلۆپە سوورە بوو.

ماچم دەکا، ئەمڕۆ رۆژێکی ترە، وەکوو جاران نییە، ئەنگووستی دەکێشێنێتە ژێری برۆمدا

ختوورەیەکی خۆش لە جەستەما سەما دەکا.

– پێی دەوت: (گڵۆپە زمان فامەکەی پەریا).

ژنێک، رەنگە پەریا لە دڵما جل دەشوا، هەڵی دەگلۆقێ، حەز ئەکەم برشێمەوە.

– دەیوت هەر شەوێ ئەم گڵۆپە داگیرسێنین خوا ئاواتەکانمان بە دی دێنێ.

بە دەستەکانی لوولیی قژەکانم خاو دەکاتەوە، خاو نابنەوە، ئەم یارییە سەرخۆشی دەکا خوایە چەند جوانە، چەند منداڵە، وەک ئەو کاتەی من کە دەستم بە بیانووی سەرماوە لە گیرفانی دەکەم و هەر بەو خێراییەی هەنگاوەکانی ئەو لە تەکیا دەڕۆم و ناترسم لەوەی کەس بمانبینێ.

پێش ئەوە ماچەکانی لە لێوەکانم بخزێتە خوارەوە دەپرسێ:

– راستی تۆش پێت خۆشە ئەم گڵۆپە داگیرسێنین؟

کە دەستی لەناو قژما دەردێنێ دڵم توند توند لێ ئەدا ...

– ئاخ لەعنەتی! کارەبا براوە، نە سووتاوە، دەبێ لە تاریکیدا بین. زۆر سەیرە تا سەعاتێکی پێش...

بە چپەوە دەڵێم: – ئەمرۆ فرە جیاوازە دەزانی؟

نە نازانێ هێشتا لە بیری پەریا و گڵۆپەکەیەتی. ناشزانێ چەندە پێم خۆشە هیچ گڵۆپە سوورێکی تر....

– زۆر سەیرە تا سەعاتێکی پێش....

ئیتر پەریا جل ناشوا.

رەشەمەی ٢٠٠٥

## هیوایەک

... یان کاتێ سەری کەشک و رۆن و ربەکەم بۆ هەڵناپچڕێ و دەبێ لەچکێک لە سەر بکەم و بچمە بەر دەرگا بوەستم، بەڵکو پیاوێک لەو بەرەوە تێپەڕێ و بەشەرمەوە داوای لێ بکەم...

یان ئەو کاتەش وا دەستم پڕە لە کتێب و توورەکەی پڕ لە شت و متی ماڵەکە و تا لە پیلکانەکاندا ئەیانبەمە سەر چەند جار دەبێ بوەستم و دانیشم و هەناسەم دەبڕێ، تەنیا لەو کاتانەیە کە هیوای هەبوونی پیاوێکم هەیە.

ئێستا چارەکێکە لە بەر دەرگاوە چاوەڕوانم و هیچ پیاوێک نابینم، دڵم لەلای برینجی ناو ئاوەکەیە، پیاوێکی زەبەلاح دێت، بەبزەیەکەوە رۆنەکەم لێ وەردەگرێ بەڵام هەرچێ زۆر دەکا ناتوانێ بیکاتەوە، پێی سەیرە و بزەکەی نەماوە، ئەو زۆر دەکات و من دڵەڕاوکەمە و ئەو هەر ناتوانێ. پیاوێکی تر دەمانبینێت و بەپێکەنینەوە دێتە لامان، پیاوی یەکەم رۆنەکەی ناداتێ چۆن دەزانێ کە دەتوانێ بیکاتەوە، پیاوی دووەمیش ناتوانێ، پێیان سەیرە و بزەیان لەسەر لێو نەماوە و

جنێو بەو کەسە دەدەن وا شتی وای دروست کردووە! بەپیاوی سێیەم و چوارەمیشی نادەن...

ئیتر بێهوودەیە گەر ببنە بیست پیاو و بیکەنەوە چۆن دەزانم برێنجەکەم تێک چووە.

٢٠٠٩/٢/٢٢ تاران

## بۆ "جولیێت بینووش"

ئیتر من "جولیێت بینووش"ی ئەو نیم، چۆن ئەو قەد تەسەوری نەدەکرد کە جولیێتەکەی قژی کاڵ بکات و بەم شێوەیە بێگۆناحیی چاوەکانی و گۆنا هەردەم سوورەکانی داشارێ و وەک ئەو ژنانەی سەر چوار رێیانی لێ بێ وا بە دە هەزاریش...

نە هاوار دەکات و نە سەرکوت، بەڵام مان دەکا، بێدەنگییەکی کوشندە کە دەڵێی هەر لەوماڵەدا نیم و گەر ببمیش لە تەک فەرش و گۆڵدان و توورەکەی فیلمەکانیدا جیاوازییەکم نییە.

کلیلی ماشێنەکە هەڵئەگرم و بە خێرا سەت و بیستەوە دەڕۆم و نازانم بەرەو کوێ؟

لە پشتی چرا سوورەکە، لە ئاوێنەدا بۆ تاوێک تەماشای خۆم دەکەم، راست دەکا فرە گۆڕاوم، بەڵام زۆر جوان... تەنانەت جیاوازتر لە هەمیشە.

بۆ یەکەم جار هەست ئەکەم ئەگەریش قژم کاڵ نەکردایە، بەم لێوە باریکەی سەرەوەم و ئەم لووتە قنج و قیتەم هیچم لە "بینووش" ناچێ!

ژنێکی گوڵفرۆش و قژ کاڵ لە پەنامدا دەوەستێ. دەبێ تا چراکە سەوز نەبووە لەو چەپکە گوڵانەی یەکیان هەڵبژێرم

- پێت خۆشە گوڵفرۆش بی یا ژنی پیاوێکی دەرهێنەر؟

ژنە راماوە و تەماشای گوڵەکانی دەکا، نێرگزێک جیا دەکەمەوە تا گوڵێکی تر هەڵبژێرم چراکە سەوز دەبێت و هاواری ماشێنەکانی پشتی سەرم بەرز دەبێتەوە.

کە دەچمەوە بۆ ماڵ لە بەر دەرگا، لەناو زبڵدانیەکە چاوێک و سووری گۆنای "بینووش" دەناسمەوە...لە بیرم نییە دەمویست کام گوڵی تر هەڵبژێرم؟

"جولیێت بینووش" یاریکەرێکی فرەنسی بەناوبانگە و لە فیلمەکانی هالیڤوودیشدا بەشداریی کردووە.

## بێدەنگییەکان

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و جانتای (سی- دی) یەکان دەکاتەوە.

- حەزت لە چ گۆرانیبێژێکە خانم؟

پێش ئەوە وەڵامێک ببیستێ، وەکو کەسێک کە لە پڕا شتێکی بیر هاتبێتەوە، قامکی لەسەر حەبێ دا دەنێ و دوو شووشەکانی چەپ و ڕاستی ماشێنەکە بە هێمنییەوە دەخزێنە خوارەوە، شەپۆلێکی فێنک دەخزێتە ناو ماشێنەکەوە و تێکەڵی بۆنە عەترێکی توندی پیاوانە و گوڵە مریەمی سەر داشبۆردەکە و جگەرە و لەم ناوە ناوەش عەترێکی ساردی ژنانە ئەبێ. دەیەوێ بڵێ ئەم گوڵە مریەمەم بۆ تۆ کڕیوە بەڵام تەلەفوونەکەی دەزرینگێتەوە، تەماشای ڕەقەمەکە دەکا و بە پەلە دەست دەنێتە سەر حەبێک و شووشەکان بە سەرەخۆ دێنەوە سەر، ئاماژە بە بێدەنگ بوون دەکا.

– ها بەڵێ؟! لە سەر کارم، لە کوێ بم باشە؟!!، چی؟ نە بابا مەگەر نازانی کارم زۆرە دەبێ سەردانێکی ئەو کۆمپانیایەش بکەم، نە جارێ نایەمەوە ئێوە نان بخۆن، نە فریا ناکەوم بە تەنیا بڕۆ.

شووشەکان دەخزێنەوە خوار، پێش ئەوە مۆسیقایەکی بۆ هەڵبژێرێ، شەپۆلێک لە بۆنی عەتر و دووکەڵ هرووژم بۆ دەرەوە دێنن.

پێت نەگوتم دەنگی کێت...

پەمەییی نینۆکەکانی کچێک دەناسێتەوە کە لەبەر ماشێنەکەیدا تێ دەپەڕێ، وەکو کەسێک کە هەڵبێ یان بە پەلە بێ بگات بەجێگایەک.

کە دوورتر دەکەوێتەوە جانتا و پێڵاو و لەچکە شینەکەشی ئەناسێتەوە، پێش ئەوەی بتوانێ کارێ بکا یان شتێ بڵێ، چراکە دەبێتە سەوز و پۆلیسەکە فیکە دەکێشێ و کچە لە کۆڵانێکدا ون دەبێ.

تاران – ڕەزبەری ٢٠٠٨

کە شەڕ دەست پێ بکا، ئیتر ناتوانم بەیانیان بە ماچێک لە خەوت هەستێنم و نانت بدەمێ، قژەکانم بە ... گوڵەزەردێکی منداڵانەوە ببەستم و قژەکانی تۆش.

کە شەڕدەست پێ بکا، ئیتر ناتوانم بە ئارامشەوە میوەکان بشۆرمەوە و ئیتر تۆ لەم وەسواسە. ژنانەیییەی من بێتاقەت نابی و تا سەت ناژمێری و ئینجا سێوێ قەپ لێ ناگری

ئێمە ئاوارە دەبین و ناتوانین ریزی سۆنەکانی سەرمێزەکەت لەگەڵ خۆمانا ببەین.

لەوانەیە هەر ماچکردنمان لە بیر بچێتەوە، لە بیرمان بچێتەوە پێش نان خواردن نزا بکەین و بە دزییەوە بەشە بچکۆلەیەکی گۆشت لە قاپی یەکترا دانێین، لەوانەیە ئیتر نە نانێ، نە قاپێ نە گۆشتێ، تەنانەت نە ماچێ...

تاران–٢٠٠٧

چیرۆک

گوڵبەن شەریف

# ئەو گۆشەیەی کەس نایبینێ

من نازانم بۆچی ئەم چیرۆکە بەم تەنز و پەیژە تەکنیک و کارزانییەوە رۆیشتووە، ئەوەندە دەزانم خەوێکی قورس دەیەوێ چاوەکانم دابخات، کاخەزە سپییەکان و پێنووسەکەم لە تەنیشت سەرینەکەمەوە چاویان تێ بڕیبووم. وەختێک بەیانی لە خەو هەستام، هەروەکو چۆن لە پەراوێزی کتێبەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بینیم بەخەتێکی تێکەڵ و پەرتەوازە تەواوی کاخەزە سپییەکان بەو پەراوێزانە پڕبوونەتەوە. بۆیە منیش بەئەمانەتەوە بێ ئەوەی جێگۆڕکێ بە وشە و پەرەگرافەکانی بکەم وەکو خۆی کۆپیم کردووە. چیرۆکەکە شپرزەیی و پەرتەوازەیی پێوە دیارە، دەکرێ بڵێم. خوێنەر ئارەزووی خۆیەتی جێگۆڕکێ بە پەرەگرافەکانی بکات یان نەیکات. ئەم چیرۆکە ئاوها لەدایک بوو:

پەراوێزی(١)، (بۆچوون):

جیهان زۆر بچووکە، لەگەڵ ئەو بچووکییەی خۆیشیدا تۆ نازانی بەچی و بەدەستی کێ، لە چ قوشبنێکدا ونبووی و بووی بەهەڵم. ئەمە بۆچوونی کەسووکاری ئەوان بوو.



پەراوێزی (٢)، (هەوڵ):

پزیشکەکە بەهەردوو دەستی کێلۆنی دەرگاکەی گرتبوو، توند سەروخواری پێ دەکرد، بەڵام بێهوودە دەستەکانی شل دەبوون، لە پشتی ئەوەوە ئەندازیارەکەی هاوڕێی دەیگوت: خۆت ماندوو مەکە، ئەم دەرگایە مەحاڵە بکرێتەوە. ئەو وەرزشوانەی کە هەموو تەمەنی خۆی لە یاریی بۆکسێن بەڕێ کردبوو گوتی: هاوڕێیان؛ دیارە ئێوە متمانەتان بەدەستەکانی من نییە، ئەوە چەندان ڕۆژە بەهەموو هێزی خۆم پاڵ بەو دەرگەیەوە دەنێم، بەڵام وا دەبینن ئەم دەرگە نەفرەتییە وەکو ئەوەی لەگەڵ دیوارەکەدا بووبێت بەیەکپارچە، لەشوێنی خۆی نابزوێ.

پەراوێزی (٣)، (خۆشاردنەوە):

ئەو هۆڵە بچووکەی کە ئەمانی تێکەوتبوون نێزیکەی شەش مەترێک درێژ و سێ مەترێک پانتایی و بەرزیش. . . ئا بەڕاستی بەرزییەکەی نەدەپێورا، ئەگەر روخساریان بەرەو ئاسمان بەرز کردایەتەوە وەکو ئەوە وابوو لە تونیلێکی دوور و درێژدابن، لەوپەڕی تونیلەکەوە ڕووناکیی ئاسمانی شینی ئەو هاوینەیان بەدی دەکرد، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا گەورەترین گرفتی ئەوان جگە لە تونوێتی و برسێتی تیشکی بەهێزی خۆری نیوەڕوان بوو، بە ستوونی لەوپەڕی تونیلەکەوە وەکو تیر بەسەریاندا دادەباری، ئیدی بۆ ماوەیەک یان تاکو تیشکی خۆر دەڕەوییەوە، ناو هۆڵەکە دەبوو بەگڵکۆیەک لە ئاگر و ئەو تونیلەی دەکرد بەدۆزەخ، ئەوەندەی هەبوو ماوەکەی کورت بوو، نێزیکەیی سێ خولەک ئەو تیشکە ئاگراوییانە دەباری، لەناو هۆڵەکە تەنیا یەک مێزی بچووکی نیومەتری تێدابوو، بەرزییەکەشی هەر نیومەترێک دەبوو، لەو کاتانەدا هەریەکەو یەک خولەک بەسنجکەوە لەژێر سێبەری ئەو مێزەدا خۆیان لە ڕووناکی خۆر دەشاردەوە. بەڵام شەوانیان ساناتربوو، چونکە مانگ بەردەوام هۆڵەکەی ڕووناک دەکردەوە.

پەراوێزی (٤)، (بێ ئومێدی):

ئێستا ڕۆژی چوارەمە، ئەندازیار گوتی: کاتێ ئەم بەیانییە بەئاگا هاتم بینیم تۆ خەریکی کردنەوەی دەرگەیەک بووی. وەرزشوانەکە گوتی: من خەریکی کردنەوەی دەرگەیەک بووم؟! پزیشکەکەش گوتی: ڕاست دەکات منیش بینیم. وەرزشوان گوتی: بۆچی وا دەزانن لەم جەهەننەمە دەرگەیەک هەیە بۆ کرانەوە و دەربازبوون. بەرقەوە روخساری بەرەو ئاسمانی شین بەرز کردەوە و تفی لەوسەری تونیلەکە کرد، تفەکەی مەودایەکی کورتی بڕی و گەڕایەوە و بەر ڕوخساری خۆی کەوتەوە. هەردووکیان پێکەوە تەماشایان کرد و ڕاستەوخۆ دەستیان بەپشکنینی دیوارەکان کرد، تا ئەو دەرگە داپۆشراوەیان

دۆزییەوە.

پەراوێزی (٥)، (دەنگ):

لە ماوەی ئەو چەند رۆژەی خەریکی کردنەوەی دەرگەی هۆڵەکە بوون، بەردەوام دەنگێک لەودیوی دەرگەکەوە دەهات. ئەمان کە بێئومێد بوون لەوەی دەرگەکەیان بۆ بکرێتەوە، بەپێلەقە و بۆکسی بەهێزی وەرزشوانەکە کەوتنە گیان دەرگەکە و کوتییان، بەڵام دەرگە جێگیر و بێ گرینگی پێدان لە جێگەی خۆی نەدەترازا. ناچار کەوتنە هاوار و فیغان بۆ ئەو دەنگەی لەودیوی دەرگەکەوە دێ، تا فریایان بکەوێت.

پەڕاوێزی (٦)، (سێ گۆشەی لایەکسان):

دەرگەکە لەگەڵ دیواری هۆڵەکەدا، شێ کردبوونی بەیەک پارچەی تۆکمە و لێک جیانەکراو، پزیشکەکە گوێی نا بەدەرگەکەوە و گوتی: بێدەنگبن. دەیویست لەو دەنگە تێ بکات، دەنگەکە زیاتر بەنووزەیەک دەچوو وەک لەوەی دەنگێکی ئاسایی بێت، ئەوانی تریش هەریەکەو لەلایەکەوە گوێیان نا بەدەرگەکەوە، ئەندازیار گوتی: ئەوە دەنگی پیاوێکی بەساڵاچووە و هێزی خۆی لەسەر دارعاساکەی کۆ دەکاتەوە. وەرزشوان بەرپەرچی دایەوە و گوتی: نا ئەو دەنگە. . دەنگی منداڵێکی ساوایە و یاری دەکات. پزیشکەکە جیا لە هەردووکیان گوتی: نەخێر ئەوە دەنگی ژنێکی دووگیانە و هێز بەخۆی دەدا تا منداڵەکەی ببێت. هەرسێکیان لە دەرگەکە دوورکەوتنەوە، ماندووانە لە ناوەندی تونیلەکە دانیشتن و سێگۆشەیەکی لایەکسانیان بەپشتیان دروست کرد و روخساریان بڕییە ئاسمان، وەختێک هەورە بەفر ئاساکان بەسەریاندا تێ دەپەڕین وایان دەزانی لە کەشتییەکدان و لە دەریایەکی بێسنووردا گوزەر دەکەن. هەندێ جار کردنەوەی دەرگەکەیان بەمەترسییەکی گەورە دەزانی، بۆیە ئەندازیارەکە دەیگوت: خوا دەزانێ دەرگەی چ کارەساتێک لە خۆمان دەکەینەوە. هەریەکەو تەماشای گۆشەیەکی بن دیواری هۆڵەکەیان دەکرد. . .

ئەندازیار:

لە ماوەی تەمەنی خۆیدا دەیان نەخشەی بیناسازی زەبەلاحی کێشابوو، بەڵام ئێستا ئەو هەموو نەخشە عەقڵانییەی ڕادەستی تەمومژ و یادەوەرییە لەبیرچووەکانی کردووە، وا هەست دەکات دنیا زۆر بچووک و تووڕەهاتە. بیری لە وەرزشوانەکە دەکردەوە و لە دڵی خۆیەوە دەیگوت: ئەی بۆ ناتوانێ ئەو دەرگە پیسە بکاتەوە؟.

پزیشک:

بەداڕووخانی هەموو ئەو کاسایەتییەی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە هەر جۆرێکی ڕەوا و ناڕەوابێت پەیدای کردبوو، لە

بیـری خــۆیدا دەیگوت: وەختــێک پزیشکێک دەکــەوێتــە ناو دنیــایەکی بچــووک و تەنگەوە و لە ئامـێرەکـانی دادەمـاڵدرێ، ئیدی هـیچ شـتـێکی لەگـەڵ ئەوانی تر جـیـاواز نییـە. ئەویش بیـری لە وەرزشوانەکە دەکردەوە داخوا ئەو بۆ ناتوانێ ئەو دەرگە گیرخواردووە بکاتەوە؟.

وەرزشوان:

پێش ئەوەی ڕوو بکاتە یاری بۆکسێن، لە ڕێگەی کارە قورس و هێزویستەکـەیەوە ئەو لەشـەی پێکەوە نابوو، کەچی ئێستا لەم دنیا بچووکەدا تەنانەت دەرگەیەکی ژەنگنی بۆ ناکرێتەوە. هەستی دەکرد، ڕاهێنـەرەکان بەخـەرجکردنـی هەمـوو ڕژێنەری دەمـارەکـانی دەمـاغی بۆ دروسـتکردنی ئەو لاشە تۆکمە و بەهێزەی ستەمێکی گەورەیان لێ کردووە.

پەڕاوێزی (٧)، (پێشبڕکێی بینینی ئەودیوی دەرگەکە):

لەگـەڵ ئەم بیرکـردنەوانەدا هـەرسـێکیـان تف لـە گـەروویاندا وشک بـوو. بزیشکەکـە بێـتـوانایانە هەناسـەیەکی قـووڵی هـەڵکێشـا، بەکزییـەکەوە گوتی: مـەحـاڵە بـزانین کێ لەودیوی دەرگاکـەوەیە، وەرزشوان و ئەندازیـارەکەش لەسەر ئەو ڕایە کۆک بوون. بەڵام پزیشکەکە گوتی: ئەی چار چییە؟، چۆن بزانین کێ لەودیوی دەرگەکەوەیە؟. پاش ئەم قسـەیە بێ یەک و دوو ئەندزیارەکە بەپەلە هەسـتا و چاوی نـا بەشــوێن کلیلی کـێلۆنەکـەوە. باوکـە پیـرەکـەی بینی هـەمــوو هێـزی خــۆی لەســەر دارعەساکەی کۆ کردووەتەوە و لەگەڵ ڕۆیشتندا نوزەی بێتاقەتی لێ دێ. هاواری کرد: باوکە گیان بۆ خـاتری خـوا، ئەوە چەند ڕۆژە لێرە گیـرمـان خـواردووە، تکایە ئـەو دەرگەیەمـان لێ بکەوە. لەگەڵ هـاوارەکـانی ئەودا دووەکـەی تریش بەپەلە هەسـتـان و هـاتنە لای دەرگـەکـەوە، بەڵام باوکـە پیرەکـەی لەوە بێتاقەتتربوو تا بتوانێ دەرگەکەیان بۆ بکاتەوە. پزیشکەکە شانێکی دۆستانەی لە ئەندزیارەکە دا و خـۆی چووە شـوێنەکـەی، بینی ژنـە دووگیـانەکـەی پشـتی لە دەرگـەکـەیە و هێـزی بەخـۆی داوە، نوزەو هـاواری منداڵبـوونی لێ دێ، پزیشکەکـە هـەرچەندە دەیزانی زۆر نەشـیـاوە لەم کاتەدا داوای یارمـەتی لە کـەسـێکی وەهـا بکات، بـەڵام ناچار بەهاوارەوە داوای یارمـەتـیـیـەکی بێـهـودەی دەکـرد. ژنەکـەی لەگـەڵ هـەر ژانێکدا سـەری دەهێنایە پشتـەوە، وەکو کەسـێک ڕوحی لە دەرچووندابێ، ســپــیــاییی چاوەکــانی دەکــەوتنە ڕووبـەڕووی شــوێن کلیلی کـێلۆنەکـەوە. وەرزشـوان پاڵێکی بەهێـزی پێوەنـا و خـۆی چووە جێگەکەی، ئەوەندەی نەمـابوو پزیشکەکە دەمـاودەم بکەوێتـە ئەو گـۆشــەیەی کــەس نایبـینـێ، بەڵام لە دواســاتدا خــۆی بەتوندی گرتەوە. من وا دەبینم، لەوانـەیە هەندێ جار ڕێککەوتێک ڕزگـارت بکات، ئەگـەر لـە ئامــێــزی نەگـری ئەوە مــەحــاڵـە جــارێکی تر ڕێککەوتێکی لەو جـۆرە بـۆت پێ بکەنێ. بەهـەرحـاڵ وەرزشــوان منداڵە ساواکەی خۆی بینی خەریکی یاریکردنە، بانگی کرد دەی

کوڕەکـەم وەرە دەرگـەکـە بۆ بابە بکـەوە. منداڵەکەش نـووزە نووز دەگریا و جـارجـارەیش خـەندەی دەکرد، وەرزشــوان لەگـەڵ نووزەی ئەو دەپاڕایەوە و بەخـەندەکـانـیشی خـەنده دەیگرت و پێکـەنینی بەئەقڵی خۆی دەهات.

وەرزشوان و ئەندازیار بێهیوابوون لەو فریادڕەسەی ئەودیوی دەرگەکە بتوانێ شتێکیان بۆ بکا، ئەوەی ترووسکاییەک هیوای هەبوو پزیشکەکە بوو، بەو ئومێدەوە دەژیا ژنەکەی منداڵەکەی ببێت و دەرگەکەیان بۆ بکاتەوە.

پەڕاوێزی (٨)، (بێ ئومێدبوون چاوەکانت تاریک دەکات):

ئیدی شەکەتی و مـاندوویی ئەو چەند ڕۆژە بڕستی لێ بڕی بوون و وردەوردە پێش چاویان تاریک دەبوو، ئەنـدازیار وەکـو کـەسـێکی خـومـار لەبەر خـۆیەوە دەیگوت: ئەوان. . تەنانـەت گـوێیـان لە دەنگیشمان نییە. وەرزشوانیش بەنووزەیەکەوە گوتی: مەگەر یەکێک لەسەر هۆڵەکەوە ئێمە ببینێ و هاوار لەوان بکات تا دەرگەکەمان بۆ بکەنەوە.

بەم قـسانەوە وردەورده خـەوێکی قـووڵ دایگرتن و هەردووکـیان لەبێ ئومێـدیدا بۆ هەتاهەتایە هەناسەی هیوایان نەدایەوە.

پەڕاوێزی (٩)، (هیوایەکی لاواز):

پزیشکەکە ئەو ئۆمێدەی هەیبوو پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆی بگەیەنێتەوە دەرگەکە، چاوی پێـوە بوو منداڵەکـەی لەدایک بوو، بەڵام ژنـەکـەی لەو کـاتەدا کـەوتـە سـەر پشت و بە چاوە ڕەشـەکـانی تـا ئەو کـاتەی پزیشکەکـەش بەپـشـتـا کـەوتەوە ناو هـۆڵەکـە هەر ڕووبەڕووی کـیلۆنی دەرگـەکە زەق و بێگیـان تەمـاشـای دەکـرد. پزیشکەکـە ڕەشـاییی چاوەکـانـی سپی بوون و لەگـەڵ تیشکی خۆری نیوەڕۆ تێکەڵ بەیەک بـوون، سەدای تەقینەوەی سێ فیشـەک لەناو مێشکیدا دەنگی دایەوە. ســەری کـەوتە ئەو لایەی کـە هیـچـیـان تەمــاشـای گـۆشـەکـەیان نەکـرد، ئەو گـۆشـەیەی لەوسـەری سـەرەوە سێ کـەسی سـێـبـەر ئاســا بەپەیژە ئاسنینەکـانیـدا بۆ قـووڵاییی بیرەکە هاتنە خوارەوە.

پەڕاوێزی (١٠)، (سێ کەسی سێبەر ئاسا):

هـەرسـێکـیان دەمـامکە پزیشکییەکـەی سـەر دەم و لووتیـان تونـد کـردەوە، چونکە بـۆنی بۆگـەنبـوونی لاشــەکـان تەواوی کــەشی نـاو بیــرەکــەی پڕ کــردبوو، یەکــێک لەوان وەخــتێ لاشـەکـانی بینی مـێشکیـان پرژاوە دڵی تێکەهەڵچـوو، بەپەلە دەمامکەکەی لادا و بەتوندی ڕشایەوە.

چیرۆکی وەرگێڕاو

جەلیل قەیسی

# کاتێ بۆ ئارانچا گەڕاینەوە

و: ئازاد گەرمیانی

پێشکێشە بە "حەسەب شێخ جەعفەر"

ڕێگەمان وێڵ کرد، چی بکەین شەیتان بەملا و بەولاماندا
دەبات بەرەو گشت ئاراستەکان کێشمان دەکات.
" پوشکین "

نازانم کات سپێدە بوو؟ یا نیوەڕۆ؟ یاخۆ ئێوارە؟ چونکە لەناو ئەو پاسەدابووین کە لە دارمەیت دەچوو. لە شێوەکاتێکی کاریکاتێرییانەی گاڵتەجاڕدا دەژیاین، یاخۆ لە کاتێکی سەیردا بووین کە ئەوانگەل بۆیان دروست کردبووین. مرۆڤ وەکو پێویستییەک هاوکاتانە دەژی، بۆیە وەکو ڕاستییەکی نکوولێن کراو لە نێو کاتدا دەژیاین، بەڵام لە چ کاتێکدا.... کاتێک ویستمان بیناسینەوە ئەمڕۆ ڕۆژێکی هەور و هەڵاو تەماوی بوو هەر وەکو زۆربەی ڕۆژان هەروەها هەندێک جار باراناوی و هەموو شتێک ڕەنگی خۆڵەمێشی لێ نیشتبوو. هەر وەکو ژمارەیەک لەوانەی ناچاری گەشتکردن کرابوون لەناوەند ئەو دارمەیتە درێژە چوار گۆشەیەدا دانیشتبووم کە هەڵبەز و دابەزی دەکرد و وەکو کەشتییەک لەژێر پاڵەپەستۆی شەپۆلەکاندا لارە لاریان بوو پێچکەکانی دەیانناڵاند و دەدوان و دەیانچریکاند بەڵکو بۆ سەرسامکردنمان دەنگێکی وەکو ئاژەڵی ماڵی لێوە دەردەهات. کەسمان نەماندەزانی ئەم ترومبێلە درێژە شێوە ترسناکە بەرەو کوێ دەمانبات. بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی درێژ بەبێدەنگی دانیشتبووین، هەر جارەی کەسێکمان بەدەنگێکی کز یاخۆ بە چرپەش بدوایە، دەنگەکەی بە ئاشکرایەکی سەیرەوە بە ناو دارمەیتەکە دەبیسترا و بڵاو



دەبووەوە. دوو پیرەمێرد هەر لە سەرەتای پەستانمانەوە بۆ ناوەند دارەمەیتەکە بەتەنیشتی یەکترییەوە لەگەڵ دوو لاوی زۆر ناسک دانیشتبوون کە بە تەنیا ئەوان بە درێژاییی ئەو گەشتە چارەنووس نادیارە یاخۆ لە کاتی وەستانی ترۆمبێلەکە لێرە و لەوێدا قسەیان دەکرد، ژنێکی لاویش بۆ جارێک قسەی کرد و تەنیا چەند وشەیەکی وت. لاوێکی قەشەنگی بێدەنگ کە خەریکی کێشانی نیگاری کەوێک بوو لە چەند بارێکی جیاوازدا، تەنیا ئێمە بووین ورتەمان لێوە نەدەهات. پیرەمێردی یەکەم بەدەنگێکی خاوەوە وتی:

– هاوڕێکەم دەزانم گوێت گرانە... من تەنیا باس لە پیرێتی ناکەم باس لە پیرێتی راستەقینە دەکەم.

دووەم بە دەنگێکی کەرخەوە وەڵامی دایەوە: پیرێتی راستەقینەش هەیە؟

یەکەم وتی: بێگومان.. بێگومان... بۆ نموونە من ئێستا برێتیم لە برێک ئێسک و دووچاری (پیربوونی جومگەکان _ عرق النساء)، بووم لوولەی برِبرِەی پشتم پەکی کەوتووە بەتەواوی تەندروستیی جەستەم تێک چووە، خوایە شایانی ئەم پەستانەم لەناو ئەم تابوتەدا بناڵێم ئەمە تاقیکردنەوەیەکی ترسناکە.

دووەم ئاهێکی گەرمی دەردا و وتی: ئازیزم بێگومان نەخێر ئۆی دەبێ کەی لە داوی ئەم جاڵجاڵۆکەیە دەرچین،

روخساریان چۆن مایەی ئەوپەڕی بەسەزمانی بوو کاتێ دەیاننالاند لەگەڵ هەر وشەیەکدا ئازاریان دەکێشت.

لە رۆژانی یەکەمدا نیگای ئازاراوییان خەمێکی قووڵ و لینجاوی و ئێشێکی مزری بەسۆیان لێ دەتکا بەناسکی دەڕژانە ناو دڵمەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی رۆژگار لەگەڵیان راهاتم.

یەکەم وتی: ئازیزم لە چارەنووسی وەهادا پێویستە یەکێک لەو دوو رێگەیە بگرینە بەر یان قایلبوون و ملکەچبوون بەچارەنووسمان یاخۆ تووڕەبوون و یاخیبوون... یا هەڵاتن.

دووەم وەڵامی دایەوە: هەڵاتن.. تۆ داوای ئەستەم لە تۆپەڵێک ئێسک دەکەیت... نەخێر... نا

تووڕە نابم و یاخی نابم و هەڵنایەم، لەسەر بیرەوەرییەکانم دەمێنمەوە و دەژیم.

ئازیزم بەڵام من ئەقڵم لەدەست داوە... من ئێستا هیچ نیم... وا دەزانم لە وێستگەی دادێ دەمرم.

شۆفێری پاسەکەمان لاوێکی تەمەن سی ساڵان بوو، روخسارێکی مۆنی هەبوو، نیگایەکی ناحەزانەی هەبوو،

هەر لەو کاتەوە بەڕێ کەوتین ورتەی لە دەمەوە دەرنەهات، بەچاوانی ئەمری بەسەرماندا دەسەپاند، ئێمەش لە زمانی چاوەکانی دەگەیشتین. ترووسکەیەکی تیژ و ترسناک لە ئاسمانی چاوەکانی دەدرەوشانەوە مایەی تۆقاندنی ناخەکان بوون کاتێکیش بەرانبەر یاخیبوونی هەریەکێکمان ئەگەر بەنیاز پاکیش بووایە تووڕە دەبوو trووسکایی لە چاوە فێلاوییەکانیدا دەگەشانەوە، ژنێکی خامۆش لە بەرانبەرم دانیشتبوو.. دیمەنێکی بەڕێزی هەبوو، بەدرێژاییی کات وەکو پەیکەرێک دادەنیشت.. بەبێدەنگی دەیخوارد کاتێک ماشێنەکە دەوەستا بەتەنیا و هێمنانە پیاسەی دەکرد.

وەکو هەر ژنێکی دووچاربووی کارەساتێکی جەرگبڕبوو بە کشوماتییەکی سەیرەوە چەشەی لە ئازارەکانی وەردەگرت..

دارەمەیتەکە وەستا... پەنجەرە بچووکەکانی هەردوو لای دارەمەیتەکە بە ئامێرانەیەکی سەیرەوە کرانەوە..

هەورەکان رامالران، خۆرێکی گەرموگوڕ لە شێوەی تاقگە تیشکەکانی دەباراند، تابلۆی پەلکەزێڕینەیەک لە ئاسۆدا تەقییەوە، پاشان وەکو بازێکی ئەفسوناوی خێوێکی کریستاڵیم بینی لە ئاسماندا شەپۆلی دەدا.. دیمەنەکە بۆ چەند خولەکێک وروژاندمی... پاشان دوای ماوەیەک هەموو شتێک بۆ رەنگە خۆڵەمێشییەکەی گەڕایەوە، لەوانەیە تەنیا بەگوێرەی من وابووبێت. هەردوو لاوە ناسکەکە هەر لە سەرەتای گەشتەکەوە گەمەبازییەکەیان لەدەست نەدا.

هەر کە ماشێنەکە دەوەستا دیالۆگێکی خۆشیان دەست پێ دەکرد. یەکەم لەگەڵ ئاماژەکردنی بۆ



شـوێنێکی دوور وتی: تەماشـاکە چەند ئـەسپێکی جوانە، بەدوای جوڵەی دەسـتیدا نیگام ڕۆیشت جگە لـە دیمەنێکی خـۆڵـەمێـشی هیـچم بەدی نەکـرد.. هـاوڕێکەی بەدەنگێکی منداڵانەی نـاسکەوە وەڵامی دایەوە.. چەند دیمەنێکی تەلیسماوییە... تەنانەت ناوە جوانەکەیشی... ئـ .. ە... سـ ... پ . دەزانی مێژووی ئەم ئاژەڵە بۆ پەنجا ملیۆن ساڵێک دەگەڕێتەوە؟

– چی ... بۆ پەنجا ملیۆن ساڵ؟

– بەڵێ بۆ سەردەمی ئەیۆسین.

بەڵام ئەوەی لەبارەی مێژوو دەیزانم بۆ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

– ڕاستـەکەیت.. چوار هـەزار سـاڵ پاش تێپـەڕبوونی بەچەند شـێوە و قۆناخێک تا ئێستـا ئەم شێوەیەی وەرگرتووە.

– وای نابینی ئەم ئەسپە نەخۆش بێت..؟

بەڵێ وایە نەخـۆشـە... هـەر وەک قرژاڵ دەڕوات بـەڕێوە شۆفێرەکە بە نیگا خێراکانی ڕێگەی پێ داین لە دارەمەیتـەکە دابەزین و تا سنوورێکی دەستنیشانکراو پیاسە بکەین... ژنەکە یەکەم کەس دابەزی... هەروەکو جارانی خۆی کە لە دارەمەیتەکە دادەبەزی نیگایەکی درێژی لە ئاسمان بڕی.

نیگاکانی ئـەم قسانەیان دەپرژاند: ئاخ گـەر دەمزانی ئەم ترومبێلە بۆ کوێمـان دەبات، بەرەو کام دار و دەوەنی چڕ... کـام دارسـتـان.. کـام شـار پەلکێشـمـان دەکـات.. پیـرەمـێـردەکـەی یەکـەم بەشـەپۆلێک ئاخ و ئۆقـەوە دابەزی... دووەمـیـان بەهـەمـان ئـاوازەوە بەدوایدا هـات، پاشـان هـەردوو لاوەکە بەبزەی سـازگـارەوە دابەزین، بەهـەمـاهـەنگی تـەماشـای ئـەسـپـەکـەیان دەکـرد. پاش کـەمێک کوڕە قـەشـەنگەکە دابەزی کە چەند کاغەزێک نیگاری باڵندەی لەسـەربوو بەدەسـتـەکانی بەهـەوادا هـەڵی دا و وەکـاخـەزەکان وەکـو پەپوولـەی سـپی مـەلەیان دەکـرد لاوەکـەی یەکـەم بـەهـاوڕێکەی وت: تەماشاکە پیاوە دەشتەکییەکە لە ئەسپەکە دەدات... نازانێت چۆن ڕای بهێنێ..

– وا بزانم لە تاو ئازارەکانی دەحیلێنێ.

لەشـارۆکەیەکی قـاقڕوچۆڵ لە گۆڕسـتـان وێچووودا وەسـتـاین بێهـوودانە ویسـتمـان ناوی شارەکە

بزانین... بەچەند شەقامێکدا تێ پەڕیم.... لە خۆمم پرسی: دەبێ بواری هەڵاتنم بۆ بلوێت؟ بەڵام بۆ کوێ بڕۆم؟

بەهۆی بینای لاوازمەوە توانای دوور بینینم نەبوو... ماوەیەکە بەهۆی کاریگەریی ئەو ترسە زۆرەی تووشم بووە هەستی بوونی جەستەییم لەدەست داوە، دیسانەوە هەستکردنم بە دەوروبەر ون کردووە، هەروەها بەهۆیەوە دووچاری بینینی تەماوییانە بوومە. ماوەیەکی کورتیشە توانای ڕێکردنم پەیدا کردووەتەوە هەستی خۆڕاگری و ئاسوودەیی ناخم کۆ کردووەتەوە... پیرەمێردەکە هاواری کرد ئەم دارەمەیتە بۆچی تەنیا لەم شارە چۆڵەوانییانە دەوەستێت.

لە دوورەوە ژنەکەم بینی وەکو پەیکەرێکی خەیاڵپلاو دانیشتبوو نیگاکانی لە ئاسۆی دوور بڕیبوو.. لەگەڵ رامانمدا لە خۆمم پرسی: ئاخۆ هەندێ کات چارەنووس ژیانی خەڵکی جارێک بە شێوازێکی کۆمیدییانە و جارێکی تر بەشێوازێکی تراژیدی فریو نادات؟ بۆچی ئەو ژنە لەناو ئەو دارەمەیتەدا دانیشتووە؟

ئاخۆ خاوەنی مێرد و منداڵە؟ چ چارەنووسێک لە چاوەڕوانیدایە؟... ئاخۆ لەم گەشتەیدا پێچەوانەی خەونەکانی دەڕوات؟... دەبێت ئەو نهێنییانە لە ژیانیدا چی بن تا کۆتاییی ژیانی کەس نایانزانێت؟ ئاخۆ دەبێ بزانێت خەونەکانی و پرۆژەکانی رۆژێکیان کۆسپیان دەکەوێتە سەر ڕێ؟ یان دەبێت باوەڕی هەبێ کەوا سەرکەوتن چەند مەترێک لێوەی دوورە؟ ئاخۆ کەسێک ئاگەداری کردووەتەوە نرخی نوستیهێنان گرانە؟ کێ دەزانێت کەسانێک هەن کاتێک باوەڕ دەهێنن دەحەوێنەوە هەتاکو ئەگەر هەموو شتێکیش بدۆڕێنن ئاوەها نیگاکانی دەهاتنە دوان؟ یەکێک لە لاوان لەناکاو وەکو خێوێک بەپێکەنینێکی منداڵانەی بەختیارەوە هات و وتی: ئاسمان وەک گەوهەرێکی راستەقینەی دوای هەڵهاتنی ڕۆژ وایە... تەماشای پەلکەزێرینە بکە دووەم وەڵامی دایەوە: قەشەنگە. جوانە جوان

باران وای لە هەموو شتێک کرد بەچەند ڕەنگێک پێ بکەنێت .

منیش بێهوودانە ویستم پەلکە زێرینە ببینم... هەروەکو چۆن ویستم بێهوودانە ئەو ئەسپەی کە



باس لە خۆی و مێژووەکەیان دەکرد ببینم...

یەکەم وتی: پێویستە لە ماشێنەکە دوور نەکەوینەوە.

دووەم: ئەی بیر لە هەڵاتن ناکەیتەوە؟

یەکەم: ئەستەمە...

دووەم: بۆچی؟

یەکەم: هەردوو چاوە تۆقێنەرەکان لە گشت لاوە چاودێریمان دەکەن، پاشان ئەوەی زۆر گرینگیشە تۆ بۆ کوێ هەڵدێیت ئاخۆ دەزانیت تۆ لە چ شوێنێکی ئەم جیهانەدایت؟

دووەم: نەخێر...

یەکەم: کەواتە بێدەنگ بە...

چەند سەت مەترێک بە ئاڕاستەی رۆهەڵاتی شارەکە چووم... دوو چاوە گۆگردییەکە لە شێوەی چەند لەرینەوەیەک ئاماژەیەکی رووناکی وەکو ئاگەدارکردنەوەیەک بۆ گەڕانەوەم نارد... وەستام و بەچەند هەنگاوێکی هێور و پچڕ پچڕ گەڕامەوە و خۆم لەناو کۆڵانێکی فراوانی دەیان دەرگە داخراودا بینییەوە... خۆر لە ئاوابووندا بوو، چاوم بەچەند لاوێک کەوت کە جلوبەرگی رەنگاوڕەنگی وەکو لێبووکەکانی سێرکیان لەبەر دابوو کە لێهاتوویییانە سەرقاڵی نواندنی نمایشێکی شانۆییی قورس بوون بەشێوازی (پانتۆمایم ـ بێدەنگ) یەکێکیان نمایشێکی ورووژێنەری نواند کە باسی لە ژیانی مرۆڤێک دەکرد بەهۆی چەند بیرۆکەیەکی هستیرییانەوە کە لە مێشکیدا وەنەوزیان دەدا و گێژیان کردبوو داوای بەهانا وەهاتنی دەکرد، بەڵام جگە لە پەردەیەکی تەماوی بەرانبەر چاوەکانی هیچ نابینێ تاوەکو خۆی چمکی پەردەکە بگرێت هەروەکو خنکاوێک هاواری تاساو بەرز دەکاتەوە... ژنەکە هات و لە دووری چەند مەترێک لە منەوە وەستا، پاشان لاوە قۆزەکە هات و یەکێک لە لاوەکانی بەهۆی جلوبەرگە رەنگاوڕەنگەکانی بەباڵندەی کەوی چواند بەئاخ و ئۆخەوە تەماشای دەکرد خۆر ئاوابوو... تیشکێکی بنەوشەیی کەوتە سەر لێبووکەکان.. لەتە تیشکێک کەوتە سەر ژنەکە لەژێر تیشکەکەدا زۆر جوانتر دەبینرا... یەکێک لە

لێبووکەکان لە ژنەکە نێزیک بووەوە بەڕێزەوە کڕنوشی بۆ برد و، چەند جوولەیەکی لە ڕێی ماسوولکەکانی روخساری بۆ دەربڕی پاشان بە دوانێکی جوانەوە پێی وت: خانمەکەم تۆ هێشتا جوانیت... ناسک و خۆش مەشرەب و گەرموگوڕ و پڕ بووی لە خۆشەویستی و خەونە جوانەکان و حیکایەتخوانێکی قەشەنگی نوکتە ورووژێنەرەکان بوویت پاشان کتوپڕ لەژێر رەوشێکی سەختدا خەمۆکی و خەم دایگرتی و بوویتە ئاشقی بێدەنگی... خانمەکەم قەیناکە هەرچۆنێک مەترسیدار بێت بەرەنگاری چارەنووس ببەرەوە چۆن هەروەکو هەموو هاوڕێکانت لەناوەند ئەم دارمەیتەدا ناوبانگی پووچت بەسەربەرزی رەت کردەوە.. ئێوە هەمووتان ناچنە مەملەکەتی گوناهەوە.

لە قسەکردن وەستا و بەلاساییکردنەوەیەکی چارلی چاپلنانە گەڕایە دواوە لێرەدا ژنەکە بەدەنگێکی تاساوەوە کە پڕبوو لە مەزنایەتی بلیمەتانە دوا و وتی: سوپاس.

پیرەمێردی یەکەم کە هەروەکو خێوێک دەرکەوت هاتە پێش و وتی:

هاوڕێکەم وەرە باسم بۆ بکە بزانم لەسەر ئەم تەختەی شانۆیە باس لە چی دەکەن..؟ لاوە لێبووکەکە زیاتر پاشەکشەی کرد و، بەهێوری لەگەڵ ئەو داوی لێبووکەکان لە چاو ون بوو. لەگەڵ لەچاوونبوونی لێبووکەکان روخسارمان گرژی دای گرت و نیگاکانمان شووشەییانە دەیانڕوانی... پیرەمێردەکەی دووەم بەهاوڕێکەی وت:

باس لە مەملەکەتی تاوان دەکەن.

– ئەو مەملەکەتە لە کوێیە؟

– وتیان نەمانبینیوە

– ئەمە گرینگ نییە... بەڵام دەکەوێتە کوێوە... لە کوێیە؟

– لەوانەیە لە خەونەکاندا بوونی هەبێت...

– ئاخۆ هێشتا توانای خەونبینینت ماوە؟

– نەخێر بێگومان من تووشی بیرچوونەوە هاتووم.

– وای نابینی ئەوانە خێو بووبێتن....



– کێ؟

– ئەوانەی باسیان لە مەملەکەتی تاوان دەکرد.

– دەشێ وابن... هەروەکو خێوی رەنگاورەنگ وابوون.. بەڵام لەناکاو بوون بەتارمایی!؟ چی دەڵێی....!

بەڵێ بوون بە تارمایی بنەوشەیی و لەچاو ون بوون هاورێ بابرۆین بۆ لای دارەمەیتەکە... ئاو و هەوا ساردی کرد.. بابرۆین لە رێگەدا بەرەو دارەمەیتەکە دوو لاوەکە بەهەمان گاڵتەجارییان قسەیان دەکرد یەکەم لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئاسمان وتی:

– ئاخۆ دەتوانی وێنەی ئەو پەریانە بکەیت کە بەشکۆدارییەوە بەسەر گەردوونەوە دەرۆن !

– من پەریی راستەقینە دەبینم... هەرچی ئەستێرەکانە جۆرێکی ترن... تەنیا چەند مروارییەکە دەبریسکێتەوە.

– کێ دەزانێ لەوانەیە دیسانەوە جنۆکەیش ببینیت.

– بڕوا بکە... گەردوون هەرگیز لێ خاڵی نییە.... کەس لەم گەردوونە تێ ناگات...

– چاکە... دەتوانیت خۆت لەم چارەنووسەی ئێستات رزگار بکەیت!

– لەوانەیە....

– بەو بۆنەیەوە لەکەیەوە ئێمە لەناو ئەم دارەمەیتەداین...؟

– نازانم... من هەست بەکات ناکەم.

دیسانەوە بۆ ناو دارەمەیتەکە گەڕاینەوە... تاریکییەکی ئەنگوستەچاو داهات و چرا بچووکەکان پێکران.. لەگەڵ رۆیشتنی ماشێنەکەدا، بەشێوەیەکی نەخوازراو، جۆرێک لە مێرووژانە و بێدەنگیمان تووش دەهات، تەنیا لاوە قۆزەکە نەبێت کە بەگەرمی خەریکی نیگارکێشان بوو، پاش گەشتێکی درێژخایەن ماشێنەکە وەستا... ئەم جارەیان لە زەوییەکی فراوانی لەوەڕگە و خامۆشدا دابەزین... لەپڕدا هەمان خێوی کریستاڵی کە لە دوا جاردا بینیمان دەرکەوت... لێمان نێزیک بووەوە پاشان هێدی هێدی لە دووری چەند مەترێک لە شوێنی وەستانمان راوەستا.. خێوەکە

بەهێواشی بەمرۆڤێکی جوان و بێوەی گۆڕا کە روخسارێکی پیرۆزمەندانی پێوە دیاربوو لە هەردوو پیرەمێردەکە نێزیک بووەوە و بەدەنگێکی نەرم لێی پرسین: ئاخۆ گەشتەکەتان ماندووی نەکردن.. بەیەک دەنگی وەڵامیان دایەوە:

خەریکین چەشە لە ئازارەکانمان وەردەگرین... راهاتووین.. وەکو هەر ئاژەڵێک... خێوەکە بەسۆزەوە دەستی بەسەر شانی هەردوو پیرەمێردەکەدا هێنا... بەبڕواوە چەند هەنگاوێکی کورتی هەڵێنا خۆنەویستانە بەخێرایی بەدوایدا چووین هەروەکو ئەوەی دەربازبوونمان لەو گەشتە ئەفسووناوییە ئازاراوییە لەم زەوییە لەوەرگەیەدا لەسەر دەستی ئەودا بێ... پاش قۆناخێک رۆیشتن بەدەریاچەیەک گەیشتین شلەیەکی رەشی بەرەنگی چڵپاوی تێدابوو... خێوەکە بەپەنجە وردیلەکانی بەڕێگەیەکی سەیر و خێرا ئاگرێکی کردەوەو بەرەو دەریاچەکەی هەڵدا کە لە چەند خولەکێکدا بڵێسەی سەند و لە چەند چرکەیەکدا گڕدانێکی راستەقینەی لێ کەوتەوە، بەترس و تۆقینەوە پاشەکشەمان کرد.. شوفێرەکە شڵەژا و هەوڵی هەڵاتنی دا، بەڵام بەهەمان شێوازی توێی چیرۆکەکانی هەزارویەک شەوە هێزیکی شاراوە لوشی دا و تووڕی دایە گڕدانەکەوە و پاشان بۆ هەتاهەتایی توایەوە.

پیاوە خێوەکە نەخشەیەکی گەورەی دروستکراوی لە پێستی ئاسکەی دایە دەستمەوە و وتی: هێمن بەرەوە.. تەماشای ئێرە بکە... تۆ لە نێزیک شاری ئارانچای... باسی چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شارەکانیان بکە... نەخشەکە بەئاشکرا و جوان دیاربوو... شادییەک ناخمانی هەژاند وای لێمان کرد هاواری کامەرانی بەرز بکەینەوە... پاش ئەوەی خێوەکە بوو بەتیشکێک لە کریستاڵ بەهەمان شێوەی لە توێی چیرۆکەکانی هەزارویەک شەودا هەیە لەناوەند دەنگی هەردوو لاوەکە و ناڵینەکانی دوو پیرەمێردەکە و بەباداچوونی کاخەزەکانی لاوەکە هەروەکو پەپوولەی سپی لە چاوان ون بوو هەریەکێ لە ئێمە خەونی بەشارەکەی خۆیەوە دەبینی، بەهێز هاوارم کرد بۆ ئارانچا دەگەڕێمەوە...

بەرەو خوشەویستی، بەرەو یادگارییەکان، بۆ لای دۆستەکانم، یەکێکی تر وتی: خوایە، بۆ شاری



کالح.. کالحی خۆشەویست دەگەڕێمەوە... ژنەکە بەچەند جووڵەیەکی نەرمونۆڵ و سروشتییانەی ورووژێنەرەوە دوا و وتی:

وای بابلی خۆشەویست..

پەراوێزی نووسەر:

١- ئارانچا: ناوی بابلی کۆنی شاری کەرکووک

٢- کالح: ناوی دێرینی شاری نەمرود پێتەختی ئاشوورییەکان.

پەراوێزی وەرگێڕ:

(١) لێرەدا نووسەر پاسەکەی _ ترومبێلەکەی بەچوارگۆشە ناو بردووە.. دیارە ترومبێلی چوارگۆشە بوونی نییە بگرە لێرەدا وەکو رەمزێک بۆ (ماڵ _ خانوو) کە لە شێوەی سەندووقێک یان زیندانێکدا چواندوویەتی مەبەست ژیانە لەژێر سیستەمێکی نادیموکراسی و دیکتاتۆری وەکو رێژیمی روخاوی سەدام و بەعس کە گشت هاووڵاتییانی عێراقیان بەگشت نەتەوە و رەگەز و تەمەنێکەوە لە زیندانێکی گەورەدا بەند کردبوو لە چەند جووڵەیەکی سنورداری ناوەند ئەو زیندانە و دەوروبەری ئازادی و دیموکراسی لێ زەوت کرابوو بۆیەش ئەم چیرۆکە وەکو زۆربەی چیرۆک و رۆمان و شانۆگەرییەکانی رەمزییانەیە.

دیارە دارەمەیتیش چوارگۆشە نییە بۆیە ئەمەیش نیشانەیەکی ترە بۆ گۆڕی زیندووەکان لەناوەند ماڵەکانی خۆیاندا.

٢- نوزی، ئارانچا، ئارابخا چەن ناوێکی مێژووین بۆ شاری کەرکووک لە قۆناخە جیاوازەکانی فەرمانڕەواییە سیاسییەکانی ئەمپراتورییەکانی پێش مێژوو.

(٣) لێرەدا لە دەقە عەرەبییەکەدا وشەی (پمە) هاتووە کە زیادە و هەڵەی چاپە

سەرچاوە: رۆژنامەی (الجمهورية)ی بەغدادی ژمارە (٨٢٩٨) ی دووشەمە ١٩٩٢/٩/٢١ _ ل ٥

چیرۆکی وەرگێڕاو

ئەلکسـەندەر گومس

# هەموویان باسی تەنگژەی ئابووری دەکەن

لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دوورگەیەکی بچووک

من خەڵکی چ وڵاتێکم؟ یەکێک لە فرۆشیارەکانی بازاڕی بەندەری ئامۆرۆگۆس لێی پرسیم، کە دەکەوێتە رۆهەڵاتی کیکالدە. من وەڵامم دایەوە " Germany". ئاخ " : Merkel! Well, yes, Mer-kel,' ئەو وەڵامی دامەوە. پاشان گوتی : Merkel is female Hitler. واتە مێرکل. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، کچی هیتلەرە". تکایە بیرەیەکم بدەرێ. هێشتا ئێواران کەمێک ساردە، کۆتاییی مانگی ئەپریلە.,' F ماوەی ١٦ ساڵە لێرە دەژی، براکەی لەگەڵ کچێکی پۆلۆنی خێزانیان پێکەوە ناوە و دایکی کچەکە لەم دوورگەیە کار دەکات، ئەویش هەر بۆ کارکردن هاتووەتە ئەم دوورگەیە. بەم زووانە وەرزی بەهار تەواو دەبێت، چیی تر F یش کاتی نابێت لەگەڵ کڕیارەکانی چەنەبازی بکات.



دەبێت ڕۆژانە ١٠، ١٢ یان ١٤ سەعات کار بکات و خزمەتی کڕیارەکانی بکات. دەبێت نیوەشەویش بچێتە گوندە شاخاوییەکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشتیارە جوانەکاندا ئاهەنگ و بەزم بگێڕێت. یان لەسەر کەناری دەریاکە، خەریکی دانسکردنە. ئەو هیچ کاتێک شەوان ناخەوێت، هەروەک خۆی دەڵێت.

تەنگژەی ئابووری، هەموویان لەبارەی تەنگژەوە قسە دەکەن. F قوومێک لە بیرەکەی دەخواتەوە، لەلای ئەو هیچ تەنگژەیەک نییە. لە هاویندا لەسەر کەناری دەریا کار دەکات، ئەم ناوچەیە پڕ دەبێت لە گەشتیار، لە زستانیشدا دەچێت ماڵ بۆ گەشتیارە دەوڵەمەندە سوێدی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزەکان دروست دەکات. بەڵێ ئەو حەز دەکات لەگەڵ ئەلبانییەکان کار بکات. یۆنانییەکان پێش ئەوەی دەست بە کارکردن بکەن، نیو سندووق بیرە دەخۆنەوە و ئینجا دەچنە سەر کارکردن.

براکەی F جەژنی لەدایکبوونیەتی. ئێمە لەسەر کورسی دانیشتووین و ڤۆدکای پۆلۆنی، بیرەی بەلجیکی، ئارەقی پسیمەنی کە خۆی دروستی کردووە دەخۆینەوە.

لێرە بە زمانی ئەلبانی و یۆنانی و ئینگلیزی قسە دەکرێت. هەموو ژمارەی دانیشتوانی دوورگەکە ناگاتە ١٨٠٠ کەس و نزیکەی ١١ سەعات بە بەبەلم لە ئەسیناوە دوورە.

## شارێکی دوو ڕوح

دوو هەفتە پاشتر، ئەسینا هەموو جۆرە دەنگێکی تێدا دەبیسترێت. بەرز، گەورە، نەخۆش. C ماوەی چل ساڵە لێرە دەژی، لەلای دایکی دەژی، کە دەکەوێتە گەڕەکێکی باکوری ئەسیناوە. هەموو مووچەکەی بەشی ئەوە ناکات کە خانوویەکی پێ بگرێت. زۆرجار وەکو ئەو کەسانەیە کە تەنیا ژیانیان لەناو تەکسیدایە، بە پێکەنینەوە ئەم قسەیەی کرد. فرانک بلاک گۆرانی Where is my Mind? دەچڕێت.

ئێمەش گەیشتینە مۆزەخانەی ئەکرۆپۆلیس. دەرەوە تاریک بووە، زۆر بە زەحمەت لە پەنجەرەکەوە دەرەوەمان دەبینی. کاتێک سەیری مۆزەخانەکەم کرد، ڕێک وەکو ئەوە دەهاتە پێش چاوم، کە ئێستا دروست کراوە. سێ هەزار ساڵ، شەڕ، ناخۆشی، جوانی. پاشان سەیرم کرد، گۆڕەپانی سینتاگمام کرد، پڕبووە لە پاشەڕۆ و پیسایی. بەشێکی زۆری شەقامەکان گیراون ناهێڵن کەسی پێدا بڕوات، گوێم لە دەنگی ناو لاسرکییەکان بوو. کاتێک گەیشتمە گەڕەکی ئەکسارشیا، خەڵکێکی زۆرم بینی بەرەو ناو شار دەڕۆیشتن. ئێمە بە قەراخی شەقامەکەدا خۆمان گەیاندەوە هۆتێلەکەمان. لە بالکۆنەکەوە سەیری باخچە جوانەکانم کرد. لە خوارەوە ڕوحە خراپەکان نامێنن و دەنگی ماتۆرە ڕەزاگرانەکانیش نامێنێت.

## دارستانەکەی ڕۆهەڵات

کاتێک لە فرانکفۆرت ئۆدەوە بەرەو سنوور دەچیت ، یەکەمین شت کە دەیبینیت. سڵنگەکانن. ئێمە

لە ڕێگەداین و دەمانەوێت بچین بۆ ماسورێن. سەرەتای مانگی شەشە. چەند سەت مەترێک لەسەر ئۆتۆبان دەڕۆین و پاشان لە یەکێک لە بەنزینخانەکاندا لادەدەین. هەموو شوێنێک پڕیەتی لە کەلوپەلی باخچە. لە هەموو شوێنێکیشەوە قەرەباڵخی دەبینین. گۆرەپانی یاری " وارشۆ / پراگا" خەریکە تەواو دەبێت. نێزیکەی ٥٨ هەزار کەس دەگرێت. چوار ریستۆرانتی تێدایە. ٩٦٥ توالێت. هەر لە پەنا ئەم گۆرەپانەشدا . بازاڕێکی شەعبی گەورەی تێدایە، کە هەموو شمەکێکی تێدا دەفرۆشرێت، وەکو جلی مارکە گەورەکان، کە ساختە کراون، یان سیدی و تەنانەت چەکیشی تێدا دەفرۆشرێت. ناوی ئەم بازاڕە شەعبییەش ئەوروپایە.

J دەڵێت. کەس نازانێت پاش یارییەکانی جامی ئەوروپا چی لەم گۆڕەپانی یاریکردنە دەکەن. ئاخۆ ئۆتۆبانەکە هەتاوەکو کاتی یارییەکان تەواو دەبێت؟ ئەو باوەڕ ناکات.

هەروەها ئەو پارەیەی کە داشدەنرێت بۆ ئەوەی بەسەر ئەم ئۆتۆبانەدا تێپەڕیت، بۆ پۆڵۆنییەکان زۆرە. بەڵام لە کۆتاییدا ئێمە تەنیا بە نیو سەعات دەتوانین لە بەرلینەوە بگەینە کرتسی.

نیو سەعاتی کۆتاییی ئێمە بەناو چڕە دارستانێکدا تێ دەپەڕین. لە گوندەکانی نێزیک ڕێگەی وارشۆدا، نێزیکەی ١٥ ڤیلای ملیۆنێرەکانی وارشۆ دەبینین. هەموو ڕۆژێک ئەم شوێنانە پاک دەکرێنەوە. هەر ڤیلای ٢٥٠ هەزار ئویرۆی تێ چووە. لە نێزیکەی (تانتا، ئێمامە)دا، هەموو ڤیلاکانی ئەم گوندە فرۆشراون. ئێمە لە پەنا ئاگردانەکەدا دانیشتبووین بۆ ئەوەی خۆمان گەرم بکەینەوە و گوێ بدەینە قرچە قرچی سووتاندنی دارسنەوبەرەکانی ناو ئاگردانەکە. دەستمان کرد بە خواردنەوەی شەرابی سووری پۆرتووگالی و بیرەی پۆڵۆنی. ئێمە بە زمانەکانی: پۆڵۆنی، ئینگلیزی، ئەڵمانی. قسەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد.

## پاسە سووتاوەکان

لەندەن، ناوەڕاستی مانگی ئۆگوست. بە دەنگی بەرز هاوار دەکرێت: (وەزعتان باشە؟!). پاسەکان، ئاگر، خۆڵەمێش؟. بەڵێ، ئێمە وەڵامیان دەدەینەوە. ئاخۆ ئێمە بووین بە تەڵەکەوە؟!. لەندەن گەورەیە don't worry. شۆڕشە رۆمانسییەکە بەردەوام دەبێت دیسانەوە ئۆتۆمۆبێلێکی تر دەسووتێت، دووکانە بچووکەکان تالان دەکرێن. هیچ دووکاندارێک لە خۆی دڵنیا نییە. لەگەڵ هەر لەندەنییەکدا قسەمان دەکرد، هەموویان تووشی شۆک و سەرسوڕمان بوون.

( Stop destroying our city واز بهێنن لە سووتاندنی شارەکەمان) ئەمە لەسەر پلاکارتێک نووسرابوو. لەسەر پلاکارتێکی تر بەم شێوەیە نووسرابوو.

(London, please calm the fuck down لەندەن، تکایە واز لەم لەعنەتییە بهێنە).

هۆکستۆن، بووبووە شاری خێوەکان. لە ٨٠٪ی بارەکان، ڕێستۆرانتەکان، دووکانە بچووکەکان، وێران کراون. لە بەردەم دووکانێکی بچووکدا چەن پاسەوانێک وەستابوون. یەکێکیان گوتی:

خەڵکی هەموو شوێنێک دەبینم. Man, I wanna see some people around ئێمەش خۆمان خزاندبوویە پاڵ ڕێستۆرانتێکی ڤێتنامییەوە و لە بەردەم دەرگە شووشەکەیەوە بە ترسەوە سەیری ناوەوەمان دەکرد. شاگردەکە هاتە دەرەوە، هاتە بەردەم دەرگەی دەرەوە گوتی:

لەعنەتان لێ بێت، باوەڕ Damn it. I thought we'd be living in a civilized country." ناکەم کە ئێمە لە وڵاتێکی شارستانیدا بژین.

ئێمە دوو لەندەنی و سێ بەرلینی و یەک پۆلۆنی و یەک ئیتالی و لەگەڵ ئۆسترالییەک و کۆمەڵێک چینی پێکەوە بووین. لێرە خەڵکی ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بە ئەکسەنتی خۆی.

## گارسۆنی بارەکان

لە کۆتاییی مانگی ئۆگوستدا، گەڕامەوە بۆ بەرلین. لە فرۆکەخانە بچووکەکەی تاگل دا، ئێمە بە دوای شاشەیەک یان پلاکارتێکدا دەگەڕایین، کە ڕێگەمان پی پیشان بدات بۆ ئەوەی بزانین چۆن بچین بۆ لای پاسەکان. مەکینەی کڕینی بلیتی شەمەندەفەرەکەی ئەم وێزگەیە، لە هەموو مەکینەکانی تری دنیا هێواشترە.

لە گەڕەکی کرۆیتس بێرگ، توانیمان لە نێوانی مێزەکانی بارێکی کۆکتێلدا، خۆمان دەرباز بکەین و بگەینەوە ماڵەوە. سەرخۆشەکان لە پەنا هەموو دیوارەکاندا میزیان کردبوو، هەر بۆیە ئەم ناوچەیە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێوە دێت. لە بەردەم تەنەکەی خۆڵەکاندا، گەنجە توورکەکان ڕاوەستاون. هەروەک چۆن شاری لەندەن، بووبووە شاری فەیسبووک. (ئەو، ئەو کچەی خۆش دەوێت) F خەڵکی ئامۆگرۆسە و تازە هاتووە بۆ ئێرە. ئێمە دەمانویست شارەکەمانی پێ پێشان بدەین، لە پەنا بنەکەیەکی ئەمەریکاییدا، لەباری نیوکۆڵن، بیرەی چیکیمان دەخواردەوە.

لەم ناوچەیەدا کۆمەڵێکی زۆر سەرمایەگوزاری بێگانەی تێدایە، هەر بۆیە خانووی کرێ زۆر گرانە. هەروەها کۆمەڵێک گەشتیاری زۆریشی تێدایە. هەموو ئەمانەش جێگەی خۆشحاڵیمان بوو.

چەند دێرێک لەبارەی نووسەرەوە
ئەلکسەندەر گومس، Alexander Gumz یەکێکە لە نووسەرە گەنجەکانی ئەڵمانیا.
ساڵی ١٩٧٤ لەدایک بووە. لیرکی ئەڵمانی و کاری وەرگێڕان دەکات. لەبەر کارەکانی کۆمەڵێک خەلاتی وەرگرتووە، بەشێکی زۆری لیرک و شیعرەکانی بۆ چەندان زمانی دنیا وەرگێراون. دوایەمین کاری، لەلایەن چاپخانەی کوک بووک Verlag kookbooks بە ناوی Ausruecken mit modellen چاپ کراوە.
ئێستا لە شاری بەرلین دەژی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سایتی ئەڵمانی.
www. Zeit .de .Kriese, alle reden von der Krise. Alexander gumz. 09.12.2011

هەڵسەنگاندن

شـەهلا ڕوسـتـەمـی

# "وێنووسی ڕەش" یا دەردی جیاوازبوون

و: هـیوا ئەمـانی



دوای وەرگرتنی برێکی زۆر خەڵاتی تەرازی یەکەم، شێری ئاڵتونی و هەروەها بۆ یەکەمین فیلمی (خەتای واڵتێرە) لە ساڵی ٢٠٠٠، چوار سێزار بۆ "خۆبواردن" لە ساڵی ٢٠٠٤ و برێکی زۆر خەڵاتی جیهانی بۆ (دان و ماسی سپی) یان (ڕازی دان) لە ساڵی٢٠٠٧دا، عەبدوڵ تەیف کەشیش، دەرهێنەری فرانسەوی، لەدایکبووی تونس، بە (وێنووسی ڕەش)، فیلمێکە گەلێک مانادار، دەردناک و کاریگەر دەگاتە ئاستێکی بەرزی دەرهێنەری.

عەبدوڵ تەیف کەشیش لەم فیلمەدا بە کەڵک وەرگرتن لە ژیاننامەی (سارتیە بارتمن)، کە ژنێکی گەنجی ڕەشپێستە لەلایەن خاوەن کارە سپی پێستەکەیەوە، لە سەدەی نۆزدەمدا، لە ئافریقای باشوورەوە بۆ بەریتانیا دەهێندرێ تاوەکو هەر گیانلەبەرێکی تری ناو قەفەس لە بازاڕی مەکارەکان بخرێتە بەرچاوی خەڵک، دەچێتە ناو قووڵایی ئەو توندوتیژییەی کە لەلایەکەوە لە مرۆڤێک، دواتر لە ڕەشپێستێک و لە کۆتاییدا لە ژنێک دەکرێ. ڕووداوێک کە لەو سەردەمەدا جگە لەناو بەریتانیادا، تووڕەییەکی دروست نەکرد.

(وێنووسی ڕەش) یان (وێنووسی هاتن تات)، ژنێکی ڕەشپێست بە قەبارەیەکی زۆر گەورە و سمتێکی زۆر زۆر گەورەوە لەناو قەفەسێکدا نیشان دەدا کە لەلایەن پیاوێکی سپیپێست و یان لە ڕاستیدا خاوەنەکەیەوە هەروەک عەنتەرێک، بە زۆر دەیرەقسێنێ. لە کۆتایی هەر شانۆیەکدا پیاوی ڕامکەر داوا لە ئامادەبووان دەکا کە دەستێک بە سمتیدا بێنن. ئەم ژنە زۆر بە سەختی ئەم سووکایەتییە قبووڵ دەکا بەڵام ناچارە کە تەحەمولی بکا و بە یارمەتی ئەلکهول درێژە بە کارەکەی دەدا. بە هۆی ئەو دەنگ هەڵبرینانەی کە لە پارلەمانی بەریتانیادا بەرامبەر بەم دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەر مافی ئینسانیی تاکە کەسێک بووە هۆی ئەوەی کە مەیدان بۆ خاوەن کارە سپیپێستەکە تەنگ بێتەوە، ئەو (وێنووسی ڕەش)ەکەی لەژێر کاریگەریی دەستفرۆشێکی بەرەڵای وەک خۆی، دەهێنێتە دەر و ئەیبا بۆ فرەنسا و ئەم بوونەوەرە، کە بووەتە قوربانیی فێڵبازێکی تر، دەبێتە ئامرازی یاری ئەشراف لە شەونشینییەکانیاندا.

لەودیو وێنە ڕوخێنەرەکانەوە، چ لەناو ئاکادیمی زانستیی فرەنسا کە زاناکانیان دەیانویست لە نێزیکەوە لە هەندێ تایبەتمەندی لەشی ئەو ژنە بکۆڵنەوە و هەر لەم کاتەشدا یەکەمین تئۆرییە ڕەگەزپەرەستانەکانیان داڕشت و چ لە شەونشینیەکاندا، عەبدوڵ تەیف کەشیش، بابەتی جیاوازبوون، کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە مرۆڤەکان، بێ دیفاعی هەندێک لەوانی بە شێوەیەکی زۆر تایبەتمەند وێنا کردبوو بەبێ وێنەی زیادە کە لەناو فیلمەکەی پێشووی (دان و ماسی ڕەش) یان (ڕازی دان) دا دەکەوتنە بەرچاو، نیشاندا. عەبدوڵ تەیف کەشیش لەگەڵ ئەوەی کە نایەوێ شیوەنگێڕ بێ، فیلمێک دروست دەکا کە هەروەک کوتکێک لە مێشکی بینەر دەدرێ. پێداکێشانێک کە تا ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکەی هەست پێ دەکرێ.

پێداکێشانەکە لەم ڕووەوە کە (وێنووسی ڕەش) ئامادە نییە، دوای لێکۆڵینەوە زانستییەکان، پێوانی ئەندامەکانی لەشی، شەویلکە و سەر، ئەندامی زاوزێی بە نرخێکی زۆر پێشانی زانایان و

لێکۆڵەرەوانی ئەو سەردەمە بدا و دوایی ئەو لە پشتیوانیی کۆمەڵگەی زانستی و لە سەرووی هەموویانەوە"جۆرج کوویە"، "ئاناتۆمی ناس" بە ناوی سەرەتای سەدەی نۆزدەم، بەهرەمەند بوو، لەژێر کاریگەریی ئەو شەڕەنگێزە بێ ئەخلاقەی کە کەوتووەتە داویەوە، بە نرخێکی زۆر کەمتر بەهاکانی لە دەست ئەدا و بەپێچەوانەی هەر کەسێک کە بە هۆی شۆڕشەوە زیاتر لە ئازادی نێزیک دەبنەوە، ئەو بە هەر شۆڕشێک زیاتر دەروخێ و بۆ خواستە بێ ئەرزشەکانی (خاوەنەکەی) سەر شۆڕ دەکا، کەم کەم سەر لە شوێنە لەشفرۆشییە کەم بایەخەکان دەردێنێ و دواتر لە تەنیشت خیابان جەستەی نەخۆشی هەڕاج دەکا و بە هۆی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی و ئەو نەخۆشییانەی بە هۆی جووتبوونەوە تووشی بووە لە هەژاریدا گیان لە دەست دەدا.

بەڵام مەیتەکەشی دەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ هۆکاری بەدبەختییەکەی کە دەیفرۆشن بە ئەکادیمیای زانست بۆ لێکۆڵینەوە. پڕ ئازارتر لەوە ئەمەیە کە ژنێک کە لە سەرەتادا بە توندی لە بەشێک لە لەشی خۆی، یان تەنیا بەشێک کە تا ڕادەیەک لەژێر ئیختیاریدا بوو، بەرگری بکا، تەنانەت دوای مردنیشی سالانێکی زۆر دەستدرێژیی دەکرایە سەر، دەستدرێژییەک کە نیگاگەلێک دەیانکرد کە بە دوور بوون لە ڕەزامەندی و خواستی ئەو بۆ ئەو بەشە لە لەشی. بەم مانایەی کە دوکتۆر "کوویە" دوای لێکۆڵینەوە لە لاشەکەی، مێشک و ئەندامە زاوزێ نائاساییەکەی لەناو شووشەیەکی پڕ لە ئاڵکۆڵدا دانا و تا ساڵی ١٩٧٦ لە مۆزەی مرۆڤناسیی پاریس لە بەرچاوی بینەران بوو و دواتر برا بۆ ئەمبار. قاڵبێکی گەچیش کە لە لەشی دروست کرابوو تا ساڵی ١٩٧٦ هەر لەو موزەیە دانرابوو.

لە کۆتای سەردەمی ئاپارتایددا، لە ساڵی ١٩٩٤، سەرۆکەکانی هۆزی (خۆی زان) داوایان لە (نێلسۆن ماندێلا) کرد پاشماوەی جەستەی (وێنووس هاتێن تات) (هاتێن تات بە مانای بوونەوەرێک لە نێوان مرۆڤ و شامپانزەدا، یان ئەڵقەی ونبووی داروین) لە فەرەنسا وەرگرێتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ئافریقای باشوور. لە ساڵی ٢٠٠٢ دا یاسای گەڕانەوەی (وێنووس هاتێن تات) لە سێنای فەرەنسا پەسەند کرا و لە ڕۆژی ٩ی ئوتی ٢٠٠٢، بە بۆنەی ڕۆژی ژن لە ئافریقای باشوور، پاشماوەکانی (وێنووسی ڕەش) لە ناوچەی لەدایکبوونی واتە "کیپ تاون" بە ئامادەبوونی "تابۆم بکی"، سەرۆک کۆمار و هەندێ کەسایەتیی دەرەکی بە خاک سپێردرا.

عەبدوڵ تەیف کەشیش سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشنایی لەگەڵ ژیانی "سارتیە بارتمن" دەڵێ ئەو باسانەی کە لە نێوان فەرەنسا و ئافریقای باشور دەستی پێ کرد سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دوای لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیانی توشی شۆک بوو. لە درێژەدا دەڵێ: "لەگەڵ چونەسەرەوەی تەمەن، من بەرپرسیاریەتییەکی زیاتر لەچاو کەسانی تر هەست پێ دەکەم و چون ئەوە کەسانی ترن کە دەبێ سەمەرەی کاری من ببین، ئەم کارە دەبوو لە پێوەند بە کۆمەڵگەدا بێ و بۆی بەسوود بێ.

لەلایەکی ترەوە من دەمەوێ کەسانی تر لە خەمەکانمدا شەریک بکەم چونکە من لە دەیەی

ئێستادا ڕادەی نیگەرانیم بە بەراورد بە ڕابردوو روو لە زیادبوون بووە و ئەم نیگەرانییانەش کەسانی تر هەستیان پێ کردووە. من بەشبەحاڵی خۆم هەوڵ دەدەم کە بەسەر ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەدا زاڵ بم، ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە بۆ خۆم و کەسانی تر شی و شرۆڤە بکەم. بەڵام لە کۆتاییدا دەبینم کە هیچ شتێکم جگە لە دروستکردنی چەند پرسیارێک نەکردووە.

ئێستا با بزانین ئەو ئەکتەرەی کە بە شارەزاییی تەواوەوە لە قاڵبی "وێنووسی ڕەش"دا دەوری بینی و لەشیشی لەم ڕێگەیەدا یارمەتییەکی زۆری دا کێیە؟ ئەو "یاهیما تۆرس"ی ناوە. لە کوبا لەدایک بووە و پێنج ساڵ لەمەو پێش کوبای بە مەبەستی پاریس بەجێ هێشتووە. عەبدوڵ تەیف کەشیش رۆژێک کە لە ترافی کافەی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی پاریس دانیشتووە "یاهیما"ی کە خەریک بووە لە ناوەوە ڕەت بێ بینیوە.

بەپەلە هاوڕێی یارمەتیدەری بە مەبەستی ئاشنایی لەگەڵیدا نارد، بەڵام چون لەو کاتەدا سەرگەرمی دروستکردنی فیلمی پێشووی بوو، ئەم پێوەندیە بەردەوام نەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٨ جارێکی تر دیدارێکی ڕێکەوتی لە نێوان ئەم دووانەدا ڕووی دا و چون عەبدوڵ تەیف کەشیش لە حاڵەتی هەڵبژاردنی ئەکتەردا بوو بۆ "وێنووسی ڕەش"، بۆ ئەو ڕۆڵە هیچ کەسێکی تر نیدەتوانی لەگەڵ کاندیداتۆڕی "یاهیما" بەربەرەکانی بکا. بەڵام "یاهیما" هێشتا بە پێی پێویست قەڵەو نەبوو و دەبوو لە ماوەی هەشت مانگدا ١٣ کیلۆ زیاد بکا.

دواتر فێر بوو کە چۆن دیالێکتیک "لەهجە" و زمانی خۆی بگۆڕێ تا زیاتر لە کەسایەتی "وێنووسی ڕەش" نێزیک بێتەوە. "یاهیما تورس" دواتر مووی سەری تاشی تا کڵاو گیسێکی لە شێوەی مووەکانی "سارتیە بارتمن" لەسەر سەری دابنێن. ئەم ئاڵوگۆڕانە و ڕۆڵبینینی سروشتیی ئەو ژنە گەنجە بێ پێشینەیە لە سینەمادا، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو فیلمە. فیلمێک کە بووە هۆی ئەوەی عەبدوڵ تەیف کەشیش بگاتە ئاستێکی بەرزتر لە کاری دەرهێنەری و ئاسۆیەکی جیهانی بۆ سینەمای خۆی و فرەنسا بکاتەوە. هەڵبەتە نابێ وێنە زۆر باشەکانی فیلم کە بەشێوەی تابلۆ بەرەو پێش دەچوو لە بیر بەرین.

... وەرگیراو لە سایتی ڕادیۆ فرەنسا ...

ڕانان

یووهان وڵفگانگ گۆتێ

# فاوێست

ئا: زێنەب یووسفی

ئەم کتێبە بریتییە لە ٢ بەش، یەکەمین بەشی لە ساڵی ١٨٠٨و ئەوی تریان لە ساڵی١٨٣١دا بەئاکام گەیشتوونە و لە چاپ دراون.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا درامێکی مەزنە و کارکردێکی زۆری لەسەر ئەدەبی ئاڵمانیادا بووە و گۆتەی شاعیر لە درێژەی تەمەنیدا تا ئەو کاتە کە مردووە، واتە لە تەمەنی ٨٢ ساڵاندا لەگەڵ ئەم کتێبەدا و خۆلیای بەئاکام گەیاندنی ئەم مەنزوومە مەزنەدا ژیاوە.




ئەم کتێبە بریتییە لە ٢ بەش، یەکەمین بەشی لە ساڵی ١٨٠٨و ئەوی تریان لە ساڵی١٨٣١دا بەئاکام گەیشتوونە و لە چاپ دراون.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا درامێکی مەزنە و کارکردێکی زۆری لەسەر ئەدەبی ئاڵمانیادا بووە و گۆتەی شاعیر لە درێژەی تەمەنیدا تا ئەو کاتە کە مردووە، واتە لە تەمەنی ٨٢ ساڵاندا لەگەڵ ئەم کتێبەدا و خۆلیای بەئاکام گەیاندنی ئەم مەنزوومە مەزنەدا ژیاوە.

یەکەمین بەشی وەکو شانۆیک دەس پێ دەکات، شانۆیێک کە هەوڵ دەدات بەهەشت و خوا و

شـەیتـانمان پێ بناسـێنێت. شـەیتان لە خوا داوا دەکـات کـە مـەجالی بداتێ لە پاکی و ناپاکی، فاوێست، بەندەی خواپەرەستی، تێ بگەیت و دەرفـەتی بداتێ کە ئەو لە هەموو بارێکەوە تاقیی بکاتەوە.

فاوێست ئێستا زۆر بەتەمەنە شەیتـان کە لێرەدا ناوی، "مـێفیستـۆفلێس"، دەیەوێت لەگەڵ فاوێستـدا مـەعامـەلەیەک بکات. "ئەگەر فـاوێست بیـەوێت تـەنیا بۆ یەک سـات، لەگەڵ شـەیتـاندا هاورێیـەتی بکات، بێگومـان ڕوحی لە جـەسـتـەی هەڵ دەفـڕێتـە ئاسمانەوە و دەمرێت".




فـاوێست بۆ گـەیشتن بـە هـەندێ لە داخـوازەکـانی خـۆ و هەروەها ڕێک کەوتن لەگەڵ شـەیتاندا، گەنج دەبێتەوە و لەگەڵ مێفیستۆفێلیس لە ئەم دنیایەدا سەفەر دەکەن، بەو ئامانجە کە بەڵکو و لە خۆشییەکانی دنیا بەگشتی، تێ بگەیەت. لە شـوێنێکدا عـاشـقی کـچـێکی جـوان دەبێت بەناوی، مـارگێرێت، دواتر خیـانەتی لێ دەکات و خیانەتەکەی ئەو بەرانبەر بە کچەکە دەبێتە هۆی مردنی کچەکە.

مێفیستوفلێس وا هەست دەکات کە دەتوانێت ڕوحی کچ داگیر بکات، بەڵام ڕادەی خۆشـەویستـییەکـەی مارگێرێت بەرانبەر بەفاوێست و هەروەها کوڵنەدان و داخـوازەکـانی شـەیتـان دەبێـتـە هـۆی مـردنی مارگێرێت و لە ئەم ڕێگەوە ئەو لە دەستی شـەیتان ڕزگاری دەبێت. بەڵام فاوێست هێشتا لە بازنەی شـەهوەتاکـانیدا لە سـووڕاندایە و لە شـتـێک دەگەڕێت کە ئارامی پێ ببەخشێت و دەروونی تێر بکات.

بەشی دووەمی شـانۆ، بە شـیـعـرێکی بەهێزی فاوێستییەوە دەس پێ دەکات، ئەو شیعرە واتایەکی فـەلسـەفـیی هەیە و لەگـەڵ یەکـەمین بـەشی شـانۆدا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

لێرەدا فاوێست لە کـامێرای بۆچوونەکانی ئیدەئالیزمـەوە دنیا هەڵدەسـەنگێنێت و تاقییـان دەکـاتەوە، بەڵام هێـشـتـا لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کـە خـاڵە نەدۆزراوەکـەی ژیانی، بدۆزێتـەوە، ئەو تەنانەت لە ئەوینی کـچێکی تریش بەناوی، هێلن ترواداا، ناتوانێت خـاڵە ونبـووەکـەی ژیانی کـە

بووەتە هۆی سەرگەردانییەکانی لەم دنیایە، بدۆزێتەوە و کێشەی دەروونیی خۆی چارەسەر بکات.

لێرەدا مێفیستوفلێس، لە فاوێست نائومێد دەبێت. فاوێستی ماندوو، سەرلەنوێ پیر دەبێتەوە و حەز و هەستێکی نوێی تێدا دروست دەبێت، حەزێک بۆ ئاوەدانکردن و کشتوکاڵی زەوینەکانی قەراخی زەریا.




لەم کاتەدایە کە فاوێست هەست دەکات ئەم خولیایە هەستێکی نوێ و زۆر شیرینی تێدا دەخولقێنێت.

مێفیستوفلێس بەڕاستی تێ دەگات کە ناتوانێ ڕوحی فاوێست داگیر بکات.

چەندان جار هەوڵ دراوە فاوێست بەڕێک و پێکی بکرێتە شانۆ، بەڵام نەکراوە، چونکە ئەم بەرهەمە ئەدەبییە لەباری شانۆگەرییەوە زۆر بەربڵاوە و پێویستی بە دەسەڵاتێکی زۆرە بۆ دروستکردنی.

گۆتە لە ساڵی ١٧٤٩ لە شاری فرانکفۆرتدا، لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و دەوڵەمەندا هاتە دنیاوە. بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە زانکۆدا قوتابی بوو، لە ١٧٦٧دا یەکەمین بەرهەمی خۆی بەنێوی، هاوڕێیانی گوناحکار، نووسی و لە ١٧٧٣دا دەستی کردە نووسینی شاکارە ئەدەبییەکانی. چەندان ڕۆمان و مەنزومەی جوانی نووسی و بەم جۆرە دواتر توانی جۆری نووسین لە گێڕانەوەی فاوێستدا بۆ خۆی دابین بکات.

جگە لە کاری ئەدەبی، ئیشی رامیاری و هەروەها گیاناسینیشی کردووە. لە ساڵی ١٧٨٩ کتێبێکی لەبارەی گیاکانەوە نووسی و لە ١٧٨١ تا ١٧٨٢ دوو جلد کتێبی لەبارەی زانستی نوورەوە نووسی. لەبارەی ئەفسانەی پەرییەکانەوە چیرۆکی زۆری نووسی و لە ١٣ ساڵی ئاخری تەمەنیدا دەیان شانۆ، دوو ڕۆمان کە یەکێکیان، ،ئاخلیئووس نامە،، یەو چەندان سەفەرنامە و دیوانە شیعری تریشی نووسیوە، فاوێست لە ئاخرین ساڵەکانی تەمەنیدا توانی سەرکەوتووانە ئاکام بهێنێتە مەنزومەی فاوێستدا و دووەمین بەشی تەواو کرد.

سەرچاوەکان: سایتی کتێب و ناساندنی کتێب، مەنزومەی فاوێست

كۆنەدەفتەر

كاوس قەفتان

# فەرمانێكی بچووك

١

پەنجەی خەواڵو خۆیدا بە زەنگەكەدا، وەكو مووی بۆ سووتێنرا بێت هاتە ژوورێ، ڕاست، قیت لەوە دەچوو بۆ خەتكێشان دروست كرابێت. ڕەق سەخت دەمارێكی ڕووی بەگاز و نوقورچی دەرزەنێک مێش و مێشووله نەدەجووڵا، دەست لە لاجان گیربوو، بوو بە نۆ!

* بەڵێ گەورەم!

باوێشكێكی سست بەرە بەرە كشا، دەمی نەهەنگ كەوتە ڕوو.

– بە ناخێرت بەم بەرەبەیانە ئەم سەر و فەساڵەت بۆ لە بەردەمما قوت كردەوە؟ هەر تۆم كەم بوویت!

* قوربان زەنگت لێ دا.

– من..! ئا... ڕەنگە ڕاست بكەیت!

* ئەبێ شتێكی گرینگ بێت!

– گرینگ؟ بۆچی دەبێت گرینگ بێت؟ زەنگیش زبانی لێ ڕووا؟ ها.. ڕەنگە گرینگیش بێت! ڕاست بۆی چوویت گرینگە! دایكی منداڵەكان...! ئاخ!

دەمارە ڕەپبووەكانی لاجانی گوشی.

– ئەم سەرێشە دووابڕاوە! ئێ.. دایكی منداڵەكان وتی...! ئۆف!

* گەورەم سەرمایە و کۆڵنجە.. کۆڵنجە و هیچی تر! بفەرموو دەتشێلم و ناوشانت بۆ نەرم دەکەمەوە!

– دەمت داخە و هێندەی تر قسەکەم لە بیر مەبەرەوە.

* بەڵێ گەورەم! کلیلی دەم بەدەست جەنابتانەوەیە.

پەنجە لە لاجان توند کرایەوە، لە دەمانچەیەکی لە گۆشت و ئێسقان دروستکراوی دەکرد.

– نا بێ سوودە لە بیرم چووەوە. لاچۆ لە بەرچاوم غەزەبی خوات لێ کەوێ!

* غەزەبی خواش هەر بەرەکەتە گەورەم...!

– ها..!

* کە لە دەمی جەنابتان بێتە دەرێ.

– ڕاوەستە گەوجە! بۆ کوێ؟

* فەرمووت ملم بشکێنم و بڕۆم.

– هەی کەری چوارپێ! نا.. سوودی نییە.. بە قەلەمونی لەدایک بوویت و هەر بە قەلەمونیش دەمریت.

* ڕاست دەفەرموویت. هیچ نەبێ باشترە لەوەی کەڵەشێر بم.

– ئای.. ئای.. قەسەم بەخوا خەریکی فێر دەبیت.. خەریکی فێر دەبیت!

* بەڵێ گەورەم.

– ڕاوەستە ویستم چی بڵێم.

* فەرمووت ملت......

– ڕاوەستە وا بیرم کەوتەوە. ئا دایکی منداڵەکان وتی... وتی....

* فەرمووت وتی...

– نا لە بیرم چووەوە.. ئەمە مێشکە خوا داوێتی بە من؟

* نەخێر!

– ها... چیت وت؟

* وتم دایکی منداڵەکان فەرمووی...!

– ئا.. بەڵێ.. فەرمووی.. ڕاوەستە! قوتابخانەی (...) دەزانیت؟

* دۆزینەوەی ئاسانە!

– حەقی چەپڵەیەکت هەیە. کەواتە.. جارێ بچۆ داوای چایەکی خەلیسم بۆ بکە، بەڵام ڕاوەستە.. دوایی

* بەڵێ دوایی
– دوای ئەوە بچۆ بۆ ئەو قوتابخانەیە، مامۆستایەکی لێیە.. ناوی.. ناوی (فلانە).. بیهێنە.. بێ وەستان بیهێنە.. نەکەی لە بیرت بچێت!
چاوی لە ئاگردانی پڕ ژیلەمۆی فڕی، لە هەمان چاوداگرتنی جارانی دەکرد.
* بەڵێ گەورەم.. یازوخ نییە لە بیرم بچێت.
– دە یازوخم کرد بە گەرووتا خێرا بڕۆ و ماشێنەکەش بەرە.
* بەڵێ گەورەم.
شارە زەردەواڵە لە چاوەکانیدا ورووژابوون. ئێش و ئازاردان سەمایان لەناو دەکرد.

٢

بالای بەرز نەختێکی مابوو سەری بدا بە دەرگەکەدا. دڵی خۆش شەپۆل لە دوای شەپۆلی دەپرژان. دەستە جلی نوێ ئەوە نەبوو زمانی لێ نەڕوێت و هاوار نەکات کە نوێیە... کە نوێیە!
– ئەوە چۆنە ئەمڕۆ وەها زوو هاتوویت؟
– گوایە ژنهێنان دەست بەرداریيە لە هەمووان؟
– هێشتا ماوتە.. هەتا ئێوارەت ماوە..
ئەوسا خۆت فڕێ دەدەیتە ناو ئەو بەندیخانە دیوار لە زێڕ دروست کراوە!
– لەسەر سەرم... منیش وەکو ئێوە!
– بەش بە حاڵی خۆم لە دڵەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم.. دەزانم چەند تاڵیت کێشا تا بەم ڕۆژە گەیشتی.
سنگی دەرگە بە چەپۆکێکی قایم داقلیشا و کەوتە سەر پشت.
– مامۆستا (فلان) کێیە؟
لێوەکانی مامۆستا بە ختووکەیەکی پێکەنین کرانەوە.
– منم.. فەرموو!
– خۆت کۆکەرەوە و پیاسەیەکە و هیچی تر!
چاوێلکەکەی خزا و لە تەوقی سەری لووتیدا دانیشت.
– خۆم کۆ بکەمەوە؟ چی قەوماوە؟ لە گەرماون یان ژووری نووستن؟ نابینی پۆشتە و ئامادە.. پاک و تەمیز وەستاوم!
– دە کەواتە با بڕۆین پیاسە بکەین.
ختووکە بوو بە مووچڕک

- ڕاوەستە تۆ کێیت؟

ڕوویەکی سەختی گرژ، دوو چاوی لە کەلەپچەچووی هاتە بەرچاو

- من کێم؟ با بڕۆین ئەوسا پێت دەڵێم.

چەناگەیەکی وەکو تۆپێکی یەک لەسەریەک تەقیوی دی.

- با دایکم ئاگەدار بکەم ئەگینا!

- ئەگینا؟

- .....

- مێشکی ئەم خەڵکە کون دەکات ئەگەر دوا بکەوم.

- با کونی کات! بێ دەمکردنەوە شوێنم بکەوە.

چاوەکانی کە ترس تێدا کەوتە لەرزین ئاراستەی هاوڕێیەکەی کرد.

- با هیچ نەبێت دەستگیرانەکەم ئاگەدار بکەم.. بەخێر ئەمڕۆ دەیگوێزمەوە.

- دەستگیران و گواستنەوە.. ها..! باشە.. وتم بابڕۆین!

بەسەر چاو.. بەس.. زۆرمان پێ ناچێت؟

- دڵ لە دڵ مەدە.. یەک دوو پرسیارە و هیچی تر!

- پرسیار..؟ خوای گەورە.. ئەوەندەی لە وەڵام ترساوم دە ئەوەندە لە پرسیارکردن تۆقاوم.. من!

- وتم بابڕۆین!

ماشێنە ڕەشەکە کە لەسەر شەقامەکە دەیویست ڕووناکیی ئەو بەیانییە قووت بدات.

- بۆ کوێم دەبەن؟

- دەمت داخە! ئەگینا بە زووخاوی ڕەش بۆت دەئاخنم.

- ها..! ئای... واز بێنە.. دەست هەڵگرە بۆ کوێم دەبەن.

مستەکۆڵەیەکی پڕ بەدەم بە دەم و دانی دانووسا.

هەوا بە فرمێسکی تەریقی تەڕ بووبوو یەقی دەدایەوە. پەڵە هەورە حەپەساوەکانیش وەکو بەدەستڕێژ شوێنیان کەوتبوون ڕایان دەکرد.

- وازم لێ بێنن... پەردەکان لادەن.. با دنیا ببینم!

- دنیا.. گەوجە دنیا بە چ کەڵکێکت دێت؟ ها بەخوا گەوجی!

- پەردەکە لەسەر چاوم لادەن با خەڵکی ببینم!

لە درزی پەردە ڕەشەکەوە.. لەسەر شەقامەکە بتەکان دەهاتن و دەچوون، چاوە لە بەرد دروستکراوەکانیان، گوێچکە لە تەختە داتاشراوەکانیان، زبانی کولبووی براویانی دی.. بە

چاوی خۆی داشی دامە داڕزاوەکانی دی دەجوولانەوە.

- دەڵێم وازم لێ بێنن.. دەستم دامێنتان با تۆزقاڵێک ڕووناکی ببینم.

ڕووناکی تەلاق درا، چەپۆکێکی لە هەساندراو لێوەکانی دوو کەرت کرد، خوێن تکایە سەر کراسی لە ئوتو دراو.

- لە پای چی؟ پێم نالێن بۆچی؟ چیم کردووە؟

- بە بەگ بڵێ!

- کام بەگ!

شریخەی پێکەنین گوێچکەی تاساوی زرنگانەوە!

- بەگ ناناسێت.. ئای بەگ ناناسێت.. ئای.. ئای!

٣

ژوورەکە لە ڕەقیدا ئەوەندەی تر تاریکی دەنوان. چرایەکی کز خۆی بە ڕۆژ نەدەگۆڕییەوە.

- باشە خێرا بڵێ کێن؟

- چی کێن؟

- ئەمەیە گەوج.. دەبخۆ!

- ئاخ.

چڕنووکی پشیلەیەکی هار ڕووی کران گۆشتەکەی دەگەزی و دەگەزی

- بڵێ

- چی بڵێم؟ پێم بڵێ چی بڵێم! ناوی دێو و درنج بێنم یان هی خێو و جنۆکە!

- بگرە

- ئاخ.. نازانم لە شێتخانەکەم یان لە گومەزی شێخ و مەشایەخ؟. چی بڵێم چی؟

پەنجەی بوو بە ئارد. گۆشتی ئەوە نەبوو پارچە نەبێت بەشیشەوە نەکرێت یان بۆ قووتوی سەر مۆر ئامادە نەکرێت!

- بۆ خۆت باشە.. خێرا باسیان بکە و ببڕێتەوە!

خۆزگە.. هەزار خۆزگە دنیای دەدی.. خەڵکی دەناسی.. نەک بۆ ئەوەی خۆشی بوێن بگرە تەنیا بۆ ئەوەی ناویان بهێنێ و بیانخاتە ئەم تەڵەیەوە! ناوێکی بێتەوە یاد و لەم ئێسکهاڕینە ڕزگاری بێت.. ئای.. سرە هاتە سەر ئەمیش!

- ئاخ.. ئاخ..

پۆستاڵ و تێلا بەسەریا باری، دنیا و خەڵکی ون بوون و لە گێژاوێکی شێتبوودا نووقم بوون!

دیواره تەڵخە تەڕەکە بەرە بەرە لە بەرچاویا دەردەکەوت، لاقی کەوتە جووڵاندن، بەڵام گاجووتی پێوە بەسترا بوو، میزڵانی ترس و ئازار لە دەروونیدا تەقییەوە!

– ئاگات لێی بێت تا دەچم نوێژ دەکەم و دێمەوە!

– بڕۆ بۆ منی دانێ!

– ئای بمگەنێ.. بمگەنێ!

هەستی کرد بوو بە پەڕۆ.. خۆزگە مەڕ دەبوو، هیچ نەبێ تا ئەو ساتەی تیا سەر دەبڕرا بێ ئازار دەژیا.

– ئای خۆ مەڕیش نیم.. خۆ مەڕیش نیم.

دیواری تەڵخی دڵڕەق زوو هاوارەکەی هەڵمژی.

٤

زەنگەکە لێ درایەوە مووەکە هەڵپروزکایەوە، لەناو دەرگەکەدا نۆیەکە مەستەرەکە، جارێکی تر قووت بووەوە!

– ناجسن.. هەی گەماڵی گروێ.. هەی...! پێم نەوتی دایکی منداڵەکان...!

* بەڵێ گەورەم دوێنێ فەرمووت دایکی منداڵەکان..!

– دەمت بە مێش و مەگەز پڕکە و...!

* گەورەم نەمزانی دایکی منداڵەکان چی فەرمووە!

– کورە ماڵ کاول سەری کون کردم.. کوا مامۆستاکە

* کام مامۆستا...؟ ئا.. بەڵێ هەر کە فەرمووت چووین و هێنامان... بەس!

– بەس.. بەسی چی! ئەی نەتهێنا؟

* ویستم گەورەم.. ویستم بە پاککراوی بۆتانی بهێنم.

– کێ بە پاککراوی بهێنیت؟ مامۆستاکە؟

* بەڵێ گەورەم ڕاست بۆی چوون!

– ئای.. خوایە...!

* مەترسە قوربان.. تەنیا گازەرای پشتی و هیچی تر..!

– ماڵوێران... هەی قەلەموون.. بەدبەخت ئەمویست بڵێم کە بیهێنیت دەرس بە کچەکەم بڵێت دەرس بە کچەکەم بڵێت!

لەم سەرچاوەیەوە گوستراوەتەوە: کۆواری بەیان، ژمارە ٨، ١٩٧٣، بەغدا ل: ١١ تا ١٣.